# له ژێر ساباتی شیعری پەشێو دا

سەدیق سەعید ڕواندزی

٢٠٢٣

★ ناوی کتێب: لە ژێر ساباتی شیعری پەشێو دا.

★ بابەت: خوێندنەوەی شیعرەکانی پەشێو .

★ ناوی نووسەر: سەدیق سەعید ڕواندزی .

★ بەرگ:. تەیب موعتەسیم .

★ نرخ: ٣٠٠٠ دینار .

★ نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم _ ٢٠٢٣

★ ژمارەی سپاردنی بە ژمارە (          ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان پێدراوە.

★ چاپ: کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەی خانی _سۆران.

پێشەکی: _

ئەم کتێبە، لە کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی پێکهاتووە، کە هەموویان لە بارەی شیعری (عەبدوڵا پەشێو) ن. وتارەکان هەندێکیان پێشتر بڵاوکراونەتەوە و هەندێکی تریان تازە نووسراون و بڵاو نەکراونەتەوە. بە گشتی هەموویان دەچنە خانەی خوێنەوەی ئەزموونی شیعری یەکێك لە ئەستێرەکانی ئاسمانی شیعری کوردی کە ئەویش پەشێوە. ئەم شاعیرە، شایەنی ئەوەیە زۆر نووسینی لە بارەوە بنووسرێت. وتارەکانی نێو ئەم کتێبە، بە زمانێکی سادە کە ڕەنگدانەوەی شیعرەکانن نووسراون. پوخت و کورتن و بونیادێکی وتاریان هەیە، لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی درێژ بن. بە هیوام ئەو هەوڵە خاکەڕایەی ئێمە، خوێنەوەیەکی بچووك بێت بۆ ئەزموونی دیاری ئەو شاعیرە و سوودیشی بۆ خوێنەران هەبێت.

سەدیق سەعید ڕواندزی

پاییزی ٢٠٢٣ _ ڕواندز

## یادەوەریم لەگەڵ شیعری پەشێو

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێ قوتابی پۆلی پێنجەمی وێژەیی بووم ، لە قوتابخانەی دواناوەندی ڕواندزی کوڕان ، بۆ یەکەم جار پەشێو و شیعرەکانیم ناسی. ئەو کات لە ڕێگەی قوتابیەکی هاوڕێمەوە، کۆمەڵە شیعری ( شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم و ڕۆژ نییە لێتان توورە نەبم) بینی و خوێندەوە. بە ڕاستی شیعرەکانی زۆر کاریان لێ کردم و چێژێکی بێ سنوورم لە دنیای شیعری پەشێو وەرگرت. بە تایبەتیش شیعرەکانی (کاك و نیازێك هەڵوەری و لە دەستم دێ و نیازم وابوو) گەلێکی دیکەش. ئەو کاتیش، خۆم لە کەف و کوڵی عەشقێکی ڕۆمانسییانە دەژیام، کە ئێستاش کاریگەریەتی ئەو ڕۆژانەم بە سەر ماوە، ئیدی ئەمە وایکرد شیعرە ڕۆمانسی و دڵدارییەکانی پەشێو، ئەوەندەی تر لە ڕووی هەست و سۆزی ڕۆمانسی و خۆشەویستییەوە، کارم لێ بکەن و لە نێو دەریای خۆشەویستیدا کەیلی زیاتری شیعرەکانی بم و شەوانی درێژی زستان، ژووان لەگەڵ شیعرەکانی ببەستم و بە خەونی داهاتووێکی جوانەوە دەژیام و خەونی ڕەنگاو ڕەنگم دەبینی. بەڵام ئەفسووس، ئەو ڕۆژگارە کۆتایی هات و ئێستا کاتێ ئاوڕ لەو ڕابردووە خەمگینە دەدەمەوە، هەستێکی دڵتەنگی قووڵ دامدەگرێت و خۆزگەی ئەوە دەخوازم، کە کات هەمیشە هێزی ئەوەی هەبووایە بگەڕێتەوە ڕابردوو. ڕەنگە ئەمانە و زۆر شتی تریش هۆکاری ئەوە بن، کە من ئێستاش هەر لە ڕابردوو دەژیم و

نوستالۆژیایەکی گەورەم بۆ ڕابردوو هەیە و بڕوام وایە بۆ هەموومان ئەگەر جوانییەك و پیرۆزییەك و خۆشییەك هەبوو بێت، ئەوا لە ڕابردوو بە جێماوە و دەبێ بەردەوام بۆی بگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی لە ئافاتی ژیانی ئەو سەردەمە دوور بکەوینەوە. لە پاڵ شیعرە ڕۆمانسییەکانی پەشێو، شیعرە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانیشی، کاریان لێ کردم، چونکە ئەو ڕۆژگارە، سەروبەندی دنیای خامۆشی و نەهامەتی دوای کارەساتی ئەنفالی گەلی کورد بە دەستی ڕژێمی شۆفێنی بەعس بوو. هەموو ئەمانە بە سەر یەکەوە، تاسەی ئەوەیان نەشکاندم کە تەنها شیعرەکان بخوێنمەوە، بەڵکو بڕیارمدا سەرجەم شیعرەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرە، بەدەست لە تێنووسێکدا بنووسمەوە و ئێستاش ئەو تێنووسەم و وەکو یادگارییەکی جوان و پڕ بەها، هاوشێوەی ئەڵماسێکی بە نرخ ماوە و لە کتێبخانەکەمدا هەڵمگرتووە، کە لە دوو توێی ئەو کتێبەدا، چەند لاپەڕەیەکی بە دەست نووسراوی ئەو شیعرانە دەبینن. بێگومان ئەو سەردەمیش شیعرەکانی پەشێو، قەدەغە و یاساغ بوون، بۆیە ئەمە زۆرتر ریسکێك بوو بە ژیانەوە لە پێناو پەشێو و شیعرەکانی کردم. بەم جۆرە، پەیوەندی من و شیعرەکانی پەشێو دەستی پێ کرد. ساڵانی دواتر، کاتێ لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان لە هەولێر وەرگیرام، هاوڕێکانم دەزانن هەر لە ژێر کاریگەریەتی ئەو عشقەدا، دیوارەکانی ژووری بەشە ناوخۆیەکەم بە شیعرەکانی پەشێو ڕازاندەوە. ڕۆژان هاتن و ڕۆژان تێپەڕین، ئەو عیشقە و ئەو شیعرانە لەگەڵم ژیان و ئەوەندەی تر، ئاشنای پەشێویان کردم و تامەزرۆی بینینیم دەکرد. من تاسەی بینینی پەشێوم وەك شاعیرێکی دیار، هەر لە خەون و خەیاڵ دابوو، خۆشبەختانە ئەو

خەونە بووە ڕاستی و کاتێ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا ڕاپەڕینی بەرپا کرد، پەشێویش گەڕایەوە کوردستان و بە بێرکۆت شاد بووەوە و زنجیرە کۆڕێکی ئەدەبی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامدا. لەو سۆنگەیەشەوە، هاوڕێیانی گۆڤاری قەلاّ لە ڕواندز، کە هەموویان شەیدای شیعری پەشێو بوون و خۆشیان شاعیر و نووسەر بوون و گۆڤاری قەلاّیان دەردەکرد، کۆڕێکی شیعریان بۆ پەشێو لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٢ دا، لە گۆڕەپانی قوتابخانەی پاشای گەورە ساز کرد. منی خوێنەر و شەیدای شیعری پەشێو، کاتێ بۆ یەکەم جار پەشێوم لە نزیکەوە لە نێو ئاپۆڕایەکی گەورەی جەماوەری بینی، شاگەشگە بووم بە دیتنی و لە خۆشیان نێو چاوانی ئەو شاعیرە نەتەوەیی و کورد و بە هەڵوێستەم ماچ کردوو چاوانم پڕ لە فرمێسك بوون. پەشێو ، تا ئێستاش یەکێکە لەو شاعیرە خۆشەویستانەی، بەشێکی زۆری شیعرەکانیم ئەزبەر کردووە و شیعرەکانی دەخوێنمەوە. پەشێو لە ڕێزی شاعیرە دیار و کوردستانییەکانی ئێمەیە. ئەوەی پەشێو لە بەشێکی زۆری شاعیرانی تری ئێمە جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە هەر تەنها شیعر نانووسێت، بەڵکو شاعیرانەش دەژیت و ئاکاری شیعرییانە لە ژیانیدا پەیڕە و دەکات. بە ئێستاشەوە، پەشێو لە سەنگەری چینی چەوساوە، هەژار و بێ دەرەتانی ئێمە دایە و خۆی و شیعرەکانی داکۆکیکەرێکی سەر سەختی مرۆڤ و مرۆڤایەتین. پەشێو، هیچ کاتێك ئامادە نەبوو خۆی و شیعرەکانی، قەڵەم و هەڵوێستەکانی، بخاتە سەنگەری دەسەلاّت و گەندەڵکاران و شیعر بۆ ئەو بە ناو شۆڕشگێڕانە بنووسێت، کە تا دوێنی خەونیان بە ئازادی کوردستانەوە دەبینی، کەچی ئێستا نەك خۆیان، بەڵکو هەفت

پشتیشیان لە بەرهەمی بە ناو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە دەخۆن و پێشمەرگەیەکی ئەو ڕۆژگارەش، لانەیەکی نییە تێیدا بژیت. پەشێو، خەونی بە کوردستانێکی یەکسان و ئازادیخواز، کە مرۆڤ شکۆمەندا تیایدا بژیت دەبینی. ئەو خەونی ئەوە بوو، کوردستانێك هەبێت چیتر منداڵە چاوگەشەکانی کورد، لە کەرکوك و شوێنەکانی دیکە، سواڵ نەکەن و لە برسان نەمرن، بەڵام ئەفسووس ئەو خەونانەی شاعیر بە درێژایی ژیانی لە تاراوگە بە کوردستانەوە دەیبینی، نەهاتنە دی. بۆیە ئیدی نەگەڕایەوە کوردستان و مەنفای کردە لانەی غەریبی خۆی. پەشێو، دەیویست جارێکی دیکە دار و بەردی بێرکۆت بلێسێتەوە، بەڵام کام بێرکۆت؟ ئەو بێرکۆتەی لە نێو شیعری ئەودا هەموو دنیای لێوە دەبینی، یان ئەوەی چنگی بە نێو مۆدێرنە و ژیانی شارستانی وێرانیکرد. خەونەکانی پەشێو بۆ نیشتمان، خەونی گەورە و مەزن بوون، بە داخەوە نەهاتنە دی، بۆیە ئێستاش هەر لە مەنفا دەژیت، ژیانێك کە گومانم نییە تەنها بە جەستەیە دەنا بە ڕوح، بە یادەوەرییەکان، بە ئومێد و هیواوە، هەر لە کوردستان دەژیت. پەشێو دەمێکە کوردستانێکی گەورەی لە نێو شیعر و خەیاڵ و ویژدانی خۆی بیناکردووە و کوردستانی گواستۆتەوە مەنفا. کوردستان بۆ ئەو، تەنها نیشتمان نییە، بەڵکو بوون و شوناس و مانەوە و ناسنامەشە، بۆیە خۆی و کوردستان لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەك ئاوێتە بوون، کە لێك جیاکردنەوەیان مەحاڵە. بێگومان کاریگەری پەشێو نەك تەنها لە سەر نەوەی من، بەڵکو بە ئێستاشەوە نەوەکان شەیدای شیعری پەشێون. پەشێو ڕەنگە هەمان ئەو وزە و تینە شیعرییەی جارانی بە هۆی چوونە نێو تەمەن و ژیانکردن لە غەریبی بۆ ماوەی نیو سەدە زیاتر

نەما بێت، بەڵام شیعرەکانی هەمیشە ماونەتەوە و کاریگەریان لە سەر دنیابینی و بگرە ئەزموونی نووسینی گەلێك لە شاعیرانی گەنج و تازە نووس هەبووە، کە بە جۆرێك ڕەنگە لەگەڵ خوێنەوەیان، هەست بە دەنگ و ڕەنگی پەشێو لە شیعرەکانیان بکەین. پەشێو هەر تەنها شاعیرێك نییە، بە بڕوای من ئەزموون و قوتابخانەیەکی شیعریش بوو، بۆیە ئاسایە کەسانێك لە ژێر کاریگەریەتی شیعری ئەو، شیعر بنووسن و لاسایی بکەنەوە، وەلێ نابێ دواجار ئەوەمان لە بیر بچێت، کە پەشێو هەر پەشێوە و کەس ناتوانێت وەك ئەو بێت. ئەم شاعیرە، هەر تەنها شیعرەکانی نا، بەڵکو گوفتار و هەڵوێست و نووسینەکانیشی، وەك شیعرەکانی نەتەوەیانەن. کەم ڕووداوی مرۆیی و نەتەوەیانە هەیە لە شیعری ئەودا ڕەنگی نەدابێتەوە، هەر لە گیڤاراو شۆڕشی ڕەش پێستەکانەوە بگرە، تا شۆڕشەکانی دیکەی سەدەکانی ڕابردوو. بە بڕوای پەشێو، شیعر هەڵوێست و یاخیبوونە لە دژی هەر ستەم و زۆردارێك کە بیەوێت مرۆڤ زەلیل و دیل بکات، نا یەکسانی و نادادی کۆمەڵایەتی بێنێتە ئاراوە، بۆیە لە پاڵ شیعرە نەتەوەییەکانی، شیعری بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتیش گوتووە. ئەوەی تا ئێستا پەشێوی بە گەورەیی لە یادەوەری ئێمە هێشتۆتەوە تەنها شیعرەکانی نییە، بەڵکو هەڵوێست و دیدە مرۆیی و نەتەوەیەکانییەتی، ئەو ئاکارە جوانانەیە کە لە کەسیەتی و ژیانیدا هەن و کەس بە شاعیری دەسەڵاتێك و حزبێك و ئایدیاییێك نایناسێتەوە و سەربەرزیشە لەوەی کە هەرگیز شیعری بە باڵای پیاو کوژان هەڵنەدا. ئەوەی لە ژیانی مرۆڤەکان دەمێنێتەوە، هەڵوێست و مێژوویانە، لە پای کارو ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن. شاعیران، موڵکی نەتەوەن و دەبێ بە یەك مەودا لە نێوان هەمووان

بووەستن. پەشێو کوردستانیانە بیر دەکاتەوە نەك ئایدۆلۆژیانە، بۆیەشە لە یادەوەری هیچ نەوەیەکدا، ئەم شاعیرە و شیعرەکانی، بە سەر ناچن و کاڵ نابنەوە گەرچی بە داخەوە هەمان پەشێوی شەست و هەفتاکانیش نییە لە ڕووی شیعر نووسینەوە، کە ڕەنگە ئاوارەیی و تەمەن و نەخۆشی، فاکتەری سەرەکی ئەو دوورکەوتنەوەیەی ئەو بن لە شیعر. مەرج نییە بۆ ئەوەی شاعیرێك بە نەمری بمێنێتەوە، ئیدی دەبێ تا هەتایە شیعر بنووسێت، ئەحمەد هەردی، تەنها ڕازی تەنیایی نووسیوە، بەلاّم لە ئەدەبی کوردیدا، چەند هەردی دیکە وەك ئەو دروست بوون؟ پەشێو سەرمایەك و میراتێکی جوانی شیعری لە دوای خۆی بە جێهێشتووە، بۆیە ئەگەر بە تەنها گەڕانەوە و خوێندنەوەی شیعرە کۆنەکانیشی بێت، ئەوا دڵنیام تاسەی خوێنەر دەشکێنێ. یادەوەری من لەگەڵ شیعر ی ئەم شاعیرە، نە کۆن دەبێت، نە بە سەریش دەچێت، چونکە هەمیشە شیعرەکانی یادی ڕۆژگارێکم دێننەوە بیر، کە بە خەون خەیاڵی ڕۆمانسییانە و عاشقانە دەژیام، ڕۆژگارێك کە دەزانم گوزەشتوە و تازە ناگەڕێتەوە، بەلاّم ئەو ڕۆژگارە لە نێو شیعرەکانی ئەودا، بۆ من بەسەر نەچووە و هەر ماوە، بۆیە بە ئێستاشەوە شیعرەکانی دەخوێنمەوە و چێژیان لێ وەردەگرم گەرچی سالاّنێکیشە دوورکەوتۆتەوە لە شیعر. بەلاّم گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئەو، گەڕانەوەیە بۆ ئەو میراتە شیعرییەی لە دوای خۆی جێی هێشتووە. میراتێك ئەوە دەهێنێت، هەمیشە بە چاوێکی گەورە و پیرۆز و نەمر سەیری بکەین.

## خاسیەتەکانی زمانی شیعری پەشێو

زمان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، هەر وەك مالارمێی شاعیری جیهانیش دەڵێت:_( شیعر تەنها زمانە) بێگومان زمان لێرەدا ڕەهەندێکی دیکەی هەیە، چونکە ئەگەر زمانی شیعری هەمان زمانی ئاسایی دەربڕین بوو، ئەوا جیاوازییەك نامێنێتەوە لە ڕووی فۆڕمی زمانەوە. زمان لە شیعردا، وێنەی هونەری، واتا، شیعرییەت و چێژ و ئستاتیکایە. ئەوە گرنگ نییە زمانی دەقێك سادەیە یان ئاڵۆز، ڕوونە یان تەمومژاوی، بەڵکو ئەو زمانە چەند دەتوانێت لە خوڵقاندنی ئەزموونی جیاوازدا، ڕۆڵ ببینێت. بێگومان زمان وەك ئامرازێك، بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەدەبی، هزری و کۆمەڵایەتی، گۆڕانی بە سەر دادێت و پێشدەکەوێت، بەو پێیەی زمان ڕەنگدانەوەی دنیابینی و هزری شاعیرە، ئیدی لە پەراوێزی گۆڕانکارییە هزریی و زمانییەکاندا، زمانی ئەویش گۆڕانی بە سەر دادێت. شیعرەکانی گۆران لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە، هاوشێوەی شیعرەکانی دواتری نین، واتە گۆڕانکارییان لە ڕووی فۆڕمی دەربڕین و زمانی گوزارشتکردنەوە بە سەر داهاتووە، وەلێ دواجار ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە لە پەراوێزی ئەو زمانەوە، گۆران دەبێتە ئەزموونێکی جیاواز. زمانی شیعری، ستایلی نووسین و ناسینەوەی ئەزموونی شیعرییە. کاتێ شاعیرێك جیاواز دەنووسێت و لە زمانی باو دەردەچێت، هەنگاوێك بەرەو بونیادنانی زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆی دەنێت. بە گشتی ئەزموونی شیعری کوردی لە قۆناغی کلاسیکەوە بۆ

دوای ڕاپەڕینیش، دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر ئەزموونێکی هاوشێوە و یەك ستایلی زمانە. بەشێك لە شیعری شاعیرە کلاسیکەکان، لە ڕووی دەربڕینەوە هێندە هاوشێوەی یەکترین، کە نزیك بێتەوە لەوەی ئەزموونی شیعرییان هارمۆنی بێت. ئەم زمانە شیعرییە، لە قۆناغەکانی دواتریش دووبارە دەبێتەوە. زمانی شیعری هەفتاکان، زمانێکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و شۆڕشگێڕیی و گوتاری بەرگریی و مانەوەیە. زمان لە شیعری پەشێودا، پڕدی پەیوەندییە بە خوێنەر و سەرەتای چوونە نێو ئەزموونی شیعری ئەوە. زمانی پەشێو، زمانێکی سادە و ڕوونگەرایە، زمانێکە نزیکە لە زمانی ئاخافتن ودەربڕینی ڕۆژانە لە نێو بازنەی کۆمەڵایەتی و شیعریدا بە گشتی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك زمانێك نییە لە دەرەوەی مانا، چێژ و ئستاتیکای شیعریی، بە پێچەوانەوە پەشێو بەو زمانە سادەی خۆیەوە، جوانترین و قووڵترین وێنەی شیعری دروست دەکات، بە جۆرێك کە لە چڕکردنەوە و کورتبڕیی و وێناکردنی زماندا، هەست بەو جوانکاریی و هێزی زمانە لای شاعیر دەکەین. پەشێو لە شیعرێکیدا، کە بۆ ڕەهبەر جەلالی هاوڕێی نووسیوە کە لە غەریبی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات، دەڵێت:_

**هەموو جارێ زوو دەڕاکێ لە سەر گۆڕت**

**هەرگوڵێکی کە دەیچێنم**

**خۆدەزانم عەشقی گوڵی کام وڵاتی**

**بەڵام چی بکەم گوڵی ئەوێ لە کوێ بێنم**

پەشێو لە ڕێگای زمانێکی سادە و ڕوونبێژەوە، تەنها لە چوار دێڕدا، باس لە قووڵترین پرس و بابەتی مرۆیی و ئەنتۆلۆژی دەکات، کە

ئەویش دووركەوتنەوەیە لە كوردستان و بە غەریبی سەرنانەوەیە لە دووری كوردستان و تاسەی بینینەوەی مرۆڤی كوردمان بە كوردستانەوە پیشان دەدات، چونكە هیچ كام لەو گوڵانە هی كوردستان نین، بۆیە زوو هەڵدەوەرێن. ڕەهبەر گوڵی كوردستانی دەوێت، ئەمیش لە غەریبیدا دەست ناكەوێت، بۆیە بە نائومێدییەوە سەر دەنێتەوە. بە بڕوای من، زمانی شیعری پەشێو، هاوشێوەی گۆران، جۆرێك لە برووسكەیی و خەسڵەتی فۆتۆیی بە كوالێتی سێ ڕەهەندی تێدایە، بەو مانایەی پەشێو خێرا و برووسكە ئاسا، لە ڕێی زمانی شیعرییەوە، وێنای شتێك دەكات و وەك وێنەیەكی شیعری دەیخاتە ڕوو. پەشێو لە شیعرێكی دیكەدا دەڵێت:_

**هەر جارێك بوو نیگاكانمان**

**لێك گیربوون وەك چنگی بازان**

**هەرتاوێك بوو پشتمان تێك كرد**

**ڕێگاكانمان لێك ترازان**

ئێمە هێندە بە خێرایی و برووسكەییەوە لە بەردەم ئاوێتەبوون و لە یەكتر دابڕاندنداین، كە نازانین چركەساتەكانی ئەو ئاوێتە بوونە چۆن دروست بوون و چەند بە خێراییش كۆتایان هات. ئەم ئاوێتەبوونەی دوو خۆشەویست، دوو ڕوح و دوو نیگای عاشقانە، هێندە خێران، وەك چنگی دڕكاوی باز لێك گیر دەبن و دەچنەوە نێو یەكتری، بەڵام بە هەمان خێراییش، ئەو چنگانە لە نێو یەكتری دێنە دەرەوە، وەك چركەساتەكانی ڕوودانی تسۆنامییەك. سات وایە، ئێمە قەسیدەیەكی درێژیی چەند دێڕی شاعیرێك دەخوێنینەوە، بەڵام وەك ئەو نموونە شیعرییانەی پەشێو، ڕامان ناگرن و چیژی لێ وەرناگرین.

خەسڵەتێکی دیکەی زمانی شیعریی پەشێو، مانەوەی زمانی شیعرییە لە نێو بازنەی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییانەی زمان بە گشتی. پەشێو چونکە شاعیرێکە بەردەوام لە بەرەی گەلەکەی دایە و لە سەنگەری ڕەش و ڕووت و بێ نەوایانی نەتەوەکەی دایە، ئیدی زمانەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو پێگە جەماوەریەیە. لێرەوەش زمانی شیعری پەشێو، زمانی بژاردەیی نییە، بەڵکو زمانی هەمووانە. پەشێو چونکە ئەرکی شیعر لە چوارچێوەی خەمی مرۆڤ و نیشتمان و گەڕان بە دوای ئازادیی و دنیایەکی یەکسان و دادپەروەردا دەبینێت، ئیدی زمانەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو بارە واقیعیەی کۆمەڵگەیە. پەشێو لە شیعری (وانەیەك بۆ منداڵان) دەڵێت:_

**ئا لێرەدا منداڵێکی چاوگەشی کورد لە برسان مرد**

پەشێو بەو زمانە شیعرییەی خۆی، لە وێنەیەکی شیعریی سادە و ڕووندا، ڕەخنە لەو ئەقڵیەتە شۆفێنی و نا مرۆیی و نایەکسانییە دەگرێت، کە وێرای هەبوونی سەرچاوەیەکی گەورەی سرووشتی و کانزایی، کەچی هێشتا منداڵانی کورد، لە نزیك تاڤگەی دەوڵەمەندی بابە گوڕگوڕ لە برسان دەمرن. لەو ڕێگەیەشەوە باس لە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئەقڵیەتی شۆفێنی دەسەڵاتدارانی عەرەب و بێ باکییان بەرانبە بە منداڵێکی کورد دەکات. کە چۆن لە برسان دەمرێت. بەمەش پەشێو، زمان وەك چەکێکی دیکەی ڕەخنەگرتن، بەرگریی و ڕەت کردنەوە دەبینێت و شەڕی ئەقڵیەتێك لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە، بە بارگاویکردنی شیعر بە ڕوانینی ڕەخنەیانە لە

کەوالنامەی کتێب

ئەو ئەقڵیەتە شۆڤێنییە دەکات، کە تەنانەت ژیانێکی ئاسایی و سادەش بە منداڵێکی چاوگەشی کوردەوە ڕەوا نابینێت. لە پەراوێزی ئەو شیعرەوە، پەشێوە ڕەخنەی ئەقڵیەتێکی شۆڤێنی دەکات کە هیچ بەها و نرخێك بۆ ژیانی مرۆڤەکان دانانێت و لە دەوڵەمەندترین شوێنی نەوتی و کانزای سرووشتیدا، لە دامێنی کلّپەی ئاگرێکەوە لە برسان دەمرێت. ئەو پەیامە ڕەخنەییەی پەشێو لەو شیعرەیدا پەنجا ساڵ زیاتر لەمەو بەر دەیخاتە ڕوو، ئێستاش لە ماناو ئاماژەکانی خۆی نەکەوتووە. مەگەر ئێستاش بە هەمان شێوەی ئەو کات، منالّی کورد لە سایەی دەسەلأتێکی شۆڤێنی و گەندەڵ و بێباکدا لە برسان نامرێت ؟

خاسیەتێکی دیکەی زمان لە شیعری پەشێو، ئەو پەیوەندییە نا ئۆرگانیکی و واتایەیە، کە لە نێوان وشەکان و دەلالەتی شیعرییانەی شیعرەکانەوە هەیە. مەبەستی ئێمە لێرەدا بەو مانایەیە کە وشەکان، لە ڕووی فەرهەنگی و ئاماژەییەوە هیچ شتێك بە یەکەوەیان نابەستێتەوە، هەر یەکەیان دالی جیاوازن بۆ مەدلولی جیاواز، بەلأم پەشێو لە شیعرەکانیدا، بە جۆرێك بە یەکەوەیان گرێ دەداتەوە، پەیوەندییە نائۆرگانیکیەکە دەکاتە ئۆرگانیکی کە دواجار لە چوارچێوەی کۆنسێپتێکی شیعریدا، بە سەریەکەوە ببنە تەواوکەری مانای شیعرییانەی یەکتری . بۆ نموونە: هیچ شتێك (کەر) و (بزمار) لەلایەك و (ژن) و (کوندەبەبۆش) لەلایەکی ترەوە بە یەکەوە نابەستێتەوە، بەلأم ( گەنجی) و (پیری) ( زستان ) و ( بەفر ) پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و واتایان بە یەکەوە هەیە، کە بە باسکرنی یەکێکیان، ڕاستەوخۆ ئەویترمان دێتە بەرچاو. وەك ئەوەی باسی بەفر بکەین، زستانمان دێتە بیر و بە پێچەوانەوەش باسی زستان

بکەین، بەفرمان دێتە بەرچاو. بەڵام هەرچەند باسی کەر و بزمار بکەین، هیچ شتێکمان نایەتە خەیاڵ ئەوانە بخاتە قاڵبی یەك ماناوە. بۆیە پەشێو لە شیعرەکانیدا، لە ڕێی ئەو زمانە شیعرییەی خۆیەوە، پەیوەندی نوێ و مانای نوێ بە وشە دەدات. لە شیعرێکیدا دەڵێت:_

**لەم جیهانە هەرکەس لە شتێك تۆقیوە**
**دز لە سەگ و کۆکەی بێدار**
**کەر لە هەرواز**
**دیوار لە سینگ دار لە بزمار**

زۆربەی ئەو وشە شیعریيانەی لەو کۆپلەیەدا هاتوون، لە بنەڕەتدا وشەی ئاسایی ڕۆژانەن و ڕەنگە بونیادێکی شیعریانەی ئەو تۆیان نەبێت و وەك جۆرێك لە وشەی شیعری نەبینرێن، چونکە سەگ و کەر و بزمار و دیوار، هیچ پەیوەندییەکی واتایان بە یەکەوە نییە و وەك ئەوە وایە دوو ماددەی جیاواز تێکەڵ بکەین و ئاوێتەی یەکتری نەبن. بەڵام پەشێو، لە ڕێگەی پێدانی واتایەکی شیعرییانە بەو وشانە، ئەو پەیوەندییە مردوو نائۆرگانیکیەی نێوان وشەکان، دەکاتە پەیوەندییەکی زیندووی ئۆرگانیکی بە جۆرێك کە هەموویان بە سەر یەکەوە مانای شیعری بگەیەنن. ئەگەر دز لە سەگ بترسێت و کەر لە هەرواز، ئەوا خاسیەتی هاوبەشی هەردوو دەربڕینەکە ترسە، ئەمە وێرای ئەوەی شاعیر ترس وەك حالەتێکی سایکۆلۆژیی کە دەرەنجامی بەرهەست بوون و درککردنە، دەباتەوە سەر گیانەوەران، چونکە ئێمە نازانین ئاخۆ کەر لە هەرواز دەترسێت یان نا؟ بەو مانایەی هەست بەو ترسە ناکەین. ئەم جۆرە پەیوەندییە واتایە لە نێوان وشەکاندا،

جۆرێکی دیکەیە لەو خاسیەتە زمانیەی شیعری پەشێو، کە وا دەکات بە مانا ئاساییەکەی زمان بە کار نەهێنێت، بەڵکو جۆرێك لە هونەرکاریی لە ڕووی واتا و ئیستاتیکاوە بە زمان دەدات. لە هەندێك لە شیعرەکانیدا، زمانی شیعری پەشێو بە ڕادەیەکی زۆر توند و ڕقاویی دەبێت و هیچ سنوورێکی وێناکردن، بە دیوێکی نەرێنییانە ناهێڵێتەوە. واتا لە پاڵ ئەو پەتی و جوانییە فەرهەنگییەی لە ڕووی وشەوە لە شیعری پەشێودا هەیە، هاوکات ئێمە وشەی زبر و ناشرینیش دەبینن، کە لە ڕاستیدا خودی ئەو زمانە، ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتیەکەیە، لەوەی زمانی خۆرسکانەی شیعری پەشێو بێت. پەشێو لە شیعرێکیدا دەڵێت:_

**نیشتمانی من شا نیشتمان بوو**

**ئاخ سەدەی پیترۆڵ ئاخ گاز و کیمیا**

**ئاخ چیان لێکرد**

**تەرەسی عۆجە و گای بنە خۆیی و گەوادی دنیا**

بێگومان وشەکانی تەرەس و گەواد، دوو لەو دەربڕینە ناشیعریانەن کە جۆرێك لە زبریەتییان تێدایە و لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەش، ئاماژەیەکی نەرێنی و زۆر خراپ دەگەیەنن. ئەم دوو وشەیە، کە دوو هاوەڵناوی وەسفین، دراونەتە پاڵ بەعس و بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە ئاست کارەسات و تراژیدیا نەتەوەیەکانی ئێمەدا. پەشێو هەر دەبێت بەو جۆرە وەسفی کەسانێك بکات، کە لە بنەڕەتدا ڕەنگە وەها بن و شاعیر هیچ جۆرە پێناسەکردنێکی ئەوانی بەو شێوەیە بە گونجاوتر نەزانیبێت. ئەمەش لە سۆنگەی ئەو هەموو کارەساتەنەی بە سەر گەلی کورد داهاتوون. پەشێو، وێرای ئەوەی

زمانێكی كوردییانەی پەتی و جوانی هەیە، هاوكات شیعر وەك پێگەیەك بۆ بەخشینی جوانی و ئستاتیكا، بە زمانی كوردی دەبینێت. لە شیعرەكانیدا، سەدان وشەی وەك:_( گەردەنكێل ، گوڵبەژن، هوندوڕ ) دەبینرێن. بەرجەستەكردنی ئەم وشانە لە شیعردا، دەلالەت لە پەتیبوونی زمانی شیعری پەشێو، كوردبوونی زمانی شیعری دەكەن، بەو مانایەی جارێكی دیكە، دەلالەتە واتایەكان بەو وشانە دەداتەوە، كە ڕەنگە لە ڕووی فەرهەنگی و زمانی كۆمەڵایەتی و شیعرییەوە كاڵ ببنەوە. ئەو پەتیبوونەی وشە و دەربڕین لە شیعری پەشێودا، بە بڕوای من ڕەنگدانەوەی ئەو ئەقڵە كوردانەیە كە پەشێو لە شیعر و ژیانیشدا هەیەتی، كە كەسێكی نەتەوەیی و كوردستانییە و لەو سۆنگەیەشەوە زمانەكەی بۆ ئەو جێی شانازییە. زمانی شیعری پەشێو، زمانی ئازار و مەینەتییەكانی مرۆڤی كوردە، زمانی خەون و خۆزگەیە. زمانێكە گوزارشت لە ناسۆرییەكانی مرڤی كورد و نەتەوەكەی دەكات. زمانێكە لەگەڵ هەمووان دایە و زمانی هەموانیشە. زمانی شیعری پەشێو، زمانی ڕۆژە، بەڵام زمانی نا شیعری نییە، زمانێكی هەندێ جار توندە ، بەڵام زمانی ڕاسیستی و سڕینەوە نییە، بەڵكو زمانی مرۆڤێكە، جگە لە وشە و زمان، هیچ شتێكی دیكەی نییە هاوارەكانی پێ دەربڕێت. زمانی شیعری پەشێو، هەڵقوڵاویی ڕەسەنێتی و پەتیبوونی فەرهەنگی كوردییە. زۆر بە دەگمەن وشە و دەربڕینێك لە شیعری ئەودا هەن، كە ماناكانیان ئاڵۆز بن، یاخود لە دەرەوەی فەرهەنگی زمانی كوردی بن.

# ئارامی لە لوتکەی تووڕە بووندا

لە دەستم دێ، یەکێکە لە شیعرە هەرە دیار و جوان و بە ناوبانگەکانی پەشێو، کە وەك خۆشی لە پێشەکی شیعرەکەدا ئاماژەی پێداوە، ئەو کاتە ئەو شیعرە نووسراوە، کە مرۆڤ دەبێتە پارچەیەك لە ڕق و تووڕەیی. بەمەش مۆتیڤێکی دەروونی لە پشت نووسینی ئەو شیعرەوەیە. ئاماژە زمانەوانی و دەروونییەکانی شیعرەکە، کاردانەوەن لە هەنبەر کارێك کە کراوە و پەشێوی لە ناخەوە ئازارداوە و تووڕەی کردووە، کە ئەویش ناپاکی خۆشەویستەکەیەتی و پشتکردنە ئەو خۆشەویستییە بووە لەلایەن ئەویترەوە، کە چوار ساڵی خایاندووە، وەك ئەوەی لە دێڕی بەڵگەی ئاشکراو ڕووندا باسی دەکات. زمانی ئەو شیعرە، زمانێکی تووڕە و داخوازییانەیە، بەلاّم زمانی سڕینەوە نییە. زمانێکە بارگاوییە بە ڕق، بەلاّم ئەو ڕقە پانتایی زمان جێناهێڵێت و نابێتە هۆکار بۆ ئاشکراکردنی هەموو شتێك لە پەراوێزی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی لەگەڵ کچەکەدا هەیبووە، بە پێچەوانەوە بەڵکو لە دوا دێڕی شیعرەکەدا، ئارام دەبێتەوە و جارێکی دیکە خۆشەویستی ئەو، بە سەر ئەو هەموو هەستە لە ڕق و تووڕەیی زاڵدەبێت، کە لە سەرەتای خوێنەوەی شیعرەکە هەستی پێ دەکەین. بە درێژایی ئەو شیعرە، شاعیر لە حاڵەتێکی نێوان گومان و دڵنیایی، خۆشەویستی و ڕق دایە. گومان لەوەی ئەو کارە بکات کە مەبەستیەتی ئەویش ئاشکراکردنی هەموو شتێك و پەردە لادانە لە سەر ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە نهێنییەی نێوان خۆی و ئەو، یاخود

نەکردنی. دڵنیاشە لەوەی کە ئەو بە سەدان بەڵگەی ئاشکرا و ڕوونی پێیە، کە جەخت لەو پەیوەندییە ڕاستەقینە و دوو لایەنەی نێوان هەردووکییان دەکاتەوە. کە بە داخەوە سەرەنجام لەلایەن ئەوی بەرامبەرەوە ( کچەکە) کۆتایی پێهێنراوە و چووەتە ئامێزی پیاوێکی دیکە. بۆیە بە درێژایی شیعرەکە، پەشێو لە نێوان ئەو دوو دڵیە دایە، تا لە کۆتایی شیعرەکە و لە دوا دێڕدا، خۆی یەکلایی دەکاتەوە کە ناتوانێت کارێکی وا بکات و لە دەستی دێ بەڵام نایکات. زمانی ئەو شیعرە، وەك ئەتمۆسفیرێك بە خێرایی لە ژێر هەستی ئەو تووڕەییەی شاعیر هەیەتی بەرز دەبێتەوە، پاشان بە خێراییش دادەبەزێت. لە دەسپێکی شیعرەکەدا، پەشێو لە ئەنجامی کردەیەك کە هێشتا نەکراوە، ئاگادارمان دەکاتەوە. سەرەتا، ئێمە نازانین پەشێو بۆچی و لە بەرچی دەیەوێت کەسێك لە خۆشاوی شەوی پەردە بێبەش بکات و ئەڵقەی پەنجەی پێ فڕێ بدات؟ پەشێو دەڵێت:_

**لە دەستم دێ کاتژمێری کامەرانیت بووەستێنم**

**ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ بدەم**

**نامەی بەختت بسووتێنم**

**کام شەوت گەش و ڕووناکە**

**ئەو شەوە پف لە چرا کەم**

لە دەستم دێ، ئاماژەیە بۆ کردنی کارێك کە هێشتا ڕوووینەداوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانێت بیکات. پەشێو تا کۆتایی شیعرەکەی، ئێمە لە بەردەم ئەو دوو دڵییە دەهێڵێتەوە، کە کارەکە دەکات یان نا؟ تا لە کۆتاییدا خۆی یەکلاییدەکانەوە، کە ئەوە ناکات و بە پێچەوانەوە خۆشەویستی پەنگخواردووی ئەو لە ناخیدا، ڕێگە بەوە نادات ئەو

کەسەی تا دوێنێ خۆشەویستی بووە، ئەمڕۆ لە ئامێزی یەکێکی دیکەدا شەوە ئەرخەوانییەکانی بە ڕێ دەکات، لە خۆشاوی پەردەی ژیان بێبەش بکات. ئەمەش جەختکردنەوەیە لەوەی شاعیر وێرای توورە بوونێکی زۆر لەو، بەڵام لە لوتکەی تووڕەبووندا، ئارام دەبێت و دان بە خۆی دادەگرێت و وەڵامی هەڵە و ناپاکییەکەی خۆشەویستەکەی ناداتەوە. شاعیر دوای ئەوەی ئەوە بەیان دەکات کە دەتوانێت ئەو بۆ ئەبەد لە چارەنووسی بوون و ژیان بێبەش بکات و ژیانی بکاتە تاڵاوێك، ئەمجارەیان بۆ ئەوەی هۆکارەکانی ئەو ( لەدەست هاتنە) بۆ هەمووان بخاتە ڕوو، دێتە سەر بەڵگەی بەیەکەوە بوونی خۆی و ئەو، لێرەوەش پەشێو جۆرێك لە ڕەوایەتی بەلە دەست هاتنەکەی دەدات کە چۆن ئەم پشتیکردۆتە پەیوەندییەکی سۆزداری چوار ساڵە و پەشێوی جێهێشتووە. هەروەك دەڵێت:_

**بەڵگەم پێیە**

**هەزار بەڵگەی ئاشکراو ڕوون**

**بەڵگەی چوار ساڵ بە یەکەوە بوون**

پەشێو هەر لە درێژەی شیعرەکەیدا، دوای ئەوەی باس لە بەڵگەی بە یەکەوە بوون دەکات، ئەمجارەیان دڵنیایانەتر ئەو بەڵگانە دەخاتە ڕوو. یەك بە یەك باسی بەڵگەکان و ئەو ماوە زەمەنیەش دەکات، کە ئەو بەڵگانەی تیادا ئالوگۆڕکراون، وەك دڵنیایەك لەوەی کە دەتوانێت ئەوەی مەبەستیەتی بیکات، یاخود بەڵگەکان خۆیان دێنە دەنگ و لە ئاست ئەو ناپاکییە قسە دەکەن. بەڵگەکانی پەشێو هێندە ڕوون و ئاشکران، کە تەنانەت پەیوەندییان بە جەستەی ئەویترەوە هەیە، واتا لەوە دەرچووە پەیوەندییەکی زمانی و ڕووکەشی، کە تەنها لە

گۆڕینەوەی ڕاز و نیاز لە ڕێی زمانەوە دەبەسترێت، بەرجەستە بێت، بەڵکو سنوورە سوورەکانیشی بەزاندووە و جەستەی ئەوی، وەك نیشتمانی ئازادی خۆی بینیوە و جۆرێك لە خاوەنداریەتی هەبووە، کە ئەمەش ئەو پەڕی دوا سنووری هەبوونی پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزە، چونکە مەحاڵە بە بێ خواستی ئەو، شاعیر بتوانێت پەنجە بە سنگی برسی و تێنووی خۆشەویستی ئەوەوە بنێت. بۆیە ئەم جارەیان دەڵێت:_

**تاڵێکی پرچت نەماوە تێر تێر بۆنم نەکردبێ**

**جێی دەرزییەك**

**لە سنگی برسیت نەماوە**

**پەنجەم پەی پێ نەبردبێ**

**گەواهی دەدەن لە سەرت دارتێلەکانی شەقام**

**گەواهی دەدەن ئەوانەی نامەی تۆیان بۆ دەهێنام**

نامەکان لێرەدا، ڕۆڵی گەواهیدەرێك بە سەر تاوانێکەوە دەبینن، دیارییەکان و نامەکان، ئامادەن گەواهی ئەوە بدەن کە شاعیر پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەبووە و ئەو پەیوەندییەش، تا سنووری ڕامووسان و گاڵتە و گەمەی عەشق و سۆزداری ڕۆیشتووە. پەشێو هەر یەك لە نامەکان و دیارییەکان دەکاتە گەواهیدەر، وەك ئەوەی لە گەواهیداندا، دەبێ دوو کەس ئامادەیان هەبێ و پشتڕاستی بکەنەوە کە ئەم ئەمکارەی کردووە و دواتریش شایەنی سزادانە. بۆیەشە نامەکان و دیارییەکان، وەك بەڵگەی ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و ئەو دەخاتە ڕوو، بەڵام لێرەدا هەر تەنها ئەوانە بەس نین، بەڵکو دارتێلەکانی سەر شەقام و ئەوانەی نامەی ئەویشیان بۆ هێناوە،

کتێبی ئەلیکترۆنی

گەواهی دەدەن و بێگومان چەند گەواهیدەریش زۆرتر بن، ئەوا هیچ گومان کردنێك لە کردەکە نامێنێتەوە، تەنانەت پەشێو بەوانەشەوە ناوەستێت، بەڵکو پەردە لە سەر ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و ئەو، بە بێ ڕتووشی هەڵدەماڵێت و باسی قژ و سنگ دەکات، کە دوا سنووری ئەو پەیوەندییە نیشان دەدات و بەمەش نەك هەر بەڵگەیەکی دیکە پێویست نییە، بەڵکو ئەوی بەرانبەریشی کە خۆشەویستەکەیەتی، دەخاتە بەردەم پرسیار و شەرمەزاری ئەوەی کە چۆن وازی لەو پەیوەندییە هێناوە و شەوی سووری کەسێکی دیکەی ڕازاندۆتەوە؟ پەشێو لەمەدا، توندوو ڕقاوی بەرانبەر ژن نادوێت وەك ئەوەی کەسانێك لەو شیعرەدا تێیگەیشتوون و وێنای دەکەن، بە پێچەوانەوە، بەڵکو ڕەخنە و سەرزەنشتی ئەوەیان دەکات، کە چۆن دەبێت بە ئاسانی پشت بکەنە عەشق و خۆشەویستی و لە بەر هەر جیاوازیی و تایبەتمەندییەك بێت، واز لە خۆشەویستەکەیان بێنن. پەشێو هەر لە سەرەتای ئەو شیعرەوە وەك وتمان لە نێوان دوودڵییەکی گەورە دایە و دەیەوێت بە جۆرە هەستێکی تۆڵەسەندنەوە، تۆڵە لە ئەو بکاتەوە، بگرە لە سەرەتای شیعرەکەدا، چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە، کە شاعیر بوون و مێژووی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بسڕێتەوە و نەفرەتی لێ بکات و ئەمیش وەك ئەو بێ وەفا و بێباك بێت، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو چاوەڕوانییانەوە، لە دوایین دێڕی شیعرەکەدا، پەشێو نەك هەر دەستبەرداری ئەو نابێت و ڕقی لێ نابێتەوە، بگرە هێشتا خۆشەویستی بۆ ئەو ماوە و ئەو خۆشەویستییەش ڕێگەی ئەوەی لێ دەگرێت، هەر جۆرە کردەوە و ڕەفتارێکی ڕقاوییانە

بەرانبەر بە ئەوی کۆنە خۆشەویستی خۆی بنوێنێت. بۆیە لە کۆتاییدا خۆی یەکلایی دەکاتەوە و دەڵێت:_

**بەلاَم چیبکەم؟ خۆشەویستیت نەهەنگێکە**

**خوێنی هەڵچووم دەخواتەوە**


**خۆشەویستیت ڕووبارێکە**

**قینی ڕەشم دەشواتەوە**

تووڕەیی پەشێو، کە لە سەرەتاوە بە ئەتمۆسفیرێکی بەرز دەست پێ دەکات، دواجار وەك لافاوێك، بێ ئەوەی هیچ شتێك لەگەڵ خۆی ڕابماڵێت دەنیشێتەوە. پەشێو نەك هەر ناتوانێت ئەمانە بەرانبەر بەو بکات، بەڵکو دواجار خۆشەویستی ئەو، بەسەر هەموو ئەو نیگەرانی و تووڕەیی و خەمە زاڵ دەبێت و لە بەر وەفا بۆ ئەو خۆشەویستییە ئەوە ناکات کە لە دەستیشی دێت. بەلاَم پرسیار لێرەدا ئەوەیە، پەشێو بۆچی لە نێوان کردن و نەکردنی ئەو کارانە و دەرخستنی بەڵگەکان، سەرەنجام هیچ شتێك ناکات؟ مەبەستی چییە لەو هەموو باسانە و دواتریش جارێکی دیکە خۆشەویستی بێ سنووری خۆی بۆ ئەو دەردەبڕێتەوە؟ بە بڕوای من پەشێو مەبەستی ئەوە بووە، کە هیچ گومانێك لە ڕاستی هەبوونی ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و ئەو نەهێڵێتەوە، بەڵکو هەمووان ئەو ڕاستییە بزانن ئەو خۆشەویستییە، بوونی هەبووە و ئەو ناپاکییەش کراوە، کە تیایدا خۆشەویستەکەی جێیهێشتووە و لە ژێر ڕووناکی چرای سووری ئامێزی گەرمی پیاوێکی دیکەدا، شەوانی سووری بە ڕێ دەکات. بە درێژایی ئەم شیعرە، پەشێو نیگەران و تووڕەیە، بەلاَم ئەگەر تووڕەبوون ببێتە فاکتی کردنی کارێکی هەڵە و کاردانەوەی توند دروست بکات، وەك ئەو یاسا

فیزیکییەی کە دەڵێت  هێزی کاردانەوەی کارێك، لە هێزی کارەکە بە گورتره، ئەوا پەشێو ئەوە ناکات، بەڵکو لە لوتکەی تووڕەبووندا، وێرای جەختکردنەوە لە سەدان بەڵگە، کە ئاماژەن بۆ هەبوونی ئەو پەیوەندییە، ئارامی دەنوێنێت و دان بە خۆ دادەگرێت. گەر بە قووڵی بچینە نێوەڕۆکی ئەو شیعرە، هەست بەوە دەکەین کە ئێمە بێ ئەوەی ئەو کەسە بناسین و بینیبێتمان، ڕقمان لێی دەبێتەوە. من هەر کاتێك ئەو شیعرە لە بەرخۆم دەڵێمەوە، لە شاعیر زیاتر، هەستی ڕق و تۆڵە سەندنەوە دامدەگرێت بەرانبەر بە وانەی کە پشت دەکەنە خۆشەویستەکانییان. هەرچییەك و هەر چۆنێك بێت، ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی پەشێو، شیعرێك نییە لە شکۆی ژن بدات وەك ئەوەی باس دەکرێت، بەڵکو ڕەخنەی دەکات، سەر زەنشتی دەکات، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك عەشق و خۆشەویستی نێوان خۆیان و خۆشەویستەکانییان، بە هەر شتێك بێت نەگۆڕنەوە، بەڵکو بە وەفا و سۆزدار، خاوەن بەڵێن و پەیمانی خۆیان بن.  دواجار دەڵێم زمانی پەشێو لەم شیعرەدا، زمانی نێر سالاریی و زمانی شکانەوەی ژن نییە، وەك ئەوەی کەسانێك تێی گەیشتوون، بەڵکو زمانی ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتنە بە ئاراستەیەکی توندوو تووڕە، ئەویش لە دەرەنجامی هەبوونی کردەیەك کە بەلای هەمووماناوە نەك هەر ئاسایی نییە، بەڵکو مایەی خەم و نیگەرانییەکی قووڵیشە. بڕوا ناکەم کەسمان هەبێت، بەو تاقیکردنەوە تراژیدییە ڕەت نەبووبێت و  نەبێتە هاودەمی خەمێکی بێ کۆتایی، کە تا مردن وەك سێبەر پێیەوەنووساوە. و بۆتە مۆتەکەی ژیانی.

کەوشامەی کتێب




**پێرستی شیعرەکان کە لە تێنووسەکەدا بە دەست نووسیومەتەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

# چەمکی خۆشەویستی لە شیعرەکانی پەشێو دا

چەمکی عەشق و خۆشەویستی، پانتایەکی بەرفراوانیان لە ئەزموونی ئەدەبیات بە گشتی و لە نێویشیاندا شیعر بە تایبەتی، گرتووە. بە ڕادەیەك لە زۆرکاتدا، ئەزموون و شوناسی شیعری بەشێك لە شاعیران، پەیوەستە بە ئەزموونی خۆشەویستییانەوە لە ژیاندا. تەنانەت ئەگەر ئەم بابەتە لە ئەزموونی نووسینیاندا بهێنینە دەرەوە، ئیدی ئەزموونێکی شیعریان بۆ نامێنێتەوە. بەو مانایەی لە ڕێی عشق و خۆشەویستییەوە شیعرەکانیان دەناسرێنەوە.بۆنموونە وەك:(ئەراگۆن) ی شاعیری ناوداری فەڕەنسی و (نزار قەببانی) ی شاعیری ناوداری عەرەب. بگرە بەشێك لە بۆچوونەکان لایان وایە ئەگەر ئەلیزا و بەڵقیس نەبوونایە، ئەوا ئەو دوو شاعیرە هێندە نەدەناسران. وەلێ لە سۆنگەی ئەوەی دەیان شیعریان لە بارەی خۆشەویستەکانییانەوە نووسیوە، ئیدی بوونە دوو شاعیری نێودار. بێگومان خۆشەویستی وەك هەستێکی دەروونی و کۆمەلأیەتی و هاوکات پەیوەندییەکی ڕوحی نێوان مرۆڤەکان، ڕووداوێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤەکان بە گشتی. بگرە لە هەندێ کاتدا، ئەو ڕووداوە ژیانی مرۆڤ بە ئاراستەیەك دەگۆڕێت کە ببێتە مرۆڤێکی جیا لەوەی کە پێشووتر هەبووە. خۆشەویستی ماکێکی سروشتییە و لە ناخی هەمووماندا هەیە. مرۆڤ بێ خۆشەویستی ناژیت. ڕووبەرێکی بەرفراوان لە ئەزموونی ئەدەبیات بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی، ڕەنگدانەوەی ئەزموونی عشق و خۆشەویستییە. تیایدا چیرۆك و سەربوردەی عشقی نێوان

مرۆڤەکانمان بۆ باس دەکەن لەوەی کە ڕوویداوە. تاکو ئێستاش داستانەکانی وەك:- (مەم و زین و شیرین و فەرهاد و ئەسمەر و مامەر و)تد لە نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ئێمەدا بە زیندووی ماونەتەوە و نەوە لە دوای نەوە گوێبیستی دەبن. لە کاتێکدا بە درێژایی ئەو مێژووە، چەندین ڕووداوی تر ڕوویانداون کە چی لە بیرکراون، وەلێ ئەم داستانانە چونکە پەیوەندییان بە خۆشەویستی هەیە، دەبینین تاکو ئێستاش ماونەتەوە. لە ئەزموونی شیعری کوردیشدا بە گشت قۆناغەکانییەوە، ئەم چەمکە ڕەنگدانەوەی هەبووە، چ لە ئەزموونی بیۆگرافیای تایبەتی شاعیراندا، یاخود وەك بابەت و کەرەستەیەکی شیعری. هاوکات ئەم خۆشەویستییە چ خۆشەویستی ڕەگەزەکەی تر بێت، یاخود خۆشەویستی توخمێکی دیکەی شێوەی نیشتمان و سروشت بێت، کە تیایدا شاعیر گوزارشتی لە خۆشەویستی خۆی کردووە بۆ ئەم ڕەگەزانە، بە تایبەتیش خۆشەویستی ڕەگەزی بەرانبەر. پەشێوی شاعیر، یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی ئێمە کە لە پاڵ شیعری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی، لە پاڵ خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان، شیعری خۆشەویستیشی نووسیوە. بەشێکی زۆری شیعرەکانی گوزارشت لەو چەمکە دەکەن و ڕەنگدانەوەی دیاردەی عەشق و خۆشەویستین لە ژیانی خۆیدا. بە تایبەتیش کە زۆر جار باس لە چیرۆکێکی تایبەتی ژیانی شاعیر دەکرێت، پەیوەست بە ئەزموونی خۆشەویستییەوە. ئیدی ئەم ئەزموونە کاریگەریەکی ڕوحی و دەروونی گەورە لە شاعیر دەکات و لە سۆنگەی ئەم کاریگەریەتییەوە، چەندین شیعری تەژی لە عەشق و خۆشەویستی نووسیوە لە پاڵ هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی. خۆشەویستی ڕەگەزەکەی تر،

پانتایەکی گەورەیان لە ئەزموونی شیعری پەشێو گرتووە، وەك شیعری (کاك) و (نیازم وابوو) و (ئەو پەڕی تاسە) و ( لەدەستم دێ) و چەندان شیعری تر. لە شیعرەکانی پەشێودا، هەست بە خۆشەویستییەکی ڕوحی پاك و ڕاستەقینە دەکەین کە گوزارشتە لە دنیابینی پەشێو بۆ ئەم ئەزموونەی ژیان لە سالأنێکی زووی بەر لە ئێستا دا. لە شیعرەکاندا پەشێو هاوشێوەی هەر مرۆڤێکی دیکە کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی ئەم ئەزموونە دەبێتەوە، هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی دەربڕیوە و گوزارشتی لەو پەیوەندییە کردووە، کە ئەمیش پەیوەندی خۆشەویستی مرۆڤە بە تایبەتیش بۆ ڕەگەزی بەرانبەر، کە جۆرە خۆشەویستییەکی تایبەتمەندە و بەراورد ناکرێت لەگەڵ هیچ جۆرە خۆشەویستییەکی دیکە. دیارە ئەمەش بۆ سروشتی ئەو جۆرە پەیوەندییە ڕوحی و دەروونییە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤەکان بە یەکتری دەبەستێتەوە. نەك هەرئەمە، بگرە لە زۆرکاتدا لە ئەزموونی خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەزدا، پرۆسەی دۆنادۆن دێتە کایەوە، واتە تێکەڵاوبوونی ڕوحی نێوان هەردووکیان، تا ئەو ڕادەیەی دەتوێنەوە لە یەکتری. بە مانایەکی تر، لە ئەزموونی خۆشەویستیدا، هەردوو ڕەگەز بوونی خۆیان لە بوونی یەکتردەبیننەوە. هەر ئەمەشە وا دەکات کاتێ مرۆڤ خۆشەویستەکەی لە دەست دەدات، کۆتایی بە ژیانی خۆشی بێنێت، چونکە بە تێگەیشتنی خۆی، ژیانی ئەویش دوای خۆشەویستەکەی کۆتایی هاتووە. ئەمەش پەیوەستە بەو ئاوێزانبوونە ڕوحیەی نێوان خۆشەویستەکان. بێگومان تاکە دیاردەیەك لە ژیانی مرۆڤەکاندا کە بشێ پێوانە نەکرێت ڕادەی خۆشەویستی ئێمەیە بۆ بەرانبەرەکەمان.

بەو مانایەی ئەگەر سنوور لە بەردەم هەموو دیاردەکانی دیکەی ژیاندا هەبێت، ئەوا لە بەردەم خۆشەویستیدا هیچ سنوورێکی دیاریکراو نییە. ئەندازەیەك پێوانەی ئاستی خۆشەویستی ئێمە بۆ بەرانبەرەکەمان بکێشێت. هەر ئەمەشە کاتێ مرۆڤ وەسفی خۆشەویستی خۆی بۆ بەرانبەرەکەی دەکات، هەوڵدەدات ئەم خۆشەویستییە هاوشێوەی هەموو شتێکی ئەم گەردوونە نیشان بدات. لەو ڕوانگەیەوە پەشێو دەڵێت:_

**بەڵێنی هیچت پێنادەم**

**ئەوەندە دەزانم ئێستا خۆشم دەوێی**

**ئێستا وەکو هیمۆگلۆبین**

**لە نێوخوێنمدا دەگەڕێی**

پەشێوی شاعیر، بە مەزندەی خۆی نایەوێت پێوانەی ئەوە بکات کە چەنێ خۆشەویستەکەی خۆشدەوێت، یاخود بەڵێنی ئەوەی پێ بدات کە ڕادەی خۆشەویستی خۆی بۆ دەربخات. وەلێ ئەوەش دەزانێت وەك هیمۆگلۆبین لە نێو خوێنی دایە. هیمۆگلۆبین پێکهاتەیەکی سەرەکی خوێنە و کە ئەو توخمە نەبوو، خوێن نابێت، کە خوێنیش نەبوو، ژیانی مرۆڤ نابێت. کەواتە مرۆڤ بەبێ ئەو توخمە لە پێکهاتی جەستەیدا ناژیت. بۆیە دەبینین پەشێوی شاعیر، خۆشەویستی خۆی بۆ بەرانبەرەکەی وەك ئەو پێکهاتە نیشانداوە. بەو مانایەی ئەگەر ئەویش نەبێت، ژیانی پەشێویش نابێت. کە چی سەیر لەوەدایە، هێشتا لە ڕوانگەی شاعیرئەو بەڵێنە نەدراوە کە پێوانەی خۆشەویستی ئەو بۆ بەرانبەرەکەی چەندە؟ لە کاتێکدا دەبێ لەوە زیاتر سنوورێك هەبێ لە خۆشەویستی شاعیر بۆ بەرانبەرەکەی؟ ئەی ئەگەر بەڵێنی

پێ بدات، ئەو کات چۆن گوزارشت لەو هەستە دەکرێت؟ کە ڕادەی پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەز دیاردەکات. دیارە ئەمەش هێمایەکە بۆ ئەوەی کە هەرگیز لە بەردەم خۆشەویستیدا خاڵێك و پێوانەیەك نییە کە سنوورەکانی خۆشەویستی دیاری بکات. وەك ئەوەی پەشێو کە بەڵێن بە خۆشەویستەکەی نادات چەندی خۆشدەوێت، وەلێ لە گەڵ ئەمەشدا، بۆ ئەو بووە بە هیمۆگلۆبینی خوێن.لێرەوەش ژیانی شاعیر ئاوێزان بووە بە ژیانی خۆشەویستەکەی، چونکە وەك باسمان کرد، ئەگەر ئەو پێکهاتەیە نەبێت لە خوێنی مرۆڤدا ئەوا ژیانیش نابێت. ئەمەش سرووشتی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکانە بە تایبەتیش هەردوو ڕەگەزی جیاواز.لە ڕاستیدا، یەکێك لە خەسڵەتەکانی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان ئەوەیە، کە ژیانیان ئاوێتەی یەکتری دەکەن و بوونی خۆیان لە بوونی یەکتری دەبیننەوە، بۆیە کاتێ دوو مرۆڤ لە ئەزموونکردنی خۆشەویستی نێوانیان دانە، ئەوا بەشێوەیەك ژیانیان بە یەکترییەوە گرێ دەدەن، تا ڕادەی تەواوکردنی ژیانی یەکتری. هەر ئەمەشە وا دەکات کاتێ مرۆڤ خۆشەویستەکەی لەدەست دەدات، ئەویش کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت، چونکە لە ڕوانگەی ئەودا، زەمەن لەو شوێنە دەوستێ کە ژیانی خۆشەویستەکەی کۆتایی دێت. بۆیە لە ئەزموونکردنی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکاندا، بوون و ژیان ئەوە نییە کە لە بنەڕەتدا دەبینرێن، بەڵکو هەموو ژیان بەو ساتانە دەبەسترێتەوە کە خۆشەویستەکەی تیادایە. واتە بوون و ژیانی ئەو لێرەدا پەیوەستە بە بوون و ژیانی مەعشوقەکەی. هەر کاتێکیش زەمەنی ئەو عەشقە کۆتایی هات بە مانا ڕوحی و دەروونییەکەی، ئەوا زەمەنی فیزیکیش کۆتایی دێت کە

پێوانەیەکە بۆ ژیانی ئاسایی ئێمە. لە زۆر کاتدا، لە پرۆسەی خۆشەویستیدا، زەمەن بە مانا فیزیکییەکەی کە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەگرێتەوە، هەستی پێ ناکرێت و هەموو زەمەن وا بەستەیە بەو زەمەنە دەروونییەی کە لە ناخی هەردوو خۆشەویستەکە بوونی هەیە، کە ئەویش ساتەکانی ئاوێزانبوون و گۆڕینەوەی ڕاز و نیازە بۆ یەکتری. لەو ڕوانگەیەوە پەشێوی شاعیر دەڵێت:_

**تا تۆم هەبێ ئازیزم**

**من چیم لە مانگ و ساڵە**

لەو کۆپڵە شیعریەدا، پەشێوی شاعیر تا ئەو ئەندازەیە پەیوەستە بە ئازیزەکەی کە تەنانەت هەموو زەمەن لە چاوی ئەودا دەبینێت. پەشێو پشت دەکاتە زەمەنی فیزیکی و گوێ بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان نادات، بەڵکو هەموو زەمەن دەبەستێتەوە بە بوونی ئازیزەکەی، هەر وەك خۆشی دەڵێت چی لە مانگ و ساڵە. کەواتە بۆ مرۆڤی عاشق وەك باسمان کرد، زەمەن ئەو چرکانە نییە کە تێ دەپەڕن، بەڵکو زەمەن وا بەستەیە بە بوونی مەعشوق. هەر کاتێکیش زەمەنی دەروونی نێوان ئەو دوو عاشقە کۆتایی هات، ئیدی زەمەنیش بە مانا فیزیکییەکەی کۆتایی دێت. بە پێچەوانەوەش هەر کاتێك پەیوەندی نێوان دوو عاشق بەردەوامی هەبوو، ئەوا زەمەنی فیزیکی ئەو بایەخەی نابێت. دیارە ئەمەش پەیوەستە بەو ئاوێزانبوونە ڕوحیەی نێوان دوو مرۆڤ لە ئەزموونکردنی چەمکی خۆشەویستیدا. بەو مانایەی دواجار هەموو زەمەن لە چرکەکانی نێوانیان دەتوێننەوە. ئەمەش گەوهەری ڕاستە قینەی عشقە کە جەستە و ڕوحی دوو مرۆڤ لە بۆتەیەکدا دەتوێنێتەوە و دەیانکات بە یەك مرۆڤ کە هاوشانی یەکتری بن لە

ژیاندا و بە بێ بوونی یەکترهەڵنەکەن. کاتێ ئەو ئاوێزانبوونە ڕوحیە دروست دەبێت، ئەوا دیاردەکانی مەرگ و ژیانیش دەبن بە یەك و مەحاڵە بتوانن بە بێ یەکتری بژین. یاخود لە هەندێ کاتدا هەردووکیان وەك یەکتری یەك چارەنووس هەڵدەبژێرن کە ئەویش مەرگ و مردنە. بۆیە دەبینین کەم نین ئەو چیرۆکە تراژیدیانەی بە سەرهاتی دوو خۆشەویستمان بۆ دەگێڕنەوە، کە مەرگ و دابڕان لە یەکتریان دەکات و بە هۆیەوە کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. ئەوان چونکە ژیانیان ئاڵاوەتە یەکتری و بوونی خۆیان لە بوونی یەکتری دەبیننەوە، ئیدی چارەنووسی ژیانیشیان بە ژیان و مەرگەوە بە یەکەوە گرێ دەدەن. ئەمەش پەیوەستە بەو ئاوێزانبوونە ڕوحیەی عشق لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستی دەکات. بە ڕادەیەك ئەگەر ڕۆژێك و بگرە چەند ساتێکی کورتیش دیدەنی یەکتر نەکەن، ئیدی وا هەست بکەن ژیانیان تەواو بووە. لەم ڕوانگەیەوە پەشێوی شاعیردەڵێت:_

**لەو ڕۆژەوەی لەگەڵمانیت**

**خۆر سبەینان درەنگ هەڵدێ**

لەودەربرینە شیعریەدا، پەشێوی شاعیر دابڕانی خۆی لە خۆشەویستەکەی وەك یاسایەکی فیزیکی و گەردوونی وێنا کردووە. کە ئەمیش هەڵاتنی خۆری بەیانیانە. شاعیر لای وایە بەیانیان خۆر بۆیە درەنگ گزنگەکانی دەردەکەون، چونکە ئەوی لەگەڵ نییە. ئەگەر خۆر هێمای دەرکەوتنی ڕۆژێکی تازە و نوێ بێت لە ژیانی ئێمەدا، ئەگەر خۆر هێمای ڕۆشنایی و بزرکردنی تاریکی بێت و نیشانەی باوەشکردنەوەی ئێمە بێت بە ڕۆژێکی دیکەی ژیان، ئەوا لای

پەشێوی شاعیر هیچ لەو مانایانە نابەخشێت، چونکە ئەوی لەگەڵ دانییە. ڕەنگە مەبەستی شاعیر لێرەدا هەر تەنیا ڕەگەزی بەرانبەر نەبێت، بەڵکو دەشێ نیشتمان بێت، بەلاَم هەر کامیان بێت، گوزارشت لە خۆشەویستی مرۆڤ دەکەن بۆ بەرانبەرەکەی. ئەمەش ئەو دەلالەتە دەگەیەنێت کە لە ئەزموونی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکاندا، کرداری ئاوێزانبوونی ڕوحی دروست دەبێت. ئەو دابڕانە، ئەو هەستە ڕەشبینییە لای شاعیر دروست دەکات کە پێی وا بێت خۆر بەیانیان درەنگ هەڵدێت. لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا خۆر هەر وەکو ڕۆژانی تر ئاسایی دەردەکەوێت، وەلێ چونکە شاعیر ئەوی لەگەڵ دانییە، ئیدی وا هەست دەکات خۆریش لە مەداری خۆی دەرچووە و درەنگ هەڵدێت. بۆیە شاعیرلە میانەی ئامادە نەبوونی ئەویتردا کە خۆشەویستەکەی شاعیرە، وا هەست دەکات خۆریش بەیانیان درەنگ هەڵدێت. ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە لە پرۆسەی عشق و خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەزدا، زەمەنی فیزیکی ئەو بایەخەی نییە، چونکە وەك باسمان کرد لەو کاتانەدا هەموو زەمەنی فیزیکی لە زەمەنی دەروونیدا بەرجەستە دەبێت، بەو مانایەی ئەگەر هەردوو خۆشەویست ئاوێزانی یەکتری بن، ئیدی زەمەن لەو چەند چرکانە دایە و بە پێچەوانەوەش هەرکاتێ لە یەکتری دوورکەوتنەوە و دابڕان، ئیدی لە ڕوانگەی ئەوان زەمەنیش دەوەستێت. کەواتە زەمەنی نێوان دوو عاشق بەر لەوەی زەمەنی فیزیکی بێت، لە بنەڕەتدا زەمەنی دەروونییە. بەو مانایەی زەمەن و شوێن لەو ساتانەدا بەرجەستە دەبن کە دوو خۆشەویست ئاوێزانی یەکتر دەبن، بە بێ ئەوەی بیر لە زەمەنی دەرەوەی ئەو بە یەکەوەبوونەیان بکەنەوە کە زەمەنی فیزیکییە. هەر ئەمەشە وا لە

پەشێوی شاعیر دەکات، کە ساتەکانی دابڕانی لە خۆشەویستەکەی بەو ساتانە بچوێنێت کە ڕۆژی تیادا درەنگ هەڵدێت. ئەگینا لە بنەڕەتدا خۆر ئاسایی هەر وەك ڕۆژەکانی تر لە کاتی خۆی هەڵدێت. وەلێ چونکە پەشێو دوورە لە ئازیزەکەی، ئیدی وا هەست دەکات خۆریش درەنگ هەڵدێت. لە ڕاستیدا لەبەشێکی زۆری شیعرەکانی پەشێودا، هەست بە گوزارشتکردنێکی جوانی چەمکی عەشق و خۆشەویستی دەکەین بۆ بەرانبەرەکەی. بە ڕادەیەك کە دەتوانین بە ترۆپکی خۆشەویستی لە شیعرەکانیدا نیشانی بدەین. بەو مانایەی بە شێوەیەکی هێندە هونەری و ئستاتیکیانە گوزارشت لەو چەمکە دەکات کە پێشتر گوێبیستی نەبووین، وەك ئەو شیعرەی خوارەوە کە دەڵێ:_

**گەر سێوێك بوو لەتی دەکەم**

**لەتێك بۆ خۆم لەتێك بۆتۆ**

**بزەیەك بوو لەتی دەکەم**

**لەتێك بۆ خۆم لەتێك بۆ تۆ**

**خەفەتێکیش بوو بەشت نادەم**

**هەڵیدەمژم وەك دوا پەتۆ**

بێگومان یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی هەستی خۆشەویستی بەخشینە. بەو مانایەی هەردوو ڕەگەز لە دەرەنجامی ئەو پەیوەندییەی لە ئاستی ڕوحیدا بۆیان دروست دەبێت، ئیدی لە هەموو ناخۆشی و شادییەکاندا هاوبەشی یەکتر دەبن. خۆشەویستی تاکە دیاردەی ژیانە کەوا لە مرۆڤ دەکات بۆ بەرانبەرەکەی بەخشندە بێت. نەك هەر ئەمە، بگرە ئامادەی بەخشینە بێ پاداشتیش. کەم نین ئەو مرۆڤانەی لە پێناو خۆشەویستەکەیاندا ئامادەی هەموو قوربانیدانێکن تەنانەت ئەگەر

گیانیش بێت. بۆیە پەشێوی شاعیریش ئامادەیە هەرچی خەفەت هەیە هەڵیگرێت و بەشی خۆشەویستەکەی نەدات.هەروەك لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:_

**خەفەتێکیش بوو بەشت نادەم**

**هەڵیدەمژم وەك دوا پەتۆ**

ئەم شێوازەی گوزارشتکردن لە خۆشەویستی لەلایەن پەشێوی شاعیر بۆ بەرانبەرەکەی، بە بۆچوونی من ترۆپکی خۆشەویستی دەگەیەنێت، چونکە بە شێوەیەکی ئەوەندە هونەریانە و ڕوحیانە گوزارشتی لەو پەیوەندیەی خۆی کردووە، کە بە بۆچوونی من نموونەی کەمە لە شیعری کوردیدا. بۆیە ئەگەر بکرێ خۆشەویستی بە کێوێکی مەزن بچوێنین، ئەوا پەشێولە ترۆپکی کێوەکەدایە. بڕوام وایە، خۆشەویستی لە ئەزموون و شیعرەکانی پەشێودا، ڕووداوێك نییە دروستکراوبێت، بەڵکو بە واقیعی لە ژیانی ئەودا ڕوویداوە و دواتر دێتە نێو شیعر، ئەمەش لە پەراوێزی ئەو هەستە دەروونییەوە دەردەکەوێت کە لە دووتوێی شیعرەکانیدا دەبینرێت. هەستێك کە درك بە مانا قووڵەکانی خۆشەویستی دەکات، هەسنێك کە لە زۆربەی شیعرەکاندا، بە نهێنی بێت، یان ئاشکرا خۆی دەردەخات، هەستێك کە چیرۆکێکی خەمگینانەی خۆشەویستی لە پشتە، کە لە ژیان و شیعری پەشێودا، ڕەنگیداوەتەوەو پێگەیەکی دیاری لە شیعرەکانی گرتووە.

## تاسەی گەڕانەوە لە نێوان پەشێو و قەببانیدا

ڕەنگە هیچ خەونێك بۆ مرۆڤ لە ژیاندا ، بەقەد خەونی شادبوونەوە بە نیشتمان پیرۆز و گەورە و پڕ لە تاسە نەبێت. ئەوانەی لە بەر هەرهەڵومەرجێك بێت نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان جێدێڵن و ڕووە و غەریبی سەرهەڵدەگرن، هەمیشە خەونێکیان هەیە ئەویش خەونی شادبوونەوەیە بە نیشتمان. تاسەی گەڕانەوە بۆ زێدی ڕەسەن و سەرلە نوێ باوەش کردنەوە بەو شوێنەی نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیانە . ئەوانەی نیشتمان جێدێڵن و بە ناچاری مەنفا دەکەنە دوا مەنزڵگای خۆیان، لە دووری نیشتماندا وردە وردە غەریبی گەڵاکانی تەمەنیان هەڵدەوەرێنێت. ئەوان لە باوەشی هەزارەها دیمەنی جوان و باڵاخانەی ناوازە و جەنگەڵستانی سەوزدا، سوکنایی دڵیان نایەت و هەمیشە چاوەڕوانن ڕۆژێك بێت و بگەڕێنەوە نیشتمانەکەیان، تا ئەو ساتەی دەشمرن هەر ئەو خەونە دەبینن. وەلێ کاتێ ناتوانن ئەو خەونە بگۆڕن بۆ واقیع، ئیدی ڕووبەڕووی نائومیدی  و خەفەتی قووڵ دەبنەوە و ژیانیان بە یادەوەرییە بە جێماوەکانی نێو نیشتمان دەسپێرن. لەو ڕوانگەیەشەوە، گەر سەرنج بدەین دەبینین، هەمیشە ئەو شیعرانەی لە مەنفادا دەنووسرێن، هەڵگری گوتارێکن کە ئەویش نوستالۆژیای گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان. بۆیە کاتێ کەسی تاراوگەکراو لە مەنفادا ناتوانێ بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی بگاتەوە، ئیدی هەوڵدەدات نیشتمان لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە بگوازێتەوە نێو خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی. واتە لە نێوان شوێنی واقیعی کە مەنفای کەسی

تاراوگەکراوە لەگەڵ شوێنی خەیاڵی کە نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکەیە، ئەو تەنها بە جەستە لە شوێنی یەکەم دەژیت. دەنا بە ڕوح و هەست لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدایە کە زێدی ڕەسەنیەتی. بۆیە قورسترین پرسیار کە دەشێ کەسی تاراوگە کراو لە ئاستیدا هەموو کات بێ وەڵام بێت، ئەو پرسیارە بێت، کە ئەو کێیە لە دووتوێی ئەو شوێنە نامۆیەدا کە تاراوگەیە؟ کاتێکیش نەیتوانی لەگەڵ ئەو شوێنە هەڵبکات کە مەنفایە، ئیدی پەنا دەباتە بەر گەڕانەوەی نیشتمان لە ڕێی خەیاڵ و ئەندێشەی شیعرییەوە. بەدەربرینێکی تر، شاعیر کاتێ بە جەستە ناگاتەوە نیشتمان، ئەوا بە خەیاڵ ئەو گەڕانەوەیە ئەنجام دەدات و نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی بە هەموو دیمەنەکانییەوە لە شیعردا بەرجەستە دەکات و سەر لە نوێ نیشتمان لە نێو دێڕەکاندا وێنا دەکاتەوە. هەڵبەتە ئەو خەونەی کە مرۆڤی تاراوگەکراو لە خەیاڵیدایە کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ نیشتمانی خۆی، خەونێکە وەك سێبەر بە دوایەوەیە. ئەو لە هەر شوێنێك و لە هەر جێگەیەك بژیت، دواجار خۆی پێ غەریبێکی بێ لانەیە. بۆیە هەمیشە بە خەیاڵی ئەوە دەژیت کە ڕۆژێك دابێت بگەڕێتەوە نیشتمان، تا ئەوساتانەشی کە شاد دەبیتەوە بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی ئەو تاسەیەی هەر هەیە. لەو ڕوانگەیەشەوە گەر سەرنج لە بەشێکی زۆری ئەزموونی شیعری کوردی لە مەنفادا بدەین، دەبینین خەونی گەڕانەوە بۆ نیشتمان، ڕووبەرێکی گەورەی لە شیعرەکاندا گرتووە. ئەم تایبەتمەندییە تا ڕادەیەکی زۆر بە کۆی ئەزموونی شیعری کوردییەوە دەبینرێت، چونکە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد بەشێوەیەك بووە، کە هەمیشە شاعیرانی

ئێمە ڕووبەرووی ئاوارەیی بوونەتەوە. ئیدی شیعریش ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە سیاسییە بووە. شیعری ( هەردێمەوە) ی شاعیری ناوداری عەرەب ( نزار قەبانی ) و هەروەها شیعری ( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) ی شاعیری ناوداری گەلەکەمان (عەبدولا پەشێو) ئەو دوو شیعرەن کە لە ناوەرۆکدا هەلگری ئەو خەونەن کە باسمان کرد. کە ئەویش خەونی شادبوونەوەیە بە نیشتمان. بێگومان لە نێوان هەردوو شاعیردا، وێکچوون و هاوشێوەبوونێکی نزیك هەیە لە ژیانیاندا، چونکە هەردوو شاعیر ناچاربوونە نیشتمانی خۆیان جێبێلن و لە مەنفادا بگیرسێنەوە. بۆیە کاتێ بەراوردی هەردوو دەقەکەش دەکەین، دەبینین گوتاری سەرەکی لە شیعرەکاندا گوتاری گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان و دنیابینی شاعیرەکان، دنیابینیەکی پڕ لە تاسەی شادبوونەوەیە بە نیشتمان. لەو دوو شیعرەدا، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و نیشتمانەکەی بەرجەستە دەبێت، کە لە ساتێك لە ساتەکانی دابڕانیدا یادی دەکاتەوە. لەو دوو شیعرەدا، خەونی گەورەی مرۆڤ دەبینین لە غەریبیدا کاتێ هەموو خەیالی بە لای ئەوەوەیە کە جارێکی تر بە نیشتمانەکەی شاد ببێتەوە. بۆیە شیعر دەکەنە ئاوێنەی گوزارشتکردن لەو دووریە و خەمە قوولەی خۆیان. ئەگەرچی ڕەنگە جیاوازی لە ناوەڕۆکی شیعرەکان هەبێت لە ڕووی بونیادی دەربڕین و گوزارشتکردنەوە، وەلێ دواجار گوتار و ناوەڕۆکی سەرەکی هەردوو دەقە شیعرییەکە، گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان. واتە هەردوو شیعرەکە لە زەمەنی غەریبی و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان نووسراون. ئیدی بە تاسەوەن جارێکی تر بگەڕێنەوە نیشتمان و زێدی ڕەسەنی خۆیان. بۆیە هەردوو شاعیر هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدا

دەژین، کە جارێکی تر بگەڕێنەوە نیشتمانەکانیان. لێرەوەش گوتاری سەرەکی هەردوو شیعرەکە، گوتاری گەڕانەوەیە بۆ ئەوێ کە نیشتمانە. وەلێ بە جیاوازی گوزارشتکردنەوە. لە شیعری (هەردێمەوە) ی قەببانی شاعیردا، دیالۆگی گەڕانەوە ئاراستەی یار دەکرێت، کە لەوێ واتە نیشتمان جێی هێشتووە، بەلاّم لە شیعری ( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) ی پەشێودا، دیالۆگی گەڕانەوە ئاراستەی کۆی نیشتمانە بە هەموو شوێن و دیمەنەکانییەوە. بەو مانایەی شاعیر لە ڕێی ئەو شیعرەوە وەسفی هەموو شوێنەکانی نیشتمان دەکات. هەروەها لە شیعری (هەردێمەوە) ی قەببانی شاعیردا، یەقینێك هەیە بۆ گەڕانەوە، وەلێ لە شیعری پەشێودا ئەم یەقینە نییە. بەڵکو جۆرێك لە دوو دڵی و گومان هەیە بۆ گەڕانەوەی، بە تایبەتیش کە شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێ:_

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە شاعیر هێشتا دڵنیا نییە لە شادبوونەوەی بە نیشتمان. دیارە ئەمەش پەیوەستە بە هەلۆمەرجی سیاسی ئەو کات، کە بچووکترین ئومێدیش بۆ گەڕانەوەی شاعیر نەبوو، بۆیە دوو دڵ بووە لە گەڕانەوەی خۆی. وەلێ دواجار لە ناوەڕۆکی هەردوو دەقەکەدا، ئەو خەونە گەورەیەی هەردووکییان دەبینین بۆ شادبوونەوەیان بە نیشتمانەکانیان. قەببانی خۆشەویستەکەی جێهێشتووە و پەشێویش نیشتمانەکەی. بۆیە هەردووکیان تاسەی گەڕانەوەیانە بۆ نیشتمان. هەر وەك قەببانی لە شیعری (هەردێمەوە) دەڵێت:_

**خۆشەویستم**

**لەم غوربەتە تەمەن بێ یادگاری**

**بەرەو پیری ڕامدەکێشێت**

**مەترسە لێم هەر چەند دوور بم**

**دووریم  تەنیا چەند ڕۆژێکە و هەردێمەوە**

**لەگەڵ شنەی شەماڵ بێت**

**لەگەڵ هاژەی ڕووبار بێ یان باڵی پیرۆزی پەڕەسێلکە**

پەشێوی شاعیریش دەڵێت:__

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**سەرنج دەدەم زەڕنەقوتە چۆن باڵ دەگرێ**

**پەرەسێلکە کۆچەرەکان لە سەرتەلی کارەبا**

**چۆن ڕیزدەبن**

ئەگەر سەرنج لە ناوەڕۆکی هەردوو شیعرەکە بدەین، دەبینین هەردوو شاعیر بە تاسەوە خەونی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەبینن و تالاوی ئەو دووریە دەچێژن. قەببانی خەمی ئەوەیەتی پیر بێت و جارێکی تر نەتوانێ یارەکەی کە لە نیشتماندا جێیهێشتووە ببینێتەوە، چونکە پیری سەرەتایەکە بۆ نزیك بوونەوە لە قۆناغێکی دیکەی تەمەن کە ئەویش مردنە. بۆیە خەمی شاعیر لێرەدا ئەوە نییە کە پیردەبێت، کە خەسڵەتێکی حەتمی ژیانی مرۆڤەکانە، بەڵکو ترسی ئەو لەو پیربوونەدا لە غەریبی ئەوەیە، کە جارێکی تر خۆشەویستەکەی

نەبینێتەوە بە هۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لە نیشتماندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، شاعیر بە ئومێدەوە دەژیت و یارەکەی دڵنیا دەکاتەوە کە چەنێ ئەو دووریە بخایەنێت، سەرەنجام کۆتایی دێت و ئەو هەر دەگەڕێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی تێڕوانینی پەشێوە کە ئەگەرێکی خستۆتە گەڕانەوەی، واتا هێشتا دڵنیا نییە لەوەی کە ئاخۆ ئەو جارێکی تر دەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی یاخود نا؟ کاتێ قەببانی شاعیریش هەست دەکات کە ناتوانێت بە جەستە بگەڕێتەوە نیشتمان، ئیدی دەیەوێت کرداری گەڕانەوە بە خەیاڵاوی بکات، هەر وەك خۆشی ئاماژەی پێ دەکات کە لەگەڵ شنەی شەماڵ و باڵی پەڕەسێلکە و هاژەی ڕووباردەگەڕێتەوە. لێرەوەش ئەوەی دەگەڕێتەوە خەیاڵ و ڕوحی شاعیرە، دەنا بە جەستە شاعیر هێشتا دوورە لە نیشتمان، وەلێ کاتێ مرۆڤ لە خاك و نیشتمانی خۆی دادەبڕێت، ئیدی هەمیشە لە خەیاڵ و ئەندێشەی گەڕانەوەدایە. وەك چۆن پەشێوی شاعیریش ئەگەر ئەمجارە بگەڕێتەوە، ئەوا سەرنج لە هەموو دیمەنەکانی نیشتمان دەدات، تەنانەت بە زەڕنەقوتە و پەڕسێلکەکانی سەرتەلی کارەباشەوە. ئەم هێماکردنەی پەشێوی شاعیر، دەلالەتە بۆ ئەوەی کە کاتێ مرۆڤ لە خاك و نیشتمانی خۆی دایە، ئیدی ئەو پەیوەستبوون و خۆشەویستییەی نییە بە دیمەن و شوێنەکانەوە، وەلێ کاتێ ئاوارە و پەڕاگەندەی وڵاتانی تر دەبێت و لە نیشتمان و خاکی خۆی دووردەکەوێتەوە، ئەوسا درك بەوە دەکات کە دوورکەوتنەوە لە نیشتمان، چ برینێکی قووڵە. برینێك تەنیا بە شادبوونەوە بە نیشتمان سارێژ دەبێت. بۆیە پەشێو غەمگینانە تا ڕادەی پەشیمان بوونەوەش، ئەگەر ئەمجارە بگەڕێتەوە نیشتمان، ئەوا سەرنج لە دار

تێلەکانی سەر شەقام و زەڕنەقوتە و پەڕەسێلکەش دەدات کە دەشێ ئەو کاتانەی لە نیشتمان بووە، هەر سەرنجیشی لێ نەدابن. نەك هەر ئەمە، بگرە گیایەکی تفتیش تێر تێر دەخوات و پێ و بەڵەکی لە شەو نمی سارد هەڵدەسوێ. هەموو ئەودەربڕینانە گوزارشتن بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خاکەکەی ئەو کاتانەی لە نیشتمان دوورە. ئەگەر نا دەکرێ بپرسین، پەشێو ئەو کاتانەی لە نیشتمان بووە، بۆچی سەرنجی لە زەڕنەقوتە و دارتێلەکانی سەر شەقام نەداوە؟ خۆ ئەو کاتیش ئەو دیمەنانەی بینیون؟ وەلێ ئێستا چونکە لە نیشتمان دوورە، ئیدی خەیاڵ و بیرەوەری گەڕاوەتەوە سەر بچووکترین دیمەنی نیشتمانەکەی. هەر بۆیەشە بە تاسەوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێت کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە هەموو دیمەنەکانی نێونیشتمانەکەی ڕابمێنێت. ئەمەش وەك هێمایەك بۆ دووری و دابڕان لە نیشتمان و تاسەی گەڕانەوە بۆی. لێرەوەش ئەگەر سەرنج لەو شیعرەی پەشێو بدەین، دەبینین شاعیر بە ئەندازەیەك غەریبی نیشتمانەکەی دەکات، تەنانەت دارتێلەکانی سەر شەقامیشی دێنەوە یاد، واتە ئەوەندە بە قووڵی تاسەی بینینەوەی نیشتمانەکەی دەکات، پێچەوانەی قەببانی شاعیر، کە تەنها خەیاڵی لای یارەکەیەتی، کە ئاخۆ جارێکی تر دەیبینێتەوە یاخود نا. واتا جیاوازی نێوان هەردوو شاعیر لە گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانەکانیان لەوەدایە، قەببانی بە تەنیا لە سۆنگەی یارەوەیە تاسەی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات، وەلێ پەشێو لە سۆنگەی تاسەی هەر هەموو نیشتمانەوە دەگەڕێتەوە. دووری پەشێو لێرەدا، دووری مرۆڤێکە لە خاکەکەی کە هەموو خۆزگەی جارێکی تر شادبوونەوەیە بەو خاکە. پێچەوانەی قەببانی، پەشێو

خەیاڵ و بیری لای یەك بە یەکی دیمەنەکانی نیشتمانە هەر وەك خۆشی دەڵێت:_

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**سەرنج دەدەم گوڵەگەنم چۆن زەرد دەبێ**

**هەنار و سێو چۆن پێ دەگەن**

**زەرنەقوتە چۆن باڵ دەگرێ**

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**لە گۆی مەمکی هەر کانیاوێك قومێ ئاو دەخۆمەوە**

**گشتیان دەکەم بە دایکی خۆم**

پەشێوی شاعیر، ئەوەندە غەریبی نیشتمانەکەی کردووە، ئەگەر جارێکی تر ژیان دەرفەتی پێ بدات بگەڕێتەوە ، ئەوا بە تاسەوە سەرنج لە هەموو دیمەنەکانی نیشتمان دەدات. دووری و دابڕانی شاعیر لە نیشتمانەکەی، کاریگەریەکی ڕوحی و دەروونی وای لە سەر ژیانی شاعیر لە مەنفادا دروستکردووە، ئەگەرجارێکی تر بگەڕێتەوە تاسەی ئەو دووریەی خۆی بە هەموو دیمەنەکانی نیشتمانەوە دەشکێنێت، بەڵام قەببانی بە تەنیا مەبەست لە گەڕانەوەکەی بۆ نیشتمان بینینەوەی یارەکەیەتی، جگە لەمە خەیاڵی بە لای شتەکانی دیکەی نیشتمان ناچێت. وەلێ پەشێو لە شیعری ( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) بە پێچەوانەی قەببانی شاعیرەوە، نیشتمان بە هەموو جوانی و یادەوەریەکانییەوە لە ڕێی ناوەڕۆکی شیعرەکەوە دێنێتەوە نێو بوون و ژیانی خۆی. بۆیەشە لە شیعرەکەیدا ئاماژەی بە هەموو لایەنەکانی نیشتمان داوە. لێرەوەش ئەگەر غەریبی قەببانی وەك شاعیرێك بۆ نیشتمانەکەی لە سۆنگەی یارەوە بێت، ئەوا بۆ پەشێو لە سۆنگەی

خاك و نیشتمانە، بە تایبەتیش مەنفا هەمیشە ئەو شوێنەیە کە تیایدا نوستالۆژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمانی ڕاستەقینە لای مرۆڤەکان قووڵتر دەکاتەوە. واتا بیرکردنەوە لە نیشتمان لە مەنفادا، جیایە وەك ئەوەی لە خودی نیشتماندا ئەو بیرکردنەوەیە بکەین. بە تایبەتیش کە لە مەنفادا هەمیشە مرۆڤ هەست بە جۆرێ لە بێ ناسنامەیی و غەریبی و بێکەسی دەکات. پەشێو چونکە دووری و دابڕانی لە کوردستاندا کاریگەریەکی گەورەیان لە سەرهەست و نەست و تێڕوانینی جێهێشتووە، ئیدی لە شیعری ئەگەر ئەمجارە بێمەوە، بە تاسەیەکی زۆرەوە چاوەڕوانە بگەڕێتەوە نیشتمانی. کە دەگەڕێتەوەش، سەرنج لە هەموو جوانی و ناشرینییەکانی نیشتمان دەدات. واتە تاسەی دووری خۆی بە هەموو شتەکان دەشکێنێت. خۆشبەختانە دوای ساڵانێکی زۆر لە غەریبی و دابڕان لە نیشتمان، پەشێوی شاعیر جارێکی تر بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی شادبووەوە کە لە شیعری ئەگەر ئەمجارە بێمەوە وەسفی کردووە. وەلێ نازانین ئایا لە ڕوانگەی پەشێو لە ئێستادا، نیشتمان هەمان ئەو نیشتمانەیە کە ئەو لە شیعری ئەگەر ئەمجارە بێمەوە وێنای کردووە، یاخود نیشتمانێکی دیکەیە کە ئەو خۆزگەی دەخواست بەم شێوەیە نەبێت وەك ئەوەی ئەو بە چاوی خۆی لە واقیعدا بینی و بۆی گەڕایەوە، کە هەمیشە تاسەی گەڕانەوەی دەکرد.

# چاو وەك جی پی ئێس

چاو، یەكێكە لەو هەستانەی لە كۆی ئەو پێنج هەستەی بونیادی بایۆلۆژی مرۆڤ پێكدەهێنن. لە ڕێگەی چاوەوە، ئێمە دەبینین و وێنا دەكەین و دواتر لە یادەوەریماندا هەڵیدەگرین. بە گشتی چاو لە شیعری كوردیدا، وەك كەرستەی جوانی مامەڵەی لەگەڵ كراوەو زمان و شیعری كوردی، پڕە لەو دەستەواژەو دەربڕینانەی وەسفی جوانی چاو دەكەن و هێزێكی سەر سوڕهێنەرانە بە چاو دەدەن. ئەمە وێرای ئەوەی هەر لە ڕێگەی چاوەوە، شاعیر زۆر جار وەك فۆتۆگرافەرێك وێنەكان دەبینێت و لە گۆشەیەكی سێ ڕەهەندییەوە، وێنەكە دێنێتەوە نێو شیعر. گۆران، ئەگەر گەشتی هەورامان و مۆسكۆی نەكردایە و لە نزیكەوە بە چاوەكانی ئەو هەموو جوانی و ڕازاوەیی و پێشكەوتن و دیمەنە سرووشتییانەی ئەو شوێنانەی نەدیبایە، ئەستەم بوو بتوانێت شیعری مۆسكۆی جوان و گەشت بۆ هەورامان بنووسێت، بۆیە ئەم دوو دەقە، ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییەی شاعیرن بەو دوو شوێنەوە، لە ڕێگەی گەشت و سەفەر و ئەو پەیوەندییەش، بە هەستی بینین وێنە كراوە و تۆمار كراوە. لە شیعری گەشت بۆ هەوراماندا، گۆران بە جۆرێك وەسفی سرووشت و خانوو، هەموو لایەنە پێكهێنەرە مرۆیی و سرووشتییەكانی ئەو ناوچەیە دەكات، وەك ئەوەی كامێرامانێكی ورد و زیرەك و بە پێشكەوتووترین ئامێری فۆتۆیی سەردەم وێنە و ڤیدیۆی ئەو شوێنانەی گرتبێت، هەموو ئەمانەشی لە ڕێگەی بینینەوە بەرجەستە كردووە. بێگومان چاو لە شیعری كوردی

و له ئەدەبیاتی نووسین و سەر زارەكی ئێمەدا، پانتایەكی گەورەی گرتووە و هێمایە بۆ جوانی و سەرنج ڕاكێشان و نیگاكردن و پەیوەندی سۆزداری و گۆڕینەوەی  ڕاز و نیاز لە نێوان دوو كەس و بە تایبەتیش عاشقەكان. وەك ئەوەی دەگوترێت عشق لە یەكەم نیگاوە دەست پێ دەكات. لەو سۆنگەیەشەوە، چاو وەك بابەتێكی دیاری شیعری دەبینرێت و سیمبولی پەیوەندی و وێناكردن و بینین و بگرە لایەنێكی جوان و سەرنج ڕاكێشی ڕەگەزەكەی ترە، كە گوزارشتی لێ دەكرێت، بەلاّم چاو لە شیعری ( چاو) ی پەشێودا،    تەنها هەستێك نییە، بەڵكو   ڕێ پیشاندەری شاعیریشە، لە ژیان و ڕۆژگاری تووش و نەهات دا. چاو ڕێگەیە، دواتریش دەكرێتە ئەو ئامێرە ئاڵۆز و پێشكەوتووەی كەشی پێ پێشبینی دەكرێت و پێوەری باو و باران لە بەردەم ئەو چاوەدا، هیچ نرخ و بەهایەكی زانستی و فیزیكییان نامێنێت و ئیدی ناتوانن كەش پێشبینی بكەن. بەلاّم بێگومان هەموو چاوێك ئەو ڕۆڵ و تایبەتمەندییانەی نییە، بەڵكو تەنها چاوی ئەوی خۆشەویستی پەشێوە، كە ئەمەش ئاستێكی دیكەی بالاّتری دەربڕینی خۆشەویستی پەشێوە بۆ ئەو، كە لە ڕێگەی وەسفی ئەو چاوەوە پیشان دەدرێت. پرسیار ئەوەیە، ئەگەر تەنها چاوی ئەو، وەك هەستێك و بەشێكی بچووك لە جەستەی ئەو، هێندە گەورە و ئاماژەدار بێت، دەبێ ئەو خۆی چەند لای پەشێو گەورە و جوان و خۆشەویست بێت؟ ئەگەر چاوەكەی تا ئەو ئەندازەیە گرنگ بێت، كە ببێتە جی پی ئێسی ژیانی، دەبێ خودی خۆی بە هەموو هەستەكانییەوە، بە هەموو جوانییەكانییەوە، چەند جوان و گەورە و سەرنج ڕاكێش بێت لای

شاعیر و چۆن وەسفی هەموو هەستەکانی دەکرد؟ پەشێو لە شیعری (چاو) دا دەڵێت:_

**ئەگەر لە ناو دارستانێکی چڕدا ون بم**

**ئەگەر لە ناو زەریایەکی پەرکەمداردا**

**کەشتیم تووشی گێژەنێك بێ و سەراو بن بم**

**ترسم نییە تا چاوی تۆ**

**قیبلەنما و ڕێبەرم بێ**

**تا چاوی تۆ نزیکترین بەندەرم بێ**

شاعیر هیچ ترسی لەوە نییە و باکی بەوە نییە، لە نێو دارستانێکی چڕدا، یان زەریایەکی گێژەنا، کە هێمانە بۆ ترسێکی گەورە و قووڵ ون ببێت، بەڵکو سەیرکردنێکی چاوی ئەو بە تەنها، بەسە بۆ ئەوەی زۆر بە ئاسانی ڕزگاری بێت. ئەم چاوە، وەك ڕێبەرێك بۆ ئەوانی نێو جەنگەڵستان، دەبێتە ڕێ نیشاندەر و هاوکات فریادرەسیش، بە هەمان شێوە لە نێو زەریاش دەبێتە کاپتنێك و کەشتییەکە بە سەلامەتی دەگەیێنێتە کەنارەکە. ئەم چاوە، توانا و هێزێکی هێندە گەورە و سیحرییانەی هەیە، کە دەتوانێت مرۆڤێك لە مردنێکی حەتمی ڕزگار بکات. بێگومان هەزاران جار لە شیعری کوردی باسی چاو، وەسفی چاو، بە شێوەیەکی جوان و ناوازە کراوە، بەڵام بڕوام وانیە لە هیچ شیعرێکدا، بەو ئاستە جوان و بەرزە وەسفی چاو کرابێت. چاو لەو شیعرەی پەشێودا، کە ناونیشانی شیعرەکەشە، چاوێك نییە تەنها بۆ بینین، چاوێك نییە وەك هەر چاوێکی دیکە جوان و ناوازە و سەرنج ڕاکێش بێت و جوانی ژنی پێ بناسرێتەوە و سیمبولی جوانی بێت، بەڵکو چاوێکە، هاوشێوەی دار حەساکەی مەسیح هێزی هەیە، چونکە

مرۆڤ له ترس و  مردن ڕزگار دەكات. دواتریش هەمان ئەو چاوە، دەبێتە ڕزگاركەر بۆ جیهانیش له ڕووداوە سرووشتییەكانیش، بەو پێیەی پێشبینی ڕووداوە سرووشتییەكان دەكات. ئەمجارەیان هەمان ئەو چاوە، دەبێتە پێوەری باو و باران و پێشبینییەكانی كەش، وەك نێوەندێكی گەروودنناسی و فیزیكی دەكات. دەزانێت باران چۆن دەبارێت، با له كوێ هەڵدەكات، كام كێڵگە تێنووە و پێویستی بە ئاوە، هەر وەك شاعیر دەڵێت:_

**خەڵكی گوێ لە ڕادیۆ دەگرن**

**بۆ ئەوەی كەش پێشبینی بكەن**

**منیش كە ئێوارە دادێ**

**تەماشای چاوی تۆ دەكەم**

**دەزانم با لە كوێ ڕادێ**

**پلەی گەرمی لە چەندەوە تا چەند دەڕوا**

**باران كام كێڵگە ئاو دەدا**

**كام دارستان كام چیا دەشوا**

لێرەدا، چاو له وەسفی سرووشتییانەی خۆی وەك یەكێك له هەستەكانی مرۆڤ دەرهێنراوە و سرووشتێكی زانستییانەی پێ دراوە و هاوشێوەی پێوەرێك، پێوانەی باو و باران دەكات. ئەمە وێرای ئەوەی وەك جی پی ئێسێكیش، له نەخشە ڕێگە و چوون و دەرچووندا، شوێن و ناونیشانەكان بۆ شاعیر دیاری دەكات. بەمەش چاو چیتر هەر تەنها هێمای جوانی ژن نییە، بەڵكو گوزارشت له هێز و توانای جەستەیانەشی دەكات.

## پێگەی ژن لە شیعری پەشێو دا

ژن، پێگەیەکی بەرز، جوان و پڕ شکۆی لە شیعری پەشێودا هەیە. زۆر جار، دەیهێنێتە ئاستی گەردوون، بوون و ژیان و یەکسانی دەکات بە بوون بەگشتی، کە ئەگەر ژیان ژنی تێدا نەبێت، وەك ئەوە وایە گەردون بە گشتی هەڵگری هیچ توخمێکی دیکە نەبێت. ئەم ڕوانینە بۆ ژن، ڕەنگدانەوەی ئەو دیدگا مرۆڤدۆستیەیە کە شاعیر بۆ ژن هەیەتی. پەشێو هیچ کاتێك ژن وەك ئامێر و کەرستەیەك لە خزمەتی پیاو نابینێت، کە ئەرکی تەنها لە ماکێکی سێکسی کورت بکرێتەوە، وەك ئەوەی لای بەشێك لە شاعیرانی دیکەی کورد دەبینرێت. بۆیە لە کۆی شیعرەکانی ئەودا، ڕوانینێکی پۆڕنۆیانە بۆ ژن نییە، ڕەنگە لە بەشێك لە شیعرەکانیدا، جۆرێك لە ئیرۆتیك لە وەسفی جەستە و لایەنی بایۆلۆژی ژن هەبێت، بەڵام ئەم وەسفە، لە چوارچێوەی هەستێکی سەرنج ئامێز و خۆشەویستانە، ناپەڕێتەوە بۆ هەستێکی پۆڕنۆیی، بۆیە کە ئەو شیعرانەشی دەخوێنینەوە، کە باسی مەمك و چەناگە و لایەنەکانی دیکەی جەستەی ژن دەکەن، ئێمە ناوروژێین و هیچ هەستەوەریەکی سێکسیمان لا دروست نابێت. پەشێو، ژن وەك بزوێنەری ژیان، مانەوە و هێزی بەردەوامی ژیان بە گشتی دەبینێت. لەو سۆنگەیەشەوە، گەلێك شیعری بەرز و ڕۆمانسییانەی بۆ ژن نووسیوە و ژنی بردۆتە ئاستێکی هێندە باڵا، کە بەهایەکی گەورەی مرۆیی و ژیانی پێ دەدات. پەشێو، لە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان خۆی و ئەویتردا، پێوەرێك دادەنێت کە نەك هەر

خۆشەویستی تێدا پێوانە ناكرێت، بەڵكو تا ئێستا زانست بەو هەموو پێشكەوتنەی خۆیەوە، نازانێت مەزندەی پێوانەی ئەو دوورییە بكات، كە ئەویش دووری نێوان زەوی و ئاسمانە. پەشێو لە شیعرێكدا دەڵێت:_

**خاتوونەكەم**

**بیستووتە ئاسمان چەند دوورە**

**من بارتەقای دووری  نێوان زەوی و ئاسمان تۆم خۆشدەوێت**

بێگومان هەتا ئێستا، مەودای دووری نێوان ئەو دوو پێكهێنەرەی گەردوون نەزانراوە، پەشێو بۆیە ئەمە دەكاتە خەملاندن و مەزندەكردنی خۆشەویستی خۆی بۆ  ئەو، تاكو سنوورێك لە بەردەم ئەو هەست و خۆشەویستییە دانەنێت كە بۆ ئەوی هەیە، بەو مانایەی، ئەگەر هەموو شتێك سنورێكی دیاریكراوی هەبێت و خاڵێكی كۆتایی هەبێت، ئەوا لە بەردەم خۆشەویستی ئەودا، خاڵێك و سنوورێك نییە، كە ئاماژە بە كۆتایی هاتنی ئەو هەست و خۆشەویستییە بكات كە هەیەتی. گەر سەرنج بدەین، پەشێو دووری نێوان هەسارەكانی بە نموونە لە شیعرەكەیدا بۆ پێوانەكردنی ئەو خۆشەویستییە نەهێناوەتەوە، چونكە هەموومان دەزانین دووری نێوان زەوی و هەسارەكانی دیكە، بە ملیۆنان ساڵ مەزندە كراوە و دووریەكەیان لە یەكتری تا ئەندازەیەك پێوانە دەكرێت، بۆیە شاعیر پەنای بردۆتە بەر وێنەیەكی دیكەی شیعری باڵا و گوزارشتێكی دیكەی جیاواز، كە ئەویش دووری نێوان زەوی و ئاسمانە، كە دووریەكی پێوانە نەكراوە. لێرەوەش ئەگەر ئەو دوورییە نەزانرێت، ئەوا خۆشەویستی پەشێویش بۆ ئەو نازانرێت. ئەو بەها و وەسفەی

پەشێو بۆ ژن هەیەتی، لە شیعری ژندا دەگاتە ترۆپك و هیچ وەسفێکی دیکە لە بەرانبەر ئەو وەسفەی لە شیعری ژندا دەیبینین، بە هاو هێزی سەرنجڕاکێشانی نامێنێت. شاعیر لەو دەقەیدا، ژن یەکسان دەکات بە ژیان و گەردوون بە هەموو پێکهاتەکانییەوە و سەر لەبەری ئەو پێشکەوتنە ژیاریی و زانستییەی هاتۆتە ئاراوە، لە بەرانبەر بوونی ژندا دادەڕمێن و جیهان و مرۆڤ دەگەڕێنەوە سەدان ساڵ لەمەو بەر و وەك سەردەمی چاخی بەردینیان لێ دێت. پەشێو لە شیعری (ژن) دا دەڵێت:_

**بە بینینت**

**من دەبمەوە بنیادەمی چاخی بەردین**

**دەچمەوە ناو ئەشکەوتی تار جەنگەڵی چڕ**

**گوێ شل دەکەم**

**بۆ برووسکە و گۆڵەی هەور و بارانی خوڕ**

**شارستانی دوگمە و وایەر بزر دەبن**

بێگومان تەنها بە بینینی ژن، هەموو ئەو گۆڕانکارییە فیزیکی و سرووشتییانە دروست دەبن. مرۆڤ کاتێ دەبێتەوە مرۆڤی چاخی بەردین و هەروەك دەسپێکی ژیانی سرووشتییانەی نێو سرووشتی لێ دێت و ئاشنای هیچ گۆڕانکاریەك نابێت. ئەم هێزە سیحراویی و بزوێنەرییە بە هێزە چییە، وا لە مرۆڤ دەکات بە چرکەیەك ئەو هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە جێ بهێڵێت و بچێتەوە نێو ئەشکەوت؟ بێگومان ژنە. پەشێو لێرەدا، لە بەردەم دوو جۆر جوانی ڕامان دەگرێت کە دەکرێ بە جوانی دەستکرد و خۆرسکانە ناوی بەرین. ژن وەك بوونەوەرێکی جوان و ڕۆمانسی، هەر لە بنەڕەتەوە

هەڵگری جوانییەکی سروشتییە و هێمایە بۆ جوانی، بە پێچەوانەوەی ئەو جوانییە ڕازاوە و دەستکردانەی کە لە ڕێگەی و فیلەر و مکیاژەوە دەکرێن. ئەو جوانییە سروشتی و ڕاستەقینەیەی ژن، هێزێکی هێندە ڕووخێنەری هەیە، کە دەتوانێت ژیان سەرەو ژێر بخات. پەشێو دوای ئەوەی ئەو هێزە بە ژن دەدات، ئەوا هەر بە هەمان شێوە، هێزی ئاوەدانکرنەوەشی پێ دەدات. بەمەش پەشێو ژن وەك میكانیزمی گۆڕانکاریی گەورەی ژیان و سرووشت بە ئاراستەی جوانیتر دەبینێت. پەشێو دەزانێت ئەگەر ژیان وێران بوو، ئەوا بە بێ ژن ئەو ژیانە هیچ چێژ و جوانییەکی نامێنێت، بۆیە دەسەڵاتی ئەوەشی پێ دەدات کە دیسانەوە هەمووومان لە ئەشکەوتی چاخی بەردینەوە جارێکی دیکە بێنێتەوە نێو شارستانیەت. بۆیە ئەمجارەیان دەڵێت:_

**تۆ دەتوانی بە نیگایەك**

**سەوزەڵانێك بە ڕووتەن کەی**

**لە دەستت دێ بە هێمایەك**


**بەردەڵانێك بە چیمەن کەی**

بەمەش پەشێو ئەو هێزە بە ژن دەدات، کە سەوزایی بخاتەوە نێو سرووشت، کە هەم هێمای جوانییە، هەمیش هێمای ژیان و بەردەوامی ژیان. لە کۆتایی شیعرەکەشدا، پەشێو بەو هەموو خاسیەتانەی کە داویەتە پاڵ ژن، قنیاتی نایەت، بەڵکو زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت:_

**تۆ نەك نیوە هەموو دنیای**

جیهان وەك میکانۆیەك لە بەردەم دەستی ژندا یاری پێ دەکرێت، لە یەك کاتدا هێزی ڕووخاندن و بونیادنانەوەی هەیە و هێزێکی گەورەی

به ژن داوه. لێرەدا، دەكرێ ئەو پرسیارە بكەین پەشێو بۆ چی ژن دەكاتە بكەری ئەم تاقیكردنەوەیە؟ مەبەستی چییە؟ بە بڕوای من، لێرەدا پەشێو مەبەستیەتی، هیچ گومانێك لە توانستی هزری و جەستەیی ژن نەهێڵێت و ئەو تێڕوانینە میللی و خێڵەكییە ڕەت بكاتەوە كە ژن بە لاواز دەبینێت، بەمەش ژن دێنێتە ئاستی پیاو و یەكسانی دەكات لەگەڵ ئەم ڕەگەزە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، پەشێو دوای ئەوەی دنیا بە دەستی ژن تێك و پێك دەدا، هەر بەدەستی ئەویش بە نیگایەك دروستی دەكاتەوە. ئەمەش ئەو پرسیارەمان لا دروست دەكات كە بۆچی جارێكی دیكە، جیهان بونیاد دەنێتەوە؟ مەگەر خۆی وێرانی نەكردووە؟ ئەمەش پەیوەستە بەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزە هەیە. چونكە ژن ناتوانێت بێ پیاو ئەزموونی ژیان بكات و بە پێچەوانەوەش. ئەم دوو ڕەگەزە، تەواو كەری یەكترین. وەك ئەوەی خودا ئادەمی لە قوڕ خوڵقاند، دواتریش حەوای لە پەراسووی ئەو وەك ئەوەی دەگوترێت دروست كرد بۆ ئەوەی تەنهایی ئادەم بڕەوێنێتەوە. پەشێو لە شیعری ژندا، هێزێكی سرووشتی و فیزیكی گەورە بە ژن دەدات كە كاریگەریەكانی لە سەر ژیانی مرۆڤ هەر تەنها لەو بوونە ڕۆمانسییە دەرناكەوێت كە زۆرجار لە پەراوێزی جوانی ژنێكەوە گوزارشتی لێ دەكەین،



- دیالۆگ -

دڵتەنگ مەبە
ڕۆژێك دادێ دەچینەوە
کە چووینەوە ش
نیشتمانت لە ریشەڕا هەڵدەکەنێ
ئامێزت بۆ دەکاتەوە
وەك دایکت بە پیرتەوە دێ

ئاگیانە نا قەت وادەکێ
کە دەچمەوە هیچم بە پیرەوە نایێ
بۆنی شتێك بە پیرمەوە دێ
کە ئەو هەموو ساڵ و مانگە
خوێن و بڕبڕەی پشتا هەڵم گرتێ

دڵشاد
١٩٧٦/٧/٢٧

-٨١-

نموونەی شیعرێك لە تێنووسە شیعرییەکە، کە بە دەست نووسیومەتەوە.

بەڵكو  ژن دەكاتە ئەو بزووێنەرەی  كە بە دەركەوتنی دەتوانێت ژیان ژێراو ژوور بكات و مرۆڤ بگەڕێنێتەوە چاخی بەردین. هەموو جوانی و پێشكەوتنەكانی ژیان لە بەردەم ژندا، هیچ شوێنێكییان نامێنێت. ئەمە ئەو دێڕە شیعرەی نالیم بیردێنێتەوە كە دەڵێت ( لە خەوفی تەڵعەتت ڕۆژ هەر وەكو شێت، بە ڕوو زەردی هەڵات و كەوتە كێوان ) نالی لێرەدا، لە بەردەم دوو ڕۆژدا ڕامان دەگرێت، ڕۆژێكی سرووشتی و ڕۆژێكی دەستكرد كە ئەویش جوانی ژنە، بە جۆرێك ڕۆژ بەو هەموو گەرمایی و ڕووناكییەی خۆیەوە، لە بەردەم سیمای ژن ناتوانێت خۆی بگرێت، ئەمە لە كاتێكدا خۆرسەرچاوەی دوو هێزی شاراوە و بە هێزی فیزیكی و سرووشتییە كە لە ژندا نین، كە ئەوانیش گەرمی و ڕووناكین. بەڵام نالی، خۆر وەك گەورەترین هەسارە لە سیمای ژندا بچووك دەكاتەوە. هەڵبەتە ئەگەر نالی تەنها جوانی ڕووخساری ژن لە ئاست هەسارەی خۆردا بە گەورەیی ببینێت، ئەوا پەشێو هەموو گەردوون بە بچووكی لە ئاست ژن دەبینێت و ئەو هاوكێشەیە هەڵدەوەشێنێتەوە كە بڕوای وایە ژن نیوەی كۆمەڵگەیە بەڵكو لای ئەو نەك نیوە هەموو دنیایە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕوانینەیە كە دەڵێن زمانی شیعری پەشێو، زمانێكی نێر سالاریانەیە و پەشێو لە شیعری لە دەستم دێ بەكەم تەماشای ژن دەكات. بە پێچەوانەوە  پەشێو گەورەترین و كاریگەرترین وێنەی ژن دەكێشێت، بە جۆرێك كە بە بێ ژن، ژیانێك بوونی نییە و هیچ مانایەكی نییە. ئەو بە جۆرێك پەیوەستبوونی خۆی بە ژن پیشان دەدات، كە تەنانەت ناتوانێت لێشی تووڕە بێت و بڕەنجێت، وەك ئەوەی كە هەموو مرۆڤێك دەشێ بە هەر هۆكارێكەوە بێت، دڵی لە كەسێك بڕەنجێت و بۆ هەتایە لە بیری بكات،

بەڵام تووڕەبوونەکانی پەشێو لە ژندا، هەر تەنها چەند چرکەیەکی کەمە و ئیدی ژن لای ئەو دیسانەوە دەبێتەوە هەمان ئەو مرۆڤە گەورە و مەزنەی کە پێش تووڕەبوون، ناسیویەتی. پەشێو لە شیعرێکیدا دەڵێت:_

**ئەگەر ڕۆژێك لێت تووڕە بووم**

**ئەگەر ڕۆژێك بڕیارمدا جێت بهێڵم**

**دڵتەنگ مەبە خەمت نەبێ**

**درێژترین ڕێی تووڕەییم**

**لە بەر دەرگا کۆتایی دێ**

هەموو مەوداکانی تووڕەیی پەشێو، لە ڕووی ئەندازەییەوە هەر لە بەر دەرگای خۆشەویستەکەی کۆتایی دێت. واتا چەند پەست و نیگەرانیش بێت، هەر ناتوانێت دەستبەرداری ئەو بێت و تووڕەیەکە هەر ئەوەندە بڕ دەکات، کە دەگاتە نێو دەرگە و کاتێ هەستی دوورکەوتنەوە و ماڵئاواییش دەیگرێت، ئیدی جارێکی دیکە سیحری خۆشەویستی ئەو کێشی دەکاتەوە و تووڕەیەکی ناهێڵێت. ژن لە شیعری پەشێودا، هەر تەنها مرۆڤێك نییە، بەڵکو بوون و ژیانە، کە بە بێ ئەو نە دەتوانێت بژیت، نە سرووشت و ژین و گەردوون و هەموو شتێکیش، هێزو جوانیەکیان هەیە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو دنیابینیە مرۆڤدۆستی و ژندۆستیەیە، کە پەشێو بۆ ژن هەیەتی و بە هیچ شێوەیەك کەمتر لە ڕەگەزەکەی تر تێی ناڕوانێت.

## پەشێو لە نێوان تووڕەیی نیشتمان و غەریبی مەنفادا

ئەزموونی پەشێو، لە ڕووی نووسینی شیعر و زەمەنی دەقەکانەوە، بە سەردوو زەمەنی جیاواز دابەش دەبن، کە ئەوانیش ئەزموونی کورستان و مەنفان. واتا بەشێك لە شیعرەکانی لە کورستان نووسیون و ئەوانیتریش بەرهەمی ژیانی غەریبی و دوورکەوتنەوە لە کورستان و ژیانکردنە لە ئاوارەییدا. ئەگەر لە کورستاندا، پەشێو جۆرێك لە بەریەککەوتن و تووڕەیی و نامۆبوونی هەبێت بەرانبەر کۆمەڵگە و دەوروروبەر و ژیان بە گشتی، ئەوا لە مەنفادا بە پێچەوانەوە، جۆرێك لە غەریبی دایدەگرێت بەرانبەر نیشتمان. تەنانەت هەر خودی ناونیشانی کۆمەڵە شیعرەکەش ( شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم) دەلالەت لە دۆخێکی سایکۆلۆژی ژیانی شاعیر دەکات، کە لە ئاوارەییدا چەند غەریبی نیشتمانی کردووە. ئەگەر بە وردیش سەرنج لە شیعرەکانی بدەین، هەست بەو گۆڕانکارییە سایکۆلۆژییە دەکەین کە لە ژیانی شاعیردا لە غەریبی دروست بووە. ژیانێك کە هەڵگری خەمەکانی نیشتمان و نوستالۆژیای گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. ئەم هێڵە لە شیعری پەشێو، لە شیعری ( ئەگەر هاتی تەنیا وەرە) دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتەوە تا دوایین شیعری. بۆیە ئەگەر بەر لە سەفەر پەشێو لە نیشتمانەکەیدا تووڕە و نیگەران بێت، ئەوا لە غەریبیدا ئە و هەستە پێچەوانە دەبێتەوە و ئەمجارەیان لە بری ئەوەی لە نیشتمان تووڕە بێت، غەریبی نیشتمان دەکات. بۆیە شیعرەکانی مەنفا گوتارێکی نوستالۆژیانەیان بە سەردا زاڵە. پەشێو لە غەریبیدا، هەموو

نیشتمان دێنێتەوە نێو شیعر و ئەو مەودا جوگرافیەی لە نێوان خۆی و کوردستان هەیە، لە ڕێگەی شیعرەوە ناهێڵێت و کوردستانێك لە ناخ و دڵ و دەروونی خۆیدا چێ دەکات. شیعرەکانی پەشێو لە دەرەوەی وڵات دا، ئەوەندەی وەسفی کوردستان دەکەن، ئەوەندە جوانییەکانی ئەوێ نابنە جێی هەڵوەستە و تێڕوانینی ، بەڵکو وا هەست دەکات هەموو بووەکانی ئەوێ، بۆنی نیشتمانەکەی ئەویان لێ دێت. وەك ئەوەی لە شیعرێکیدا دەڵێت:_

**وا هەست دەکەم لە چیاکانی منڕا**

**دەست پێ دەکەن چیاکانی هەموو دونیا**

هەرکەسێك شیعرەکانی پەشێو بخوێنێتەوە، هەست دەکات ئەم شاعیرە بە قەد گەردێکیش لە نیشتمان دانەبڕاوە، گەرچی دووریش بووە لە کوردستان و ئازیزانی. نیشتمان دواجار ئەو ناسنامەیە، کە هێمای بوون و ناسینەوەی شاعیرە لە ئاست ئەوانیتردا. بۆیە کاتێ ڕوو لە دەرەوەی وڵاتیش دەکات، نیشتمان ئەوەندەی دیکە لای پەشێو جوانتر و گەورەتر و پیرۆزتر دەبێت. بێگومان لە نێوان ئەو شیعرانەی ( ڕۆژ نییە لێتان تووڕە نەبم ) و شیعرەکانی ( شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم ) هەست بە دوو دنیابینی جیاواز دەکەین، دنیابینیەك کە ڕەنگدانەوەی نێو واقیعی نیشتمانە، لەگەڵ دنیابینیەك کە ڕەنگدانەوەی ئاوارەییە. لە شیعرەکانی کوردستاندا، پەشێو باس لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی دەکات و شیعر دەکاتە سەکۆیەك بۆ پیشاندانی هەموو ئەو نەهامەتی و بێ دادیی و هەژاری و چەوسانەوەی کورد وەك نەتەوەیەك، لە ژێر سایەی نەیارانیدا بەسەری هاتووە. باس لە نەهامەتییەکانی گەلەکەی دەکات. پەشێو لە شیعرێکدا دەڵێت:_

**ئەو منداڵەی ئێوارە دیم**

**لە سێبەری مزگەوتێکدا**

**برسیەتی لە خۆی لوولدابوو**

پەشێو لەو کۆپلە شیعرییەدا، وێنەی منداڵێکی هەژار و بێ لانەمان پیشان دەدات، کە لە سێبەری مزگەوتێکدا لە برسانا خۆی گرمۆڵە کردووە. ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پەشێو دەیکات و ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، کە بۆچی دەبێت منداڵێك برسیەتی لە خۆی لوول بدات؟ ئەمە پانۆڕامای ژیانی منداڵانی نیشتمانی پەشێوە کە لە چەندین شیعری دیکەشیدا، وەك دوانزە وانە بۆ منداڵان دەبینرێت. ئەو مێژووەی پەشێو لە شیعرەکەیدا باسی دەکات، دوای نیو سەدە زیاتر بوونی هەیە، چونکە ئێستاش منداڵانی ئێمە کار دەکەن و لە دنیای منداڵی خۆیان دوورن و وەك هەر منداڵێکی دیکەی ئەم دنیایە ناژین. ئەم وێنەیە، بە تەنها وێنەی منداڵێك نییە، بەڵکو گوزارشتە لە زەمەن و شوێنی وڵاتێکیش، کە هێشتا منداڵەکانی برسین، لە مانا قووڵ و جوانەکانی دنیای منداڵی خۆیان بێبەشن. کەواتا ئەمە یەکێکە لەو دیمەنە دڵتەزێن و تراژیدیانەی ئازاری شاعیریان داوە. ئەمە پانۆڕامای ژیانی منداڵانی نیشتمانی پەشێوە، لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و نا مرۆیی، کە بەلایەوە ئاسایە بە دیار برسیەتی منداڵێك ڕابمێنێت و هیچ جۆرە ئازارێکی ویژدانی و ئینسانی نەچێژێت. پەشێو لە شیعرێکی دیکەیدا، باس لە نەبوونی ئازادی و کۆت و بەندکردنی وشە و کوشتنی دەنگە ئازاد و سەربەخۆکان لە نیشتمان دەکات. کە دیسانەوە هێمایە بۆ ئەو شوێن و وڵاتەی خودی شاعیر تیایدا دەژیت. ئەمجارەیان دەڵێت:_

خۆشەویستم

خاوەن وشە لەم وڵاتە هەمیشە هاتی نەهاتە

دەیانەوێ وشەکانمان کۆت و زنجیر بۆ پێیان بێت

دەیانەوێت بنوین، بخۆین، بنووسین، بڕۆین ، وەك ئەوان

پەشێو لەم کۆپلە شیعریەیدا، ئاماژە بۆ یەکێ لە پرسە هەرە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤەکان دەکات، کە ئەویش نەبوونی ئازادی و سەربەستییە. بۆیە چارەنووسی هەموو ئەوانەی دەیانەوێت خاوەن وشە بن، بنووسن، چارەنووسێکی نادیار و تراژیدییە، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکاندا، بە هۆی نەبوونی ناسنامەی تاکایەتی و ئازادییە کەسییەکان. لەو کۆمەڵگایانەدا، بە هۆی ستەمی سیاسی و نەتەوەییەوە، مرۆڤەکان لە سادەترین ماف بێبەشن. بۆیە هەر دەنگێکی ئازاد و یاخی، سەربەست، چارەنووسی لە نێو بردنە. شاعیر نایەوێت ژیانێکی هاوشێوەی ئەوان بژیت، نایەوێت بژیت وەك ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، بەڵکو دەیەوێت ژیانێك بژیت کە خۆی هەڵیبژاردووە. پەشێو لە نیشتماندا، ڕەخنەی هەموو دیاردەیەکی دزێو دەکات و شیعر دەکاتە سەکۆی ئەو ڕەخنەگرتنە ، بۆیە بە شیعر بە گژ نادادی و نەبوونی ئازادی و سەربەستی دا دێتەوە و خەون بە جیهانێکی دیکە دەبینێت، کە ژیان و شکۆی مرۆڤی تێدا شکۆمەندانەتر بێت، لەوەی کە هەیە، بەڵام کاتێ نیشتمان جێدێڵێت و دەچێتە مەنفا، ئەمجارەیان گوتاری شیعرەکان تا ڕادەیەك لە گوتارێکی ڕەخنەیەوە دەگۆڕێت بۆ غەریبیکردن و پەشێو ئەوەندە تاسەی نیشتمان دەکات و غەریبی دەکات، تەنانەت دەگەڕێتەوە سەر گڵ و قوڕەکەشی دەلێسێتەوە. پەشێو یەکەم شیعر کە کاتێ ئاوارەی دەرەوە

دەبێت نووسیویەتی، شیعری ( ئەگەر هاتی تەنیا وەرە) یە کە مێژووی ١١/ ٩/ ١٩٧٣ ی بەسەرەوەیە و لە شاری ( ڤەرۆنیژ) کە شارێکە لە خوارووی ڕوسیا و لە سەر ڕووباری ڤەرۆنیژە نووسیویەتی. لێرە بە دواوە، گوتاری شیعری پەشێو لە ڕووی ناوەڕۆك و پەیامەوە، گۆڕانی بەسەر دادێت و لە ئاستی ناوەڕۆکدا دەلالەت لە بابەتیکی دیکە دەکات، کە ئەویش گەڕانەوە بۆ نیشتمان و ژیانی غەریبییە لە مەنفادا. ئەگەر پەشێو لە نیشتماندا توورە بێت، ئەوا لە غەریبی خەونی پێوە دەبینێت و نیشتمانی بە هەموو ناشرینییەکانەوە خۆشدەوێت. ڕادەی غەریبی پەشێو بۆ نیشتمانەکەی و لە نێو نیشتمانەکەشی بۆ زێدی ڕەسەن و شوێنی لە دایکبوونی خۆی کە گوندی بێرکۆتە، دەگاتە ئاستێك کە ئامادەیە گڵ و قوڕی گوندەکەشی بلێسێتەوە. هەروەك خۆشی دەڵێت:_

**ئەگەر ئەمجارەش ڕێم بکەوێتەوە بێرکۆت**

**لێشم بدەی لێشم حەڕامکەی شیری خۆت**

**من بە تەشیەکەی منداڵیما دەڕێسمەوە**

**دار بەرد، گڵ قوڕ، چیم بێتە ڕێ دەیلێسمەوە**

پەشێو لە مەنفادا، بیری گوندەکەی دەکات و سەردەمی منداڵیەتی خۆی بیر دەکەوێتەوە. کە ئەمەش دەلالەتی پیرۆزی شوێن و نیشتمان و زێدی ڕاستەقینەی خۆی دەگەیەنێت. شاعیر ناتوانێت بە واقیعی بگەڕێتەوە نیشتمان، بۆیە هەوڵدەدات بە خەیاڵ لە مەنفادا نیشتمانێك دروست بکات، کە بۆنی نیشتمانی ئەوی لێبێت. پەشێو هەموو دیاردەکانی مەنفا، بە چاوی نیشتمان دەبینێت، تەنانەت سرووشت و شاخ و داخیش، بۆیە لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:_

**وا هەست دەکەم لە چیاکانی منڕا**

**دەست پێ دەکەن چیاکانی هەموو دنیا**

پەشێو نەك تەنها چیاکانی ئەو شوێنەی تێیدا دەژیت، بەڵکو چیاکانی هەموو دنیا دەبەستێتەوە بە چیاکانی کوردستان. تاسەی پەشێو بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان گەیشتۆتە ئاستێك، کەوا هەست بکات کە هەموو چیاکانی دنیا لە چیاکانی نیشتمانی ئەون. بۆیە کە چیاکانی ئەوێ دەبینێت، بە خەیاڵ ئەو وێناکردنە لای خۆی دروست دەکات، کە لە بنەڕەتدا ئەو چیاکانی کوردستان دەبینێت. پەشێو گەرچی بە جەستە لە مەنفا دەژیت، بەڵام بە ڕوح و بە خەیاڵ، خەیاڵی هەر لای نیشتمانە. هەموو ئەو کاتانەی لەوێیە، هەست ناکات لە کوردستان دوورکەوتۆتەوە، بۆیە کاتێ موژدەی ئەوەی پێ دەدەن ڕۆژێك دێت دەگەڕێتەوە نیشتمان و ئەوسا هەموو شتێك بە پیرییەوە دێت و لە پێشوازی دەبێت، ئەو گومان دەکات و دەڵێت شتێك بە پیرییەوە نایەت کە ئەو هەموو ساڵە، لە خوێن و دڵ ودەروونی هەڵیگرتووە. پەشێو دەڵێت:_

**نا گیانە نا قەت وا مەڵێ**

**چۆن شتێك بە پیرمەوە دێت**

**کە ئەو هەموو ساڵ و مانگە**

**لە بڕبڕەی پشت و خوێندا هەڵمگرتبێت**

پەشێو ئەم شیعرەی سێ ساڵ دوای دەرچوونی لە کوردستان نووسیوە، کە چی لە دووتوێی شیعرەکەیدا، باس لەو هەموو ساڵ و مانگە دەکات، کە کوردستانی لە خۆیدا هەڵگرتووە. لێرەدا غەریبی پەشێو بۆ نیشتمانەکەی، وەك ئەوەی سەد ساڵ بێت لێی دوور بێت، بە زەمەنی

فیزیکی وێنا ناکرێت، واتا بە مانگ و ساڵ و ڕۆژ، بەڵکو بەو زەمەنە دەروونییە و ئەو کاریگەریە ڕوحیە پێوانە دەکرێت، کە لە نێوان دووری نیشتمان و ناخی ئەو دایە. گەر سەرنج لە مێژووی نووسینی ئەو شیعرانە بدەین، کە پەشێو دوای دەرچوونی لە کوردستان، لە کۆمەڵە شیعری ( شەونییە خەونتان پێوە نەبینم ) نووسیونی، درك بەوە دەکەین کە کاریگەریەکانی دابڕان لە وڵات و دوورکەوتنەوە لە کوردستان، بە خێرایی و بە قووڵی،بەشێوەیەکی دراماتیکی ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیان و دنیابینی پەشێو هەبووە. شاعیر بە شێوەیەك باس لە دوورکەوتنەوەی خۆی دەکات، وەك ئەوەی سەدەیەك بێت لە کوردستان دوور بێت. پەشێو لە غەریبیدا، بۆ چرکەیەکیش نیشتمانەکەی لە بیرنەکردووە، بگرە بە یادی ئەو ڕۆژانەی کە لە کوردستان بووە، لە دەرەوە ژیاوە. جوانییەکانی مەنفا نەبوونەتە جێی سەرنج و جوانی شاعیر و بە پێچەوانەوە ئەو لەوێدا، خەیاڵی گەڕانەوە بۆ گوڵە گەنمەکانی کوردستان و ڕووبار و کانیاوەکان دەکات، ئەمجارەیان دەڵێت:_

**زستانی پار لەگەڵما بووی**

**هاژە و خوڕەی زێی سیروانم لەگەڵ دابوو**

**گوڵە گەنمێکی گەرمێن و کلووە بەفرێکی کوێستانم لەگەڵ دابوو**

بێگومان لەوێش ڕووبارو کلووە بەفر و زێ و کانیاو هەن، ئەی بۆچی نەبوونەتە جێی سەرنجی پەشێو و دەگەڕێتەوە سەر ئەوانەی کوردستان؟ دیار ئەمە ڕادەی وابەستەیی و خۆشەویستی شاعیر بۆ

کوردستان دەردەخات. پەشێو لە کوردستاندا، ئەگەر تووڕە و نیگەران بێت، یاخی و نائومێد بێت لە زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و میللی، ئەوا دوای ئەوەی کوردستان جێدێڵێت، بە بەردەوامی غەریبی کوردستان دەکات و تاسەی بینینەوەی دەکات. ئەم تاسەیەش لە شیعری ئەگەر ئەمجارە بێمەوە دەگاتە لوتکە. بۆیە لە نێوان شیعرەکانی ڕۆژ نییە لێتان تووڕە نەبم و شەونییە خەونتان پێوە نەبینم، دوو گوتاری جیا هەن، کە پەیوەندییان بە دیدگا و دنیابینی پەشێو لە کوردستان و مەنفادا هەیە و شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵومەرجە دەروونی و زەمەن و شوێنییەن، کە دەکەونە نێوان کوردستان و سۆڤیەتی پێشوو، کە بە جۆرێك گۆڕانکاری لە دنیابینی شاعیر دێتە ئاراوە، کە لە میانەی ناوەڕۆکی شیعرەکانەوە هەستی پێ دەکەین و دەزانین شاعیر چەند تاسەی بینینەوەی کوردستان و گەڕانەوە بۆ بێرکۆت دەکات. ئەو نوستالۆژیایە لە شیعری پەشێودا، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، قووڵتر لە سەر ژیان و دەروونی پەشێو دەردەکەوێت. بۆیە دوای ساڵانێك ژیان لە غوربەت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی نائومێد دەبێت لەوەی بە خاکی کوردستان شاد بێتەوە، ئیدی بێ ئومێدی خۆی لە گەڕانەوە دەردەبڕێت و دەڵێت:_

**منیش زراوم ڕژاوە**

**دەترسم لە سەرە مەرگا سییەکانم بزریکێنن**


**بۆ تۆسقاڵێك هەوای وڵات**

**دەترسم بمنێنە خاکێك**

**نەمن ئاشنای بۆنی ئەو بم**

**نە زمانم ئەو تێی بگات**

ترسی پەشێو لە سەرە مەرگدا، لە بەر ئەوە نییە کە دەمرێت، بەڵکو ترسە لەوەی بەر لە مردنی، نەتوانێت جارێکی تر پڕ بە سییەکانی هەوای ولاَت هەڵمژێت. یاخود تەرمەکەی لە خاکێك ژێر گڵ بکرێت، کە هیچ کامێکییان ئاشنای یەکتری نەبن. ئەو تاسە و ترسەی پەشێو، درێژدەبێتەوە تا زەمەنی دوای ڕاپەرین و بەهاری ئازادی ئێمە و سەرەنجام پەشێو بە کوردستان شاد دەبێتەوە، بەلاَم بەداخەوە هەر زوو نا ئومێد دەبێت و ئەو نیشتمانەی بە درێژایی ژیانی غەریبی ، لە شیعرەکانیدا خەونی بە گەڕانەوەی دەبینی، کاتێ لە زەمینەی واقیع دەیبینێت و تیایدا دەژیت، ئیدی لای دەبێتە وەهمێك و بە دڵشکاویی و ڕەنجاوییەوە جارێکی تر مەنفا دەکاتەوە دوا مەنزڵی ژیانی و ئێستاش لەوێ دەژیت، چونکە دەزانێت ئەو نیشتمانەی ئەو خەونی پێوە دەبینی و ئەوەشی لەدوای ڕاپەڕین دروستمان کرد، چەند لە یەکترییەوە جیاواز و دوورن. دەبوو ئێمە ولاَتێك بونیاد بنێین، بەلایەنی کەمەوە لە ئاست ئەو خەونە گەورەیەی پەشێو و هەزارانی وەك ئەو بێت، ولاَتێك مرۆڤ تیایدا شکۆمەندانە بژیت، بەلاَم بەداخەوە پێچەوانەکەیمان بینی و ئەمەش وایکرد ئیدی شاعیریش بۆی نەگەڕێتەوە و مەنفا بکاتە دوا مەنزڵی ژیانی، تا ئەو ڕۆژەی چاوەکانی لێك دەنێت و دەمرێت.



سکێچی وێنەی شاعیر ، کە لەلایەن هاوڕێی جوانەمەرگم ئازاد مارکس،

بۆ تێنووسەکە کێشراوە.

# شیعر وەك پەیام

پەشێو، شیعر وەك پەیامێکی مرۆیی گەورە بۆ ڕزگارکرنی گەلەکەی و مرۆڤایەتی بە گشتی، لە جەور و ستەم و نادادپەروەری دەبینێت. بۆیەشە بەردەوام لە سەنگەری نەتەوەکەی دابووە و داکۆکی لە ئازادی و سەربەستی و یەکسانی و مرۆڤدۆستی کردووە. بە گژ جەلاد و ستەمکار و خۆفرۆشان دادێتەوە و شیعر وەك میکانیزمی ڕەخنەی سیاسی و هزری و کۆمەلأیەتی دەبینێت. پەشێو، ڕەخنە لە هەموو ئەو دیاردە و تێگەیشتنە دواکەوتوو نامرۆیانە دەگرێت کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە. هەر لە نادادپەروەریی و شکاندنی شکۆی مرۆڤ و نەبوونی ئازادی و سەربەستی و براکوژی و چەندین دیاردەی دیکە. ئەو بڕوای وایە، شیعر پەیامێکە دەبێ لە خزمەت ئینسانییەت دابێت. بێگومان نابێ شیعر بەدەر کەین، لەو هەلومەرجە مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیەی ئەو کاتی ژیانی شاعیر، کە پێداویستی ئەوە دێنێتە ئاراوە، شیعر جۆرێك لە پەیامی سیاسی و نەتەوەیی هەلگرتبێت. کورد بەو پێیەی وەك نەتەوەیەك، بەردەوام لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی سیاسی و نەتەوەیی دابووە، ئیدی ئەدەبەکەشی بە گشتی ڕەنگدانەوەی ئەو سەرخانەی کۆمەڵ بووەو شاعیرانی کورد هەمیشە لە سەنگەری بەرگری لە نەتەوە و کوردستان دابوونە و لەو ڕێگەیەشەوە هەندێکیان بە تێکۆشانی سیاسی و چەکداری و هەندێکی تریشیان قەڵەم هاوتای تفەنگ دەکەن و دەیخەنە سەنگەری داکۆکی لە کوردبوون و پرسی ناسنامە. سەدەی ڕابردوو، بە تایبەتیش نێوان

هەردوو جەنگی جیهانی، سەدەی ئازادی گەلان و تێکۆشانی نەتەوەیی و هاوکات ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتیش بووە، بۆیە چەند ڕەمزێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی دەردەکەون، کە دەبنە سیمبولی تێکۆشان بۆ ئینسانییەت و ئازادی و مرۆڤایەتی، لە شێوەی گیڤارا. ئەم گۆڕانکارییانە، ڕەنگدانەوەیان لە سەر هزر و تێڕوانینی شاعیرانی کورد هەبووە و خەباتی نەتەوەی و چینایەتی و گەلان، وەك چەوسانەوەی ڕەشپێستەکان و شۆڕشەکانی ئەفەریقا و جەنگی ڤێتنام و چەندان ڕووداوی دیکەش، کاریگەریەتیان لە سەر دیدگای پەشێو هەبووە و شیعری بۆ ئازادی گەلان و گیڤارا و دژە دۆلارەکان نووسیوە. هەڵبەتە، ئەگەر ئێمە ئەو هەڵوێستە ئینسانی و نەتەوەییانەی مرۆڤی کورد بە گشتی، بەراورد بکەین بە هەڵوێستی گەلانی ترەوە، بە داخەوە ڕەنگە شیاوی بەراورد کردن نەبن. بۆ نموونە: کاتێ شاعیرانی کورد، پشتگیریی لە خەباتی ڕەواو نەتەوەییانەی فەلەستینیەکان دەکەن، مەحمود دەروێش پاشگەز دەبێتەوە لەو شیعرەی بۆ کوردی نووسیوە، یاخود شاعیرەکانی ئەوان، کوردستان، بە مەیمونستان دەچوێنن. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو دیدە شۆفێنیەیە کە بۆ کورد هەیانە، کەچی شاعیرانی ئێمە، بە شیعر و هەڵوێستەکانییان، داکۆکییان لە مرۆڤایەتی و خەباتی سیاسی و تێکۆشانی گەلانی دیکەی دنیا دەکرد، ئەوان هێشتا بە ئێمەی ڕەوا نابینن قەوارەیەکی سەربەخۆمان هەبێت. لە زەمەنێکدا، کە نەتەوە دەچەوسێنرێتەوە، خوێنی مرۆڤ بێ بەها دەبێت و هەموو شتێك دەکەوێتە بەر سڕینەوە و هەڕەشەی نەمان، شیعر چ پیرۆزیی و واتایەکی هەیە، گەر نەچێتە سەنگەری بەرگریی لە نەتەوەکەی؟ لەو ڕوانگەیەشەوە، هاوتەریب لەگەڵ خەباتی شاخ و

تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی، شیعری کوردیش بە گشتی لە سەنگەری داکۆکیکردن لە پرسە نەتەوەیەکان بووە و کوانۆی شۆڕش و کوردایەتی بە گوتاری بەرەنگاریانە جۆش داوە. پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی ئێمە، کە هەمیشە شیعرەکانی لە سەنگەری بەرگریکردن لە مرۆڤ و نەتەوە، ئازادی و سەربەستی دابوونە و ژیانی پڕ لەو چەوسانەوە و نادادپەروەری ڕەت کردۆتەوە. بگرە لە شیعرێکیدا، وشە وەك گوللە بۆ دڕاندنی سنگی دوژمنان دەبینێت. ئەمەش ڕواڵەتێکی هونەرییانەی دیاری ئەدەبی بەرگرییە، لە ژیانی سیاسی نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکەش. پەشێو شیعر وەك پەیامێك بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە هەموو سندمێك دەبینێت و دەیکاتە ئامرازی ڕزگاریی و سەربەستی، بۆیە لە شیعرەکانیدا، باس لە ئازادی و سەربەستی و شکۆمەندی مرۆڤ دەکات و ئەو ژیانە بە ڕەهایی ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر مرۆڤی تێدا سەربەست و ئازاد نەبێت. مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە لە ژیان، لە هەر بستە زەوییێکی ئەم دنیایە مرۆڤ بچەوسێنرێتەوە، ڕێز لێگیراو و شکۆمەند نەبێت، پەشێو بە شیعر بە گژ ئەو واقیعە دادەچێتەوە و شیعرەکانیشی گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە چۆن بانگەشەی ئازادی و سەربەستی، ژیانێکی شکۆمەندانە و مرۆیانە بۆ هەموو مرۆڤێك لەو سەری دنیاوە بۆ ئەم سەری دنیا، بە جیاوازی دەنگ و ڕەنگ و پێست و نەتەوە و ئاین دەکات. هەروەك خۆشی لە کورتە شیعرێکدا دەڵێت:_

**قەلەمەکەم چەکوچە و**

**هەر پەیڤێکم بزمار**

**ستەم لە هەر جێیەك بێ**

## دەیسمم وەك تەختەدار

پەشێو هەر تەنها لە نێو شیعردا بە وشە بە گژ ستەمکاراندا داناچێتەوە، بەڵکو لە ژیانی کۆمەڵایەتییانەی خۆشیدا، هەمیشە لە بەرەی ستەم لێکراوانە و دژی ستەمکارانە لە هەر سووچێکی ئەم دنیایە بن. ستەم، جۆر و ڕەنگی نییە، بەمەش مرۆڤەکان لە ژێر سایەی ستەمکاریدا ناو شوناس و ناسنامەیان نامێنێت، ئەوەی دەچەوسێنرێتەوە مرۆڤە، بۆیە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بێت، پەشێو بەگژیان دادێتەوە، چونکە مرۆڤێك دەچەوسێنەوە. ئەمەش دنیابینی مرۆڤدۆستانە و نێو نەتەوەیانەی پەشێو دەردەخات، کە چۆن مرۆڤەکان بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە وەك یەکتری دەبینێت و ستەمی ئەوان، بە ستەمی خۆی دەزانێت و بەرگریان لێ دەکات، بەڵام بە داخەوە لە بەرانبەردا، ئەوان ستەم و چەوسانەوەی ئێمە بە هی خۆیان نازانن و بگرە بە ئێستاشەوە، بە ڕەوای نابینن وەك ئەوان قەوارەیەکمان هەبێت و سەربەستانە بژین. بە دەگمەن کەسێکی بە هەڵوێست و ویژدان نەمریان تیایدا هەڵکەوتووە، کە بەرگری لە بوونی ئێمە بکەن. مەگەر یەکێکی وەك هادی عەلەوی نەبێت، کە پەشێو لە نێو کورتە باڵایان، دەیدوێنێت و پرسیاری ئەوەی لێ دەکات، کە لە سەردەمی کورتە باڵایان، ئەو ئەو بەژنە زراڤەی خۆی لەکوێ هێناوە؟

## ناونیشان له شیعرەكانی پەشێودا

پەیوەندییەكی ئۆرگانیكی و واتایی له نێوان ڕەگەزی ناونیشان و ناوەڕۆكی شیعرەكان، له ئەزموونی شیعری پەشێو به گشتی هەیه. به جۆرێك كه تایتلی شیعرەكان ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆك و گوتاری شیعرەكانن. له شیعرەكانی پەشێودا، ناونیشانەكان له ڕووی زمانییەوە هەمەجۆرن و دەتوانم بڵێم هەموو شێوازەكانی ناونیشان له ڕووی وشەسازییەوە له ئەزموونی شیعریدا هەن. بەو مانایەی ناونیشانی درێژ و كورت، یەك وشەیی و شێوازەكانی وشه وەك ساده و لێكدراو، یاخود ناونیشانی پرسیار و ڕاگەیاندن و ناونیشانی ژمارەیی و زۆری تریش. هەندێك له ناونیشانی شیعرەكانی پەشێو، یەك وشەیی ساده و مۆزیكین و له ڕووی گۆكردنەوە كورت و ئاسانن وەك ناونیشانەكانی:__ ( جیهان ، مۆسكۆ ، هارمۆنیا ، دڵدانەوە، وارشۆ، چاوەنواڕی ، نامۆیی ، ئەلبۆم ، خەون ، بەفر ، خەو ) و گەلێكی دیكەش. هەندێك ناونیشانی دیكەش، وشەی نساده و لێكدراون وەك : ( زستانی پار ، شەوبێداری ، دڵدانەوە، دەنگ و باس ، دڵنیام كه ). هەندێك ناونیشانی دیكه له ڕووی گەیاندنی واتاوە، ڕستەیین و هاوشێوەی ڕستەیەكن وەك :_( لەو ڕۆژەوەی لەگەڵما نیت، بۆ چاو ڕەشێكی باكۆیی ، چەند وشەیەك دەربارەی تەمەنی خۆم) . بێگومان ئەگەر له ڕووی وردەكاری ڕێزمانییەوە بڕوانینه ناونیشانەكان، ئەوا هەموو بنەماكانی جۆری ڕسته له ناونیشانەكان هەن. بۆ نموونه: ناونیشانی

شیعرەکان هەندێکییان هاوەڵناو و هاوەڵناوی ژمارەیین وەك ( نەورۆزی ١٩٦٩ _ ١٩٧٩ _ ١٩٧٧ _ یادی شەوێکی ١٩٧٣ _ ماچەکانی بەهاری ١٩٩١ _ شادی ، گەشبینی، ئاشتی، پیریی) هەندێکی دیکەیان ناونیشانی هاوەڵکارن وەك: ( شەوبێداری _ ژانی شەوانی کەنداڵ) ، هەندێکی تریان لە شێوەی پرسیارن وەك: ( ئەرێ خەڵکینە؟ ئەوەی دەیبینی چما تازەیە؟ تۆ پێت وایە؟ ) هەندێکی تریان لە شێوەی ڕستەی ڕاگەیاندنن وەك: ( لە دایکبوونی سەر کۆمارێك، بۆ شاعیرانی میربەد، من و پنجێك گیا، لە کاتی بۆردرومان‌دا) هەندێك ناونیشانی دیکە لە ڕێی ئامرازەوە داڕێژراون وەك: ( بۆ هونەرمەندێك ، دێوەرە و کەر، لێکدانەوەیەك لە بناری سەفین، شەفەق لە زەردەپەڕدا، لە ڕۆما ) هەندێك ناونیشانی دیکە، لە شێوەی کارن وەك: ( داگیرسان ، پێلێنان ، لەتبوون، خۆکوشتن) هەندێك ناونیشانی دیکە دوالیزمین وەك: ( گەنجی و پیری ، ئێرە و ئەوێ ، جاران و ئێستا) هەندێکی تریان ناون وەك: (هەڵەبجە، هادی عەلەوی، پاییز، خوناو، نیشتمان، ئادەم سمیت و ماندیلا، پێشمەرگە، شەهید، مۆسکۆ ) هەندێکی دیکەیان وەك جێناو دەردەکەون وەك: ( من و ئەو و شیعر، چاوی تۆ). ئەمانە و گەلێکی دیکەش. بەلاّم بەگشتی، ناونیشان لە شیعرەکانی پەشێو ئاڵۆز نین، ڕستەیین، ڕوونکراوەو سادەن، ڕەنگدانەوەی زمانی پەیڕەوکراوی سەرخانی کۆمەڵگەن. ئەمە وێرای ئەوەی کە هەموو جۆرە ناونیشانێکی لە ڕووی ڕێزمانییەوە تێدایە.

# پەشێو و دادگاییکردنی ویژدانی مرۆڤایەتی

ئینگلیزەکان دەڵێن:_( مرۆڤ کە لە ژێر چاودێری ویژدانی خۆی دابوو، پێویست ناکات بخرێتە ژێر چاودێری هیچ کەسێکەوە) ویژدانە چییە؟ چۆن هەست بە ئازاری ویژدان دەکەین و ڕێگەمان پێ نادات ئەو کارانە بکەین، کە لەگەڵ بەها بەرزەکانی مرۆڤ و ژیان یەکناگرنەوە و بەدەرن لە ئاکارە کەسی و گشتی و کۆمەڵایەتییەکان؟ بێگومان ئەگەر ویژدان بەو هێزە نادیارە ناوبەرین کە چاودێری ڕەفتار و کردەوە کەسییەکانی مرۆڤ دەکات و ئەو هەستەی لادروست دەکات کە کارێك نەکات لەگەڵ ئاکارە کەسییەکانی خۆی  یەك نەگرێتەوە، ئەوا ئەو پرسیارەمان لادروست دەبێت، سەرچاوەی ئەو هێزە نادیارە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ گریمان ئایین سەرچاوەی ئەو هێزەیە، بەڵام بۆ کەسانێکی نابڕوادار، کە دیسانەوە ویژدانییان دەکەنە پێوەر بۆ ڕەفتارەکانییان، ئەوا ئایین سەرچاوەی ئەو هێزە نییە؟ کەواتا ویژدان، ئەو تێگەیشتنە هزریی و دەروونی و هەستەکیەیە، کە کردەوەکانی مرۆڤ لە مەحەك دەدات و سنوورێك بۆ کارەکانی دائەنێت کە لە دەرەوەی ڕێپدراوی کەسی و گشتی و ئاکاری کۆمەڵایەتین. ویژدان، پێوەرێکی مرۆیی و ئاکاریانەی گەورەیە- کە تیایدا لە پەراوێزییەوە ڕادەی مرۆییبوون و ئاکاری مرۆییانەی مرۆڤەکان، لە بەرانبەر هەموو شتێك دەردەخات و سنوورێك لە نێوان کردە ئەرێنی و نەرێنییەکان دائەنێت ، هێزێکە، ڕەتی ئەو  کردارانە دەکاتەوە کە لەگەڵ بەها باڵاکانی ژیان و بوون ناگونجێن. بۆیە زۆرجار نەمانی ویژدان لای

مرۆڤەكان، بە مردنی مەودای مرۆییانەی ئەو كەسانە لێك دەدرێتەوە و شوناسێكی دیكە لە تێڕوانینی ئەوانیتر وەردەگرێت. بۆیە پێوەرەكانی مرۆڤبوون، لەوەدان مرۆڤ چەند هەڵگری ئەو خەسڵەتە كۆمەڵایەتی و مرۆییانەیە، كە مرۆڤ لە مرۆڤبوون جیا دەكاتەوە. ڕەنگە هیچ نەتەوەیەك لە دنیادا، هێندەی ئێمە قوربانی نەبوونی ئەو هەستە مرۆیی و ویژدانییەی دنیا نەبێت و لە بەرانبەر كارەساتەكانیدا، بێ هەڵوێست و بێ دەنگ بوو بن. كورد تاكە نەتەوەی دنیایە، كە لەو چەرخەی بیست و یەكەمەدا، هێشتا داوای مافی ڕەوای نەتەوەییانەی خۆی دەكات و دەیەوێت چارەنووسی خۆی دیاری بكات، بەڵام پێی ڕەوا نابینن. كورد، لە پاڵ ڕقی توندی شۆفێنییانەی دوژمنەكانی، بەداخەوە قوربانی بێ هەڵوێستی و بێ كرداری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە. ئەوان، پاڵپشتی نەتەوەیەكی چەند ملیۆن كەسی دەكەن، بەڵام پشتیوان و هاوسۆزی نەتەوەیەك نابن، كە هەزاران ساڵە نەتەوەیە و لە ڕووی مێژوویی و شوێنەوارییەوە، یەكێكە لە كۆنترین نەتەوەكانی سەر ئەم ڕووی زەوییە. جیهان هەندێك جار، بە ئاشكرا چاوی لەو هەموو كارەسات و نەهامەتییانەی كورد پۆشیوەو وەك تەماشاكەرێكی شانۆگەرییەك سەیری ڕووداوەكانی كردووە. كە هەڵەبجە كیمیاباران كرا، كۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی هاو زەمەن لە كوێت بەڕێوە دەچوو، بەڵام هیچ كام لەو وڵاتە ئیسلامییانە، ئامادە نەبوون لە بەر بەرژەوەندی سیاسییانەی خۆیان، هەڵوێستێك بەرانبەر گەلێكی موسڵمانی برایان وەربگرن. بە ئێستاشەوە، جیهان بە تێگەیشتنێكی دوو ڕوویانەوە، تەماشای مرۆڤی كورد دەكات و جیای دەكاتەوە لەوانیتر. پۆلۆنیا، دەرگای سنوورەكانی بەرانبەر هەزارەها

کۆچبەری کورد داخست و چەندان ژن و منداڵی کورد لە سەرما ڕەقبوونەوە، بەلاّم هەمان وڵات، دەرگای سنوورەکانی بۆ ملیۆنان پەنابەری ئۆکرانی والآیە، بۆیە دەبێ گومان لەو دروشمە بە ناو ئازادیی و مافی مرۆڤە بکەین، کە بۆ هەمووان بێت و مرۆڤ لە سەر بنەمای پێست و ڕەنگ و ڕەگەزدا، هەلاوێرد نەکات. کورد لە پاڵ ئەو هەموو قوربانیدان و شۆڕش و خوێن و خۆڕاگریەدا، پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی ئەوتۆی نەبووە، بۆیە تا ئێستا باجی لۆزان و ئەو دابەشکارییە دەدات، کە دوور لە خواستی خۆی بەسەری داهێنراوە. پەشێو وەك شاعێرێکی کورد و کوردستانی، وەك شاعیرێکی بە هەڵوێست کە هەمیشە دەنگی نەتەوەیەکی بێ ماف و چەوساوەی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە بە گوێی هەمووان داداوە، لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا (وەك سەدان ساڵە) داداگایی ویژدانی مرۆڤایەتی و بێ هەڵوێستی جیهان دەکات و گومان لەو دروشمە بێ کردارانە دەکات، کە هەڵیدەگرن. بۆیە لە شیعرەکانیدا، ئەو واقیعە بەرجەستە دەکات و ڕەخنە لەو بێدەنگییەی مرۆڤایەتی دەگرێت و دەڵێت:_

**ئاژانسەکانی دەنگ و باس ڕایانگەیاند**

**یارییەکی فوتبۆڵ دەکرێ**

**دوو تیپەکە کرێملین و کۆشکی سپی**

**تۆپ سەری کورد**

**گۆڵ کوردستان**

**تەماشاکەر دنیای کەڕی وەك گۆڕستان**

پەشێو لە ڕێگەی ئەو وێنە شیعرییەدا، بارودۆخی سیاسی و نەتەوەی کورد، لە نێوان بەرداشی دوو جەمسەری ئەو کاتدا دەخاتە ڕوو. ئەو

دوو جەمسەرە، لە بری ئەوەی بە تێگەیشتنێکی مرۆییانەوە بڕواننە کێشەی گەلێك، ئەوا باکیان بەوە نییە ، گەلێك بکرێتە تۆپێکی یاریکردن و ئەوسەر و ئەمسەری پێ بکرێت و خاکەکەشی وەك گۆڵ لێ بکرێت. ئەم تەراتێنکردنە بە کورد، دەرەنجامی ئەو بێ هەڵوێستی و بێ ویژدانی و دیدە نامرۆیەیە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر پرسی کورد بە داخەوە بە ئێستاشەوە پەیڕەوی دەکات. دنیا وەك نابیستێك، گوێی لە بەرانبەر هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانە داخستووە، کە بەرانبەر بە کورد دەکرێن و هەڵوێستێکی مرۆیی و ویژدانییان نییە. کەواتا، مافی پەشێو نییە وەك شاعیرێك و مرۆڤێك، گومان لەو دروشمانەی ئەوان بکات؟ کە بە پێوانەو تەرازووی بەرژەوەندی و سەرمایە، ئەوانیتر دەبینن و مرۆڤ دەکەنە قوربانی ئەو هەڵپەرستیەی خۆیان. لە کاتێکدا بە درۆ دروشمی بە ناو مافی مرۆڤ بەرز دەکەنەوە؟ لە شیعری (سەدان ساڵە)دا، ئەو دادگاییکردنە دەگاتە لوتکە و پەشێو هەموو جیهان دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی ئاکاریی و ویژدانی و ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرێت، کە سەدان ساڵە ئەو حەوش و بەری خۆی والآیە، کەچی پاسەوانی بەردەم ماڵی ئەوانە. سەدان ساڵە ئەو وەك کوردێك، کە لێرەدا گوزارشت لە کۆی نەتەوە دەکات، جووتێك سۆلی پینە پینەیە و بە داخەوە کێ لە پێی بکات بۆ ئەو دەشێت. چنگێك دانەوێڵەیە و ئاشی مێژوو فڕێی داوە. تووڕەیی پەشێو لەو بێ مافییەی کورد دا، دەگاتە ئاستێکی هێندە ڕقاوی، کە گومان لە هەموو شتێکی مرۆڤایەتی بکات و بە ڕەهایی ئەو لێکدانەوانەی پێشتر هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە دەڵێت:_

**قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن**

**دان و مێروو برای یەکن**

**دەست و چزوو برای یەکن**

**گوێز و موو برای یەکن**

زۆر جار، بە تێبینییەوە باس لەوە دەکرێت کە زمانی شیعری پەشێو، لە هەندێ دۆخ و باردا، بە ئارستەیەکی توندوو زبر دەڕوات، بەلاّم لە ڕاستیدا، ئەوە سرووشتی بونیادنانەی زمانی شیعری پەشێو بە گشتی نییە، بەڵکو لێکەوتەی ئەو بێ هەڵوێستیەی ئەوانە و بەشێکە لە مێژووێکی دیار کە نکۆڵی لێ ناکرێت. بەو مانایەی پەشێو کە ناوی قەحپە دێنێت، ئەوە نییە ئەو هاوەڵناوە ناشرینە بخاتە پاڵ ئەوانیتر، بە پێچەوانەوە، ئەوان خۆیان لە بنەڕەتدا بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن. مەگەر بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی، چاو پۆشین لە مەرگی هەزاران مرۆڤ، کە ناڕەوایانە مافی ژیانیان لێ دەسەنرێتەوە و پێیان ڕەوا نابینرێت، جۆرێك نییە لە قەحپەیی؟ لە کاتێکدا ئەو جۆرە مرۆڤانە جگە لە بە کرێدانی جەستەی خۆیان لە بەرانبەر برێك پارەدا، هیچ جۆرە زیانێکیان بۆ ئەوانیتر هەیە؟ پەشێو بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی ئەوان، یاخود هەموو ئەوانەی بڕوایان بە برایەتیەکی وەهمی هەیە، دێنێتە ئاستی جەستەی لەشفرۆشێك و وەك یەکتری تەماشایان دەکات و بەهاکەیان دیاری دەکات. لە شیعری دەفتەری سووردا، وێنای جیهانێکمان بۆ دەکات، کە چۆن لە خەمی گیانەوەرانیش دایە و بە تەنگ ژیانییانەوەیە، بەلاّم کوشتنی مرۆڤی کوردیان بەلاوە ئاسایە. لە ڕوانگەی ئەوان، مرۆڤی کورد نرخی کەوڵ و پێستی گیانەوەرێکیشی

نییە و لە کاتێکدا ئەوان لە خەم و سەرگەرمی ئەوە دانە کوشتن و ڕاوکردنی گیانەوەران قەدەغە بکەن، کەچی لەو سەرەوە هەزاران مرۆڤ خوێنیان دەڕژێت و باکییان پێ نییە. بەمەش دیسانەوە پەشێو ڕەخنە لەو بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی و ویژدان مردووەی مرۆڤایەتی دەگرێت و تەریقیان دەکاتەوە، کاتێ پێیان دەڵێت:_

**وڵاتانی تێری جیهان**

**دەفتەرێکی سووریان هەیە**

**بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی**

**کە کوشتنیان قەدەغەیە**

**تکا دەکەم لە یونسکۆ لە دەفتەرە سوورەکەیدا**

**ناوی منیش تۆمار بکات**

**لە ڕاوکەر و بازرگانان کەوڵ و پێستم ڕزگار بکات**

پەشێو، ناڕاستەوخۆ ئەوانەی گیانی ئاژەڵێکییان پێ لە گیانی مرۆڤێك گەورەتر و شایستەی ژیانە، ڕەخنە دەکات و شەرمەزار و ڕیسوایان دەکات، کە تەنانەت بۆ مرۆڤی کورد مافێکی وەك ئەو گیانەوەرانەش بە ڕەوا نابینن. بێگومان مەبەستی پەشێو لێرەدا ئەوە نییە، گیانەوەرانیش شایستەی ژیان نەبن و تەنێ مرۆڤ شایەنی ئەوەیە بژیت، بەڵکو مەبەستی شاعیر لێرەدا ئەوەیە، پاراستنی گیانەوەران، هیچ بەها و مانایەکی هەیە، ئەگەر لەو سەرەوە مرۆڤگەلێك هەبن نەپارێزرێن و ڕێزلێگیراو و شکۆمەند نەبن؟ مەگەر گیانەوەر لە مرۆڤ بەهای زیاترە؟ ئەوە نییە خودا لە دروستکردنی دنیادا، مرۆڤی وەك خاوەن و فەرمانرەوایی هەموو شتێك لە سەر زەوی ناساندووە؟ بۆیە ئەو ویژدان مردووانە، کە پەشێو لە شیعری دەفتەری سوور و

شیعرەکانی دیکەشیدا ڕەخنەیان دەکات و ڕیسواو شەرمەزاریان دەکات، دەبێ باش ئەو ڕاستییە بزانن، کە مرۆڤ لە هەموو شتێك گەورەتر و پیرۆزترە. مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە و خودا ڕێزی لێ ناوە. بۆیە دەبێ یونسکۆ لە بری ئەوەی لە خەمی کەوڵ و پێستی ئاژەڵان دابێت، دەبێ لە خەمی ژیانی ئەو مرۆڤانە دابێت کە دەزانن ژیان چییە و بۆ دەژین و درك بە ماناکانی بوون دەکەن، چونکە ئەقڵیان هەیە، بەڵام بە داخەوە، کورد بە ئێستاشەوە، باجی ئەو دوو ڕوویی و بێ دەنگییەی مرۆڤایەتی دەدات و لەو چەرخی بیست و یەکەمەدا، تاکە نەتەوەی دنیایە، کە وێڕای بوونی مێژوو، خاك و شوناس ، زمان و ئاڵا، کەچی هێشتا مافی ئەوەی پێ ڕەوا نابینن، وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی دنیا خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆی بێت. بەڵکو ئێستاش باجی بێ دەنگی جیهان و مرۆڤایەتی بە گشتی دەدات و جگە لە چیاکان، پێ ناچێت دۆست و هاوسۆزێکی هەمیشەیی و ڕاستەقینەی هەبێت. چیاکانیش بۆ ئەو، سەدان جار لەو مرۆڤانە پیرۆزتر و شکۆمەندترن، کە لە خەمی گیانەوەران دانە، بەڵام لە ئاست خوێنی ڕژاوی سەدان ساڵەی مرۆڤی کورد، بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و شەرمەزارن.

## چیا لە شیعری پەشێودا

هەمیشە دەگوترێت: (کوردەکان جگە لە چیاکان دۆستی تریان نییە) ئەمە وەك گوزارشتێك لە پەیوەندی ڕوحی و سرووشتی نێوان مرۆڤی کورد و شاخ بەکار دێت. شاخەکان، کە وەك دۆستەکانی دیکەی کورد لە سەر بنەمای بەرژەوەندی و ڕۆژ دۆستایەتی کورد ناکەن و خاوەنی ئاکاری جێگیری خۆیانن و ناگۆڕێن، هەمیشە پەنا و لانەی ئێمە بوون و لە ڕۆژگارە هەرە سەخت و دژوارەکاندا، کە کەسێك دالْدەی نەداوین و هەستی مرۆییان بەرانبەرمان نەجولاْوە، ئەوان پەنایان داوین و بە هانامانەوە هاتوون. مەگەر شاخی شنگال، هەزارەها ئێزیدی لە چڕنۆکی ئیسلامییە داعشە بەربەری و تیرۆرستییەکان ڕزگار نەکردوو نەبووە فریادرەسیان؟ بۆیە شاخەکان، خۆشەویستییەکی تایبەتیان لای مرۆڤی کورد هەیە و لە سۆنگەی ئەو خۆشەویستییەشەوە، هەزاران کەس، بە ناوی ( هەندرێن ، زاگرۆس ، ئارارات ، سورێن ، شنرۆێ ، دابان ، زمناکۆ، مەتین ، گارە، شیرین، ئاگری، ئەلبۆرز، هەلگۆرد ، کارۆخ، ژیلوان، سورکێو، ئاراسن) کراون. بۆیە شاخ پانتایەکی گەورەی لە هزری مرۆڤی کور بە گشتی گرتووە و جۆرێك لە گەورەیی و پیرۆزیی و شکۆمەندی لای ئێمە هەیە. شاخەکان، ڕەمزی خۆڕاگریی و هێز و پەناو وەستانەوە بوونە لە بەرانبەر نەیارەکان و وەك فیگەرێك هەمیشە لە دنیای شیعری شاعیراندا، وەك تیمەیەکی شیعری بەرجەستەکراوە. پەیوەندی مرۆڤی کورد و شاخ، پەیوەندییەکی دێرینە، بە پێی سەرچاوە مێژوویی و

ئەریکۆلۆژییەکان، کوردەکان سەرەتا و بۆ یەکەم جار، لە بناری زنجیرە چیای زاگرۆس دەرکەوتوون و ژیاون، بەمەش شاخ دەبێتە یەکەم لانکەی سەرهەڵدانی مرۆڤی کورد و مێژوو شوناسەکەی، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت، ئەو پەیوەندییە توندوو ڕوحیەی لە نێوان مرۆڤ و شاخەکاندا، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئێمە دروست کردبێت، هەمیشە و بە ئێستاشەوە، مرۆڤی کورد وەختێ ژینگەی ئالۆز و جەنجاڵی شارەکان لە سایەی مۆدێرنەوە جێدێڵێت و دەچێتە شاخ، هەست بە حەسانەوەیەکی گەورەی دەروونی و ڕوحی دەکات و سوارە ئێلخانی زادەش، لە شیعرەکەیدا دەڵێت بڕۆم لە شارەکەت، زۆر جوان گەڕاوەتەوە نێو سرووشت. مرۆڤی کورد، شاخی وەك هاوڕێ و هاودەمێکی خۆی بینیوە و هەمیشە وەك پەنایەك و پەسیوێك، فریادرەسێك سەیری کردووە، لێرەوەش شاخ، لە پانتایەکی سرووشتییەوە، دێتە نێو ڕووبەری ئەدەبیات و هونەر و دەبێتە فیگەر و تیمەیەکی دیاری دەقی ئەدەبی. لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، شاخ ئەو ڕەهەندە سرووشتییەی خۆی کە هێمای جوانی سرووشت و ژینگەیە، تا ڕادەیەکی زۆر لەدەست دەدات و شوناسێکی دیکەی سیاسی لە پاڵ ئەو شوناسە سرووشتییە پێ دەدرێت، کە ئەویش وەك ڕەمزی خۆڕاگری و مانەوەی گەلێکی بێ پشت و پەنا، لە ڕەوڕەوەی ژیانی مرۆڤایەتی دەبینرێت. لە شیعری پەشێودا، شاخ بە گەلێك جۆر و شێوە گوزارشتی لێکراوە و لە سرووشتی چیایانەی خۆی دەرهێنراوەو مانای شیعری دیکەی دراوەتە پاڵ. لە شیعری (لێت نەگۆڕێ) پەشێو چیاییبوون وەك شوناسێکی دواکەوتوویی خێڵەکی و میللییانە دەبینێت و ڕەخنە لەو ئەقڵە نەریتی و پیاوسالارییە دەگرێت، کە

خوێنی ژن، لە سۆنگەی خۆشەویستییەوە دەڕێژێت . پەشێو لە شیعری لێت نەگۆڕێ، دەڵێت:ـ

**من چیاییم**

**خەڵکی شاری ئەستێ کوژەم**

**هەموو ڕۆژێك خوێنی زینێك**

**لە خەنجەرم دادەچۆڕێ**

وەك شاعیر لە پەراوێزی شیعرەکەیدا ئاماژەی پێداوە، (ئەستێ – ستی) ئەو کچە کرمانجەی دەشتی هەولێر بووە، کە لە سالأنی چلدا، لەگەڵ کەریمی خۆشەویستی، دوای ئەوەی نائومێد دەبن لەوەی بەیەك بگەن، سەری خۆیان هەڵدەگرن و بەداخەوە ئەم گوند و ئەو گوند دەکەن و کەس نایانگرێتە خۆ، سەرەنجام هەروودکییان بە یەکەوە بەدەستی باوکی ستی دەکوژرێن و خوێنیان لە گوندی حەسارۆکان دەڕژێت. چیایی لێرەدا، هاوڵناوێکە دراوەتە پاڵ ئەو کەسانەی ئەقڵێکی داخراو و دواکەوتوویان هەیە و وەك چیاییەك، کە ئاماژەیە بۆ دواکەوتوویی و هیچ نەزانی ڕەفتار دەکەن. مەبەستی پەشێوە لێرەدا، ڕەخنەگرتنە لەو تێگەیشتنە میللیی و پەترياكييەی کۆمەڵگە بۆ ژنی لە پەراوێزی خۆشەویستییەوە هەیە. لە ڕوانگەی پەشێو، زین و مەمەکانی وڵاتی ئەو ئەوەندە زۆرن، هەموو ڕۆژێك زینێك دەکوژرێت و خوێنی جۆگەڵە دەبەستێت. چیایی لێرەدا، لە بەرانبەر شاریی دانراوە، کە نیشانەی کرانەوە و پێشکەوتن و ژیاریبوون دەگەیەنێت. بۆیە شاخ لەو شیعرەدا، وەك سیمبولێکی خوێن، دواکەوتوویی، بڕوابوون بە ترادیسیۆن، نیشان دەدرێت. لە شیعری (نەورۆزی

هەفتاونۆ)دا،بە پێچەوانەوە ئەمجارەیان پەشێو، چیا هێندەبە گەورەیی دەبینێت، کە سوێندی پێ دەخوات. هەر وەك دەڵێت:_

**ئەمشەو بێ چیا نەورۆز ناکەم**

**بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم**

**نەورۆز ناکەم**

**بێ بڵێسەی سووری ئاگر**

شاعیر، سێیانەی چیاو کورد و ئاگر، بە یەکەوە گرێ دەدات . بێگومان نەورۆز و چیا، دوو لەو سیمبولە مێژوویی و سرووشتییەن، کە پەیوەندییەکی ڕوحی و مێژوویيان بە کوردەوە هەیە. نەورۆز وەك جەژنێکی نەتەوەیی، کە دەلالەتی ئازادی و ڕزگاربوون و هاتنە ئارای ژیانێکی نوێ دەگەیەنێت، هاوکات چیاش کە هەمیشە پشت و پەنای مرۆڤی کورد بووە، دوو لەو ڕەگەزانەن کە خۆشەویست و پیرۆزن لای مرۆڤی کورد. مرۆڤی کورد، هەمیشە ئاگر وەك شتێکی پیرۆز و شکۆمەند دەبینێت و زۆر جار بە ئاگر پەرست ناویان دەبەن. ئاگر هاودەمێکی هەمیشەیی ئێمە بووە و سوکنایەکی گەورە بە بوون و ژیانمان دەدات. مرۆڤی کورد، ئەگەر لەوپەڕی تەنیایی و لاتەریکی دنیا و ئاوەدانی بێت، کاتێ ئاگر دەکاتەوە، وا هەست دەکات هەر چی ئاوەدانی دنیا هەیە، بە دەوریەوە کۆبۆتەوە. بۆیە هیچ کاتێك ئاگر، وێرای ئەوەی توخمێکیشە، مەترسی لە سەر بوون و ژیانمان دروست دەکات، مایەی بێزراوی، یاخود ڕق و کینە نییە و بە کەمییەوە سەیری ئاگر ناکات و بگرە تف دەڕێژێتە سەر زەری، بەلاَم نایخاتە نێو ئاگر. پەشێو درکی بەو پەیوەندییەی مرۆڤی کورد بەو ڕەگەزانە کردووە، بۆیە هەر سێکییانی، لە نەورۆزدا کۆکردۆتەوە و دەزانێت نە

کورد بێ ئاگر و چیا، نە ئەو دوو ڕەگەزەش بە بێ یەکتری، ناتوانن هەڵبکەن و نەورۆز پیرۆز بکەن. پەشێو لە شیعرێکی دیکەیدا، چیا وەك تەتەرێك وێنا دەکات و سیفەتی زیندووەتی پێ دەدات کە دەتوانێت وەك تەتەرێك نامە و دەنگ و باس بگوازێتەوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە بەمرۆڤکردنی چیا بەو مانایەی ڕۆڵی مرۆڤێکی پێ دەبەخشێت، کاتێ دەڵێت:_

**مەمکی دایکم**

**سواری پشتی چیاکان دەبێ**

**چیاکانیش دێن**

**دەرگای ژوورە خەمگینەکەم دەکەنەوە**

**ناوچەوانی دەرکراوم ماچ دەکەن و دەیسڕنەوە**

چیاکان لێرەدا، وەك مرۆڤ لە دوورەوە دێن و دەرگای ژوورەکەی دەکەنەوە و هەواڵێکی دایکی پێ دەگەیەنن و لە غەریبیدا، دڵنەوایی دەکەن و نێو چاوانی ماچ دەکەن بۆ ئەوەی هەست بە غەریبی و دوورکەوتنەوە لە دایك و نیشتمان نەکات، بەڵکو چیاکانی ئەوێ دەبنە، شوێنگرەوەی چیاکانی ئێرە. پەشێو ئەوەندە بە گەورەیی و پیرۆزییەوە دەڕوانێتە چیا، تا دواجار سوێند بە چیا دەخوات و دەڵێت:_

**من تا مردن چیا پەرستم**

**بڵندترین چیای کوردستانت بە ناو دەکەم**

بێگومان پەیوەندی چیاو و مرۆڤی کورد، پەیوەندی ژیان و مەرگە، بۆیە دواجار شاعیریش جەخت لەو پەیوەندییە دەکاتەوە و چیا دەباتە ئاستێکی هێندە گەورە و پیرۆز، کە شیاوی ئەوەیە بپەرسترێت.

## مۆسکۆ لە نێوان گۆران و پەشێودا

کاریگەریەتی شوێن و ڕەنگدانەوەی لە دەقی شیعری شاعیراندا، بابەتێکی شیعری بەرجەستەیە و لە ئەزموونی زۆربەی شاعیراندا دەبینرێت. کاتێ شوێنێك، شارێك و دیمەنێك، دەبنە جێگەی سەرنجیان. لەو ڕوانگەیەشەوە، هەر یەك لە گۆران و پەشێو، لە دوو شیعری جیاوازدا کە بۆ مۆسکۆیان نووسیوە، ڕوانگەی خۆیان وەك شاعیرێك کە ئەو شارە کاری لە هەست و نەستیان کردووە، بۆ مۆسکۆ دەردەبڕن. دیارە هەردوو شاعیر، لە دوو هەلومەرجی جیاواز سەردانی مۆسکۆیان کردووە و ئەم شارە بۆتە جێگەی هەلوەستە و ڕوانینیان. ئیدی دیمەنەکانی مۆسکۆ وەك شارێك، ڕەنگدانەوەی هەبووە لە شیعرەکانیاندا. ئەگەرچی ناوەڕۆکی هەردوو شیعرەکە لە بارەی ئستاتیکای شارەوەیە، وەلێ ڕوانین و دنیابینی هەردوو شاعیر، لە بارەی وەسفی ئەم شارەوە لە یەکتری جیان. گۆران وەك شاعیرێك، چونکە سەرسام بووە بە سرووشت، ئەو ڕەگەزە پانتایەکی زۆری لە شیعرەکانی گرتووە، ئیدی لە ڕوانگەیەکی وەسفی و جوانکارییەوە دەڕوانێتە مۆسکۆ. واتا ئەوەندەی مۆسکۆ بە دیوە جوان و ڕازاوەکەی دەبینێت، ئەوەندە شار وەك یەکەیەکی ژیاریی پێشکەوتوو بە هەموو ڕووەکانییەوە نابینێت. بۆیە ڕوانینی گۆران بۆ مۆسکۆ، ڕوانینێکی جوانیانەیە و ئەم شارە  بە کچێکی سپی جوان، ناو دەم ئاڵ، دەچوێنێت. گۆران ئەوەندە لە ڕوانگە ئستاتیکیەکەوە سەرسام بووە بە مۆسکۆ، بۆیە ئەم شارە وەك ژنێکی جوان دەبینێت و هەرچی

خەسڵەتی ژن هەیە لە ناسکی و جوانییەوە، دەداتە پاڵ مۆسکۆ و دەڵێت:_

**ئەی مۆسکۆ ئەی ژنی جوانی سپی پۆش**

**ناودەم ئاڵ پڕ لە گۆرانی خۆش خۆش**

**لە ناو بەفری بەر پێتا واق وڕماوم**

**لە کام جوانیت نازانم بدوورم چاوم**

گۆران وێرای ئەو هەموو وەسفەی بۆ مۆسکۆی کردووە، کەچی هێشتا بە بڕوای خۆی، نەیتوانیوە گوزارشت لە جوانی ڕاستەقینەی مۆسکۆ وەك شارێك بکات، بە پێچەوانەوە لە ڕوانگەی ئەو، ئەم شارە هێندە جوان و سەرنج ڕاکێشە، تەنانەت زمان و شیعریش ناتوانن وەسفی ڕاستەقینەی ئەم شارە بکەن. بگرە سەرسامیەکەی بەو شارە دەگاتە ئاستێك کە خۆشەویستی خۆیی و پەیوەستبوونی خۆی بە مۆسکۆ، بێنێتە ئاستی عەشقی مەم و زین، بۆیە ئەمجارەیان دەڵێت:_

**ئەی مۆسکۆ ئەی ژنی جوانی سپی پۆش**

**هەر وەك مەمێك زینێك ناکا فەرامۆش**

**هەتا نەمریٚ**

**منیش هەتا هەتایە**

**دڵگیری تۆم لەدڵ دەرنایە**

گۆران خۆشەویستی خۆی بۆ ئەم شارە، وەك عەشقی مەم و زین دەبینێت و ناتوانێت ئەم شارە لە بیربکات. تەنانەت ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە نیشتمانی خۆشی. گۆران بە تەنیا لە چوارچێوەی سرووشت و جوانییەوە ئەم شارە دەبینێت و تا ڕادەیەك ڕەهەندەکانی

دیكەی شار، بە هەموو پێكهاتە مرۆیی و جوگرافی و ژیارییەكانەوە لە بیر دەكات، ئەم دیدەش پێچەوانەی دیدی پەشێوە بۆ مۆسكۆ، كە لە پاڵ ئەو ڕەهەندە سرووشتی و جوانییە، ڕەهەندێكی سیاسیش بە مۆسكۆ دەدات و وەك شوێنێك كە كاریگەریەتی هەبووە لە ئاراستەكردنی ژیانی پەشێو وەك ئەوەی دەڵێت:_

**ئەی مۆسكۆی جوان**

**ئەی مەڵبەندی گوڵ و بەفر و هەمیشە ژووان**

پەشێو لە پاڵ وەسفی سرووشتی و جوانیانەی مۆسكۆ، ڕەهەندێكی دیكەی سیاسیش بەو شارە دەدات، كە تیایدا بۆ یەكەم جار وەك مرۆڤێك ئازادی ئەوەی پێداوە باسی ئاڵا و خاك و نیشتمان، بە سەربەستی بكات و ترسی لە هیچ لێكەوتەیەكی سیاسی نەبێت. مۆسكۆ بۆ پەشێو هەر تەنها شارێك نییە، سرووشتێكی جوان و دڵگیر و سەرنج ڕاكێشی هەبێت. بەڵكو شارێكیشە، كە ئازادی و سەربەستی بە پەشێو بەخشیوە. بۆیە لە ڕوانگەی پەشێو، مۆسكۆ دواجار لە پاڵ هەموو ئەو جوانییانەوە، ئەو شارەیە كە توانیویەتی بۆ یەكەم جار ئازادانە باسی ئاڵایەك بكات كە تا ئەو كات هەڵنەكراوە و **دەڵێت:_**

**بۆ یەكەم جار**

**بە سەرهاتی ئاڵایەكم گێڕایەوە كە هەڵنەكرا**

هەڵنەكردنی ئاڵا، ناڕاستەوخۆ ئەو دەلالەتە دەگەیەنێت كە بستێك خاك و نیشتمانی ئازاد نینە لە وڵاتدا، تا بتوانێت ئازادانە ئاڵای خۆی تیادا هەڵبكات. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ستەمە داگیركاریی و ژێر دەستەیەیە، كە كورد وەك نەتەوەیەكی بێ ئاڵا تیایدا ژیاوە. گەر سەرنج لە هەردوو دەقەكە بدەین، دەبینین كە گۆران دیدێكی جوانی

و ڕۆمانسییانەی بۆ مۆسکۆ هەیە و ئەم شارە وەك کچێکی جوان دەبینێت، بەلاّم دیدی پەشێو بۆ مۆسکۆ، دیدی مرۆڤێکی ژێر دەستە و چەوساوەیە، کە لە هیچ سووچێکی ئەم دنیایە، ڕێگەی پێ نەدراوە، بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە و باسی ئالاّکەی بکات، بەلاّم مۆسکۆ وەك دایکێکی بەسۆز و میهرەبان ئامێزی بۆ دەکاتەوە. کە چی وێرای ئەمانە، پەشێو پێچەوانەی گۆرانەوە، جوانی مۆسکۆ ئەوەند نابێتە جێی سەرنج و ڕامانی، ئەگەرچی ئەمیش هاوشێوەی گۆران، مۆسکۆ وەك کچێکی جوان دەبینێت، بەلاّم هێشتا نەیتوانیوە هاوشێوەی گۆران، ئەوەندە سەرسام و کاریگەر بێت بە مۆسکۆ، بۆیە دەڵێت:_

**ئەی نازانم بۆچی لە بەر ڕووناکیتان**

**شیعرێکم بۆت پێ نەنووسرا؟**

پێچەوانەی گۆران، پەشێو وای دەبینێت کە نەیتوانیوە شیعرێك بۆ مۆسکۆ بنووسێ، گەرچی تیایدا ژیاوە و دیمەنە جوانەکانی جێگەی سەرنج و ڕوانینی ئەو بوونە. لێرەوەش پەشێو هەرگیز مۆسکۆی وەك شارێك، وەك جێگرەوەی نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی نەبینیوە. گەرچی لەوێوەش بۆ یەکەم جار ئازادانە توانی باسی ئالاّ و خاکەکەی بکات و گوڵ و ماچی بە ئاشکرا پێشکەش کراوە، بەلاّم هێشتا مۆسکۆ نەبۆتە سەرچاوەی ئەو ڕوانینە شیعرییەی پەشێو کە بە هۆیەوە بتوانێت شیعرێکی بۆ بنووسێت، چونکە بڕوای وایە مەینەتییەکانی ئەو وەك کوردێك، مێژووی دوور و درێژی پڕ لە چەوساوەیی و ستەمی نەتەوەیی ئەو، زۆر لەوە گەورەترن، تەنها بە گێڕانەوەی چیرۆکی هەڵکردنی ئالاّیەك و گوڵ و ماچێك کۆتایان بێت. خەمی پەشێو لێرەدا، خەمی نەتەوەیە، شارێك دەروازەی ژیانێکی نوێی بۆ

ئەو کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی بیری ناچێت کە دوای خۆی، کوردستانێکی نا سەربەخۆ و نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی جێهێشتووە، بەمەش خواستی سیاسییانەی پەشێو لە مۆسکۆدا لەوە گەورەترە، هەر تەنها بەوە کۆتایی بێت کە شاعیری لە ئامێز گرتووە، چونکە ئەو دواجار، ئالاّ و خاکێکی داگیرکراوی لە دوا بە جێماوە کە هێشتا ناتوانێت بە ئازادانە هاوشێوەی ئالاّی هەر نەتەوەیەك، گوزارشت لە بوونی نەتەوەییانەی خۆی بکات. بەمەش پەشێو، چیرۆکی ئەو ئالاّیە بۆ مۆسکۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام گێڕانەوەکە هیچ گرنگییەکی نییە، مادامەکێ هێشتا ئەو ئالاّیە، یاساغە لە نێوان سەدان ئالاّی دیکەدا بشەکێتەوە.
بەمەش گۆران سروشتییانە و پەشێو سیاسییانە، مۆسکۆ دەبینن و سەرسامی خۆیانی بۆ دەردەبڕن، بەڵام بە دوو ڕوانگەی جیاواز و لە دوو کات و زەمەنی جیاوازیشدا، کە دەرەنجامی دوو بەرکەوتنی جیاوازی ئەو شارەشن، لە دوو سەردەم و قۆناغی جیادا.

# هەڵگێڕانەوەی جوانی لە شیعری جوانی ئەفسووناویدا

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەر کاتێك باسی جوانی دەکەین، یەکڕاست خەیاڵمان بۆ ڕووخسارێکی جوان و دیوی دەرەوەی شتەکان دەچێت، کە چەند جوان و سەرنج ڕاکێشن و گەوهەر و ناوەڕۆکمان بەلاوە جێی هەڵوەستە نییە. ئەمە بەگشتی بۆ بینینی شتێکی جوان لە نێو ئێمەدا، بۆتە مۆدێکی جەماوەریی و میللی و لای زۆربەی خەڵکی وەهایە. بەمەش پێوەری ئێمە بۆ جوان بینین و هەڵسەنگاندنی جوانی هزر نییە، بەڵکو دڵ و هەست و سۆز و ڕواڵەتگەرایییە. زۆرجار دەگوترێت: جوانی مرۆڤەکان لە کەسیەتی و ڕوح و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و دڕککردنیان دایە بە دەوروبەر، بەڵام ئەمە لە نێو ئێمەدا، پێوەرێکی بنەڕەتی نییە بەڵکو بەلای زۆرینەی کچانەوە ئەوە گرنگە، کوڕێك چەند ڕووخسارێکی جوانی هەیە تا هاوسەرگیری لەگەڵ بکات ئەگەر بێ بڕوانامە و بێ کاریش بێت و بە پێچەوانەوەش. بێگومان هەر کاتێك ئێمە جوانیمان لە ڕووخسار کورت کردەوە، ئەو کات لە بری هەڵسەنگاندنی هوشیارییانەی جوانی و جیاکردنەوەی جوان لە ناشرین، ئەوا بە پێچەوانەوە تەنها لە ڕوانگەیەکی ڕۆمانسییانەوە جوانی دەبینین. ئەمە بەو مانایە نییە کە شتە جوانەکان جێی سەرنجمان نەبن، بەڵکو بەو مانایەی جوانی بە تەنها لە ڕووخسار و دیوی دەرەوە نەبینین. بە هەزاران کەس هەن، جوانییان لە لوتکەدایە، بەڵام تووڕە و مۆن و زمان درێژ و بێ ئەتەکێتن. هاوڕێیەکەم پێی گوتم، جوانترین کوڕ لای ژنانی خۆرئاوا، ئەو کوڕەیە کە ڕۆشنبیرە و

بڕوانامەی هەیە، ئەگەر ڕووخسارێکی زۆر ناشرینیشی هەبێت، کەچی لای ئێمە بە پێچەوانەوەیە، زەنگینی و جوانی، هەندێ جاریش ژیانکردن لە هەندەران، خواستی ڕەگەزی مێن بۆ شووکردن. جوانی چییە؟ جوانی لە چی دایە؟ ئایا هەموومان وەك یەك جوانی دەبینین؟ ئایا ئاکارەکانی مرۆڤ جوانن یان ڕواڵەتی؟ مرۆڤ سەرچاوەی جوانییە، یان ماتریالەکان جوانی بە مرۆڤ دەدەن؟ شیعری (جوانی ئەفسووناو) ی پەشێو، کە بە دەنگە نەرم و زوڵاڵەکەی هونەرمەندی سەنگین ( عەتا قەرەاغی ) کراوەتە گۆرانی، یەکێکی دیکەیە لە شیعرە جوانەکانی پەشێو، کە تیایدا وێنایەکی دیکە بۆ جوانی دەکات و مرۆڤ بە سەرچاوەی جوانی دەزانێت. جوانی ئەفسووناوی، وەك لە ناونیشانی شیعرەکە دیارە، واتا جوانییەك لە سەرووی بەرجەستەکرن و وێناکردن، بینین و مەزندەکرن، جوانییەك کە وێنەی نییە. پەشێو لە دەسپێکی شیعرەکەیدا، وەسفی جوانێکمان بۆ دەکات، کە هەر تەنها جوانی لە خۆیدا بەرجەستە نەبووە، بەڵکو ژێدەری جوانییە بۆ شتەکانی دیکەش. بەو مانایەی ئەوە کالاو ماتریالەکان نین جوانی بە مرۆڤ دەدەن، بەڵکو خودی مرۆڤە وەك بووێکی خۆرسك جوانە و جوانی پەخش دەکات. ئەم جوانەی پەشێو وەسفی کردووە، هەر چییەك بکات، هەر ڕەفتارێك بنوێنێت و هەر قسەیەك بکات، جوانی لێ دەبارێت. بەمەش جوانی لە بەشەکییەوە دەبێتە گشتی، بەو مانایەی کاتێ ئێمە جوانێك دەبینین، ئەوا ڕەنگە تەنها ڕووخسار، یان ڕۆیشتن، یان گوفتار شیرینی، یان قژی ئەو کەسەمان بە تایبەتیش ئافرەت بە لاوە جوان بێت. لێرەوەش ئێمە تەنها پنتێکی بچووکی

جوانی دەبینین، بەلاَم پەشێو وەسفی جوانێك دەكات هەموو شتێكی لێ جوانە، هەر وەك دەلێت:_

**هەموو شتێك جوانە لە تۆ**

**نازكردن تاسە گفتوگۆ**

**بەلێندان سەردان هاتووچۆ**

شاعیر هەر لە سەرتای شیعرەكەوە، بەدەربڕینی هەموو شتێك، كۆتایی بەوە هێناوە كەچی لەو دێت و چی لێ جوانە. ئەوانەشی كە باسی كردوون، وەك نموونەیەك لەو جوانییەی ئەو هێناویەتییەوە، دەنا هەموو شتێك، بە مانای ئەوەی هەموو شتێك جوانە لەو نەك تەنها بەلێندان و تاسە و هاتووچۆ. ئەگەر نازكردن و جوانی جولاَنەوەی لەش و لاری ژن، وەك جوانییەك لە ژندا ببینین، بەو مانایەی كردەی نازكردن خۆی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی جوانییە، ئەوا لە تێڕوانینی پەشێودا، مەرج نییە هەموو نازكردنێك مایەی جوانی و سەرنج ڕاكێشان بێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، ئەوە نازكردن نییە جوانی بە ژن دەدات و هەمیشە ناز و جوانی وەك دوو هاوەلْناو دەدەرێنە پالْ ژن، بەلْكو ئەوە خودی ئەو كچەیە، مانایەك بە نازكردن دەدات كە پەشێو وەسفی دەكات. بەمەش نازكردنی ئەو تایبەت و جیاوازە لە هەموو نازكردنێكی دیكەی ژنانی تر. دواتر سەردان و گفتوگۆ، بەلێندان، ئەمانەش لە سایەی بوونی ئەودا، تایبەتمەندی دیكەی جیاواز وەردەگرن و جوان دەبن. چونكە ئەوە جوانەكەیە، ئەو هێزی جوانییە بەو كردانە دەدات. بێگومان بەلێندان و تاسە و گفتوگۆ، وەك كردەیەكی جەستەیی و فیزیكی، ڕەنگە شتێكی ئاسایی بن و جوانییەكی ئەوتۆیان تێدا نەبێت، وەك ئەوەی لە جوانی

ڕووخسار دەیبینین، وەلێ چونکە جوانی ئەو تایبەت و ئەفسووناوییە، ئیدی هەموو ئەو کردانەش بە هۆی جوانی ئەو کەسەی پەشێو وەسفی کردووە، جوان دەبن. ئەگەر درك بەو جوانییانەش لە ڕێی بینین و هەست و درکپێکردنەوە بکەین، ئەوا دواتر لە بەردەم جوانییەکی دیکەی شاراوە و نابەرجەستە داین و نابینرێت. جوانییەك کە بە شاراوەیی سەد ئاواز بەرهەم دەهێنێت، وەك ئەوەی شاعیر دەڵێت:_

**چەند جوانە شەپۆلی پێکەنینی ناز**

**کە ختووکەی گیانم دەدات**

**بە سەد ئاواز**

پێکەنینی ئەو، پێکەنینێکی ئاسایی هاوشێوەی پێکەنینی هەر ژنێکی دیکە نییە، بەڵکو ئەو پێکەنینە میلۆدییەك دروست دەکات، کە بە سەد شێوە سەدای هەیە. ئەگەر بەڵێندان و گفتوگۆ، تاسە و ڕۆیشتن، جوانی بەرجەستە و هەست پێکراو بن لەودا، ئەوا پێکەنینی نازە، سەد ئاواز، جوانی نابەرجەستەن و بەمەش ئەو جوانی وێرای ئەوەی لە ڕووخساردا بەرجەستە دەکات، هاوکات لە نێو خۆشیدا جوانی بەرهەم دێنێت. ختووکەدان، لە هێزێکی شاراوەی ناخەوە دێت و زۆرجار مرۆڤ بە هۆی هەستی دڵخۆشیی، یان کاردانەوە لە هەنبەر شتێك، هەست بە ختووکەدانی ناخ دەکات، خودی ختووکەدان، مۆتیڤەکەی لە ناخی مرۆڤ خۆی دایە، کەچی ئەو جوانەی پەشێو وەسفی کردووە، سەرچاوەی ختووکە دانە لە نێو ناخی شاعیر خۆشی و سەرەنجام سەد ئاوازی جیاواز بەرهەم دەهێنێت. ئێمە لە دەسپێکی شیعرەکەدا، نازانین ئەو جوانەی پەشێو هێندە بە تامەزرۆیی و

ئەفسووناوییەوە وەسفی دەکات کێیە؟ تا دواجار پەشێو لە ڕێگەی وێنەیەکی دیکەی شیعرییەوە، ئەم جوانەمان پێ دەناسێنێت، کاتێ دەڵێت:_

**ئای چەند جوانە**

**ڕەوتت بەرەو قوتابخانە**

لێرەوە، دەردەکەوێت کە ئەو کەسەی پەشێو وەسفی جوانییەکەی دەکات، بە ڕێگاوەیە بەرەو قوتابخانە، بێگومان لە ڕێگەی ناوی قوتابخانەش وەك شوێنێك، ئێمە ئەو پەیوەندییە شاراوەی ئەو و شوێنەکە دەناسینەوە، کە دەبێ مامۆستا یان قوتابی بێت، چونکە جگە لەم دوو توێژە، کەسی تر تایبەتمەند نییە بە سەردانیکردنی قوتابخانە. لێرەوەش ئەو جوانەی کە جوانییەکی ئەفسووناوی هەیە، دەبێ یەکێك لەمانە بێت. دواتر لە پاڵ ئەو شوناسە پیشەیە، پەشێو بەشێکی گۆشەیەکی دیکەمان لە ناسنامەی ئەو جوانە، لە پەراوێزی وەسفەکانییەوە بۆ دەردەخات کاتێ دەڵێت:_

**باسی دەستە خوشکانی خۆت**

**باسی شیعری بێ تام و بۆت**

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو جوانە شیعریش دەنووسێت، کە لە ڕێگەی جێناوی لکاوەوە کە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و وەسفێکی دیکەی لە پاڵ چوونە قوتابخانە دەکات، کە ئەویش کردەی شیعر نووسینە. بەڵام هێشتا شیعرەکانی لە ڕووی هونەرییەوە پێنەگەیشتوون و شیعری لاواز و بێ تام و بۆن، وەلێ چونکە ئەو شیعرانە ئەو نووسیونی، ئیدی باسکردن و پەسندانیان لای پەشێو، بەشێکە لە شوناسی ئەو جوانە. پێوەری شاعیربوون لێرەدا، پەیوەندی بە ڕەهەندی ئەدەبی و

ئستاتیکییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سەرچاوەی جوانییەوە هەیە. باسکردن لەو شیعرانە خۆش و جوانە، چونکە ئەو دەیاننووسێت، گەرچی شیعری بێ تام و بۆشن. دوای ئەو هەموو وەسفە وردانە، پەشێو ئەمجارەیان خەیاڵی دوا ڕۆژ دەکات و خەون بە ژیانێکی هاوبەش لە چوارچێوەی ماڵێك دەبینێت، کە ناوی منداڵەکان چی بنێن؟ بەمەش شاعیر دڵنیا بووە لەوەی کە ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و ئەو، سەرەنجام بەو هەڵبژاردەیە کۆتایی دێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت باسی ناوی یەکەم منداڵ لەگەڵ کچێکی نامۆ و نەناسراو بکات، ئەگەر لە پەراوێزی هەبوونی پەیوەندییەکەوە نەبێت، هەروەك دەڵێت:_

**باسی دوا ڕۆژ**

**باسی ناو ماڵ**

**باسی ناوی یەکەم منالٚ**

کەواتا شاعیر بە هاوبەشی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا، نەخشەی ژیانێکی هاوبەشیان داناوە، ئەم خەونە چەند بۆتە ڕاستی، ئەمەیان دیار نییە. لەم شیعرەدا، پەشێو پێوەرەکانی جوانی هەڵدەگێڕێتەوە، بەو مانایەی ئەوە بوون نییە جوانی بەرهەم دێنێت، بەڵکو جوانییە دەبێتە سەرچاوەی بوون. جوانی ئەفسووناوی چەند شیعرێکی جوان و سەرنج ڕاکێشە، دەنگە بە سۆز و ڕۆمانسییەکەی عەتا قەرەداغیش، هەزار ئەوەندەی تر، ئەو شیعرەی جوان و بە چێژتر کردووە.

## پەشێو و براکوژی

براکوژی لە مێژووی نەتەوەیی ئێمەدا، پەلەیەکی ڕەشە بە تەوێڵی ئەو هێزە سیاسییانەی دەستیان بە خوێنی براکانیان سوورە. ئەم ڕووداوە، لە هیچ کات و سەردەمێکدا، هیچ پاساوێك نابێتە بیانوو بۆی، بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکان ڕەوایەتی پێ بدەن. سەردەمانێك، حزبەکانی ئێمە لە شاخدا، لە بری ئەوەی لوولەی تفەنگەکانیان لەیەك سەنگەرەوە ئاراستەی دوژمنە هاوبەشەکەیان بکەن، بە داخەوە ئاراستەی یەکتریان دەکردوو لە نێو خۆیاندا وەك مۆرانە بەربوونە گیانی یەکتری و هەزاران ڕۆڵەی کورد کە بە خەونی داهاتووێکی ئازاد و سەربەست، ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی چەکی پێشمەرگایەتییان کردبووە شان، بە دەستی براکانیان کوژران. ئاوێك وەك ئەوەی کورد دەڵێت:_ ( گەورە دەیڕژێنی و کچکە پێی لێ دەخشێنێ ) بۆیە براکوژی ڕەگێکی مێژوویی هەیە و لە شاخ سەرهەڵدەدات و دواتریش دریژدەبێتە بۆ دوای ڕاپەڕین، کە هێشتا کەس تێر بە سییەکانی هەناسەی ئازادبوونی لە مۆتەکەی بەعس و سەددام هەڵنەمژیبوو. وەك چۆن لە ڕۆژگاری شاخدا، براکان یەکتریان دەکوشت، بەم شێوەیەش لە دوای ڕاپەڕیندا، گەڕێکی دیکە یەکتر سوورکردنی براکان لە خوێن و بە دەستی یەکتری، بە داخەوە دەست پێ دەکاتەوە و بۆ هەتا هەتایە ( ڕۆڵە و کەپکی حەمەد ئاغە و مامە ڕووت و کلاّو قاسم) و دەیان شوێن و تەپۆلکەی دیکە، ناوێکی دیکەی ناشرین، لە پاڵ ناوە جوان و سرووشتییەکەی خۆیان وەردەگرن و ئێستاش کە بە

بیرمان دێنەوە، چزوو بە ناخمان دادێت. براکوژی، ئەو ڕووداوە بێ پاساوەیە، کە کاریگەریەتیەکی گەورەی دەروونی و ڕوحی لای پەشێو دروست کرد، بەشێوەیەك هەژاندی و تووڕە و نیگەرانی کرد، کە دیوانێك شیعر، لە کاردانەوەی  ئەو ڕووداوە بنووسێت و ناوی بنێت (براکوژی) پەشێو چونکە هەمیشە لە سەنگەری خەم و ناسۆرییەکانی نەتەوەکەی دابووە و بە شیعر گوزارشتی لە هەڵوێستی نەتەوەییانەی خۆی کردووە، بەم جۆرەش لە بەرانبەر شەڕی براکاندا، نەیتوانی بێ دەنگ بێت و پرۆتستۆی نەکات، بەڵکو لە ڕێگەی زمان و گوتارێکی تووڕە و ڕقاوی، بکەرانی ئەم شەڕەی شەرمەزار  و ڕیسوا کردوو ڕەخنەی لە تێگەیشتن و هزری سیاسییانەی سەرکردەکانی ئێمە گرت، کە چۆن لە ڕێگەی ئەو شەڕەوە، دەستی هەزاران برایان بە دەستی براکانی دیکە سوور کرد. لە وەسفی ئەو شەڕە نەگریسەدا، پەشێو بێ پەروا، بێ هیچ جۆرە سڵکردنەوە و سنووردانانێك، بوێرانە دێتە گۆ و هەڵوێستی خۆی وەك کوردێك لە ڕێگەی ئەو شیعرانەوە دژ بە براکوژی پیشان دەدات. زمانی پەشێو لە هەنبەر ئەم ڕووداوەدا، هێندە توندوو بێ ڕتووش دەبێت، کە سنوورێك لە نێوان زمانی ئاسایی و زمانی شیعردا ناهێڵێتەوە. لێرەوەش بۆ ئەوەی ڕەوایەتییەك بەو زمانە توندوو بریندارکەر و تا ڕادەیەك زبرە بدات، هەر لە سەرەتاوە بە ئاشکرا باس لەوە دەکات، کە ڕۆژی شیعر نییە و ئەو بۆیان بە زمانێکی دیکە دێتە گۆ. پەشێو، وەك مرۆڤێکی تووڕە دەدوێت و خەیاڵی لای جوانترکردنی شیعر و زمان و هۆنینەوەی وێنەی جوان نییە، لە بەر ئەوەی ڕووداوەکە هێندە ناشیرین و قێزەوەنە، دەبێ بە زمانێکی هاوتای خۆی وەسفی بکرێت. بۆیە دەڵێت:_

**ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە**

**بۆیە من بە زمانێك بۆتان دێمە گۆ**

**بە زمانێکی یەکجار سادە پێتان دەڵێم**

**ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ**

**زۆڵە تەرەسە گەوادە**

زۆڵ و تەرەس و گەواد، سێ هاوەڵناوی نیشانەیی بریندارکەر و زەق و زۆقن. ئەم وشانە، لە زمانی میللی و جەماوەریی و پەترياکی ئێمەدا، دەدرێنە پاڵ ئەو پیاوانەی کە هیچ بەهاو ڕەهەندێکی پیاوانەیان لە کەسیەتیدا نەماوە، بەڵکو بە چاوێکی یەکجار نزم، سووك و ڕیسوا سەیردەکرێن، بەلاَم لەگەڵ ئەمانەشدا، پیاوی کورد نەك هەر بە ئاسانی ئەم وشانە قبول ناکات، بەڵکو زۆرجار ئەگەر بە گاڵتەش پێیان بگوترێت، دەکەونە کاردانەوەی توندوو شەڕ و بە یەکهەڵشاخانی لێ دەکەوێتەوە. پەشێو بۆ ئەوەی ئەوانەی کورد دەکوژن و گوایا خۆیان پێ کوردە وەسف بکات، دەیانهێنێتە ئاستی گەواد و تەرەسەکان. بەو مانایەی چ براکوژی بکەیت، چ ئەو کارانە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. پەشێو دەزانێت بەشێوەیەکی کرداریی، بەرگرتن بەو شەڕە ئاسان نییە و ئەوان گوێ لە کەس ناگرن، جگە لە خواستە شەڕانگێزییەکانیان نەبێت، بۆیە دەیەوێت ئەو هەستە لای هەموو کوردێکی ڕاستەقینە و نەتەوەپەروەر دروست بکات، کە هەرگیز لەگەڵ کوشتنی براکەی دانەبێت، مەگەر کەسێك لەو جۆرە کەسانە بێت. لێرەوەش بە هەمان ئەو زمانەوە بەردەوام دەبێت لە پرۆتستۆکردنی

ئەو شەڕە و دیسانەوە براکان دەخاتە بەردەم بیرکردنەوە و پرسیار و پێیان دەڵێت:_

**پێشمەرگە پێشمەرگە بێ**
**لە پێناو سەردارێکی گەواد و دەم بێ دەرپێ**
**ڕووە و سەنگەری براکەی**
**چۆن چەك دەخاتە سەر پێ**

بێگومان پەشێو، بۆ ئەوەی بەو زمانە وەسفی ئەوانە بکات کە براکەی خۆیان دەکوژن، لە دەسپێك و سەرەتادا، شوناسی گەورە و پیرۆزی پێشمەرگەیان لێ دائەماڵێت و ئەو کات وەسفیان دەکات. چونکە دەزانێت پێشمەرگەی ڕاستەقینە ئەمە ناکات و ئەرك و ڕۆڵی نەتەوەییانە و سیاسییانەی پێشمەرگە، تەنێ بەرگریکردنە لە کورد، نەك کوشتنی یەکتری. لێرەوەش گەر سەرنج بدەین، دەبینین پەشێو لە هەر کام لەو شیعرانەی لە دژی براکوژی نووسیونی، شوناسی ڕاستەقینەی پێشمەرگەیەك ناداتە پاڵ ئەوان، بەڵکو ئەگەرێك دادەنێت، کە گومانێك دروست دەکات لەوەی کە بە ڕاست ئەوانە پێشمەرگەن؟ ئەگەر وایە چۆن بوێری ئەوەیان هەیە یەکتری بکوژن؟ لە پێناو چیش؟ لە پێناو سەردارێکی گەواد وەك ئەوەی شاعیر وەسفی کردووە. ئایا کەسێك بە بیروباوەڕی کوردایەتی و پیرۆزی پێشمەرگایەتی پەروەردە و گۆش کرابێت، چۆن ڕێگە بە خۆی دەدات براکەی بکوژێت؟ چۆن دڵی دێت و دەستی ئەو چەکە دەگرێت کە لوولەکەی ئاراستەی براکەی دیکەی کراوە؟ پەشێو لە شیعرێکی دیکەیدا، بە زمانێکی نەرمتر، بەڵام بە هەستێکی پڕ لە نیگەرانی و

خەمگینییەوە، دیسانەوە ئاژێر دەداتە پێشمەرگەکان کە دەستیان نەچێتە خوێنی یەکتریی و براکەی خۆیان نەکوژن و دوژمنانیان دڵخۆش نەکەن، بۆیە ئەمجارەش پێیان دەڵێت:_

**دەستت بڕزێ و چاوت کوێر بێ**

**ڕێگەی ڕاستت کێوی قاف  پڕ هەڵدێر بێ**

**هەی کرم لە گۆشتت بدا شێرپەنجە بە خوێنت فێر بێ**

**تۆ دەزانی ئەوەی کوشتت چیبوو کێ بوو؟**

**پێشمەرگە بوو پشت و پەناو تێشووی ڕێ بوو**

ئەمجارەیان پەشێو، ناڕاستەوخۆ بیر و ویژدانی پێشمەرگەکان، دەخاتە بەردەم سەنگی مەحەك و ڕەخنەی ئەوەیان دەکات کە نازانن ئەوەی کوشتوتانە جگە لە خۆتان کەسیتر نییە؟ نازانن ئەوە پشت و پەناو تێشووی ڕێی هات و نەهاتە، ئێوە سەنگەرتان لێ گرتووە. چۆن نازانن ئەوەی کوشتان چیبوو؟ کێ بوو؟ مەگەر بتانزانیبایە ئەو کارەتان دەکرد؟ باشتر نییە شێرپەنجە لە خوێن و بدات و کرم بە گۆشت و فێر بێت لەوەی کارێکی قێزەوەنی لەو شێوەیە بکەن؟ پەشێو ناڕاستەوخۆ و هێمنانە، بکەرانی براکوژی شەرمەزار و ڕیسوا دەکات. لە هەموو ئەو شیعرانەی دژ بە براکوژی نووسیونی، زمانی ڕەخنە و توندوو بریندار کەر هەیە، زمانی لێدان و سڕینەوە و پرۆتستۆ هەیە، بەلام بۆ کێ؟ بێگومان بۆ پێشمەرگەی ڕاستەقینە نا، بەڵکو بۆ ئەوانەی لە ژێر ناوی پێشمەرگەوە یەکتری دەکوژن. بە داخەوە پێ دەچێ پێشمەرگەکانی ئێمە نەخوێننەوە، دەنا ئەگەر ئەو شیعرانەی پەشێویان بدیبایە، بە بڕوای من مەحاڵ بوو بیر لە براکوژی بکەنەوە.

## دوانزه وانه و دوانزه پەیام

دوانزە وانە، یەکێکە لە دیارترین شیعرەکانی پەشێو، کە وەك خۆشی لە پێشەکی وانەکاندا ئاماژەی پێ کردووە، ئەم شیعرانە چارەنووسی داهاتووی ژیانی ئەویان بە ئاقارێکی دیکە دابردوو ئەگەر نەینووسیبانە، ڕەنگە چارەنووسێکی دیکەی هەبایە. تایبەتمەندی ئەو شیعرانە لەوە دایە، کە ئاراستەی منداڵان کراون، بەڵام نەك لە چوارچێوەی ئەدەبی منداڵان، بەڵکو بە هەمان زمان و ئەزموونی شیعری پەشێو. بەشێك لەو نامە شیعرییانە، وێڕای نیو سەدە زیاتر بە سەر نووسینیان، کە چی هێشتا لە مانا و واتا و پەیامی خۆیان نەکەوتوون و وەك ئەوەی بۆ ئێستا نووسرابن وەهان. مەگەر ئێستاش منداڵانی کورد، لە نزیك تاڤگەی بابە گوڕگوڕ لە برسان نامرن؟ مەگەر ئێستاش لە هەموو کات زیاتر، مرۆڤی کورد تووڕە و نائومێدتر و زیزتر نییە لە چەمکی درۆینەی بە ناو کوردایەتی؟ پەشێو لە ڕێگەی ئەو دوانزە وانەیەدا، دوانزە پەیام ئاراستەی منداڵان، وەك نەوەی دوا ڕۆژ کە کۆمەڵگەیان لە سەر بونیاد دەنرێ دەکات. لە هەر یەك لەم وانانەشدا، منداڵان ئاشنای پرس و بابەتێکی سیاسی و نەتەوەیی و مێژوویی دەکات و لە ڕووداوەکان ئاگاداریان دەکاتەوە. لە نامەی یەکەمدا، پەشێو منالان هوشیار دەکاتەوە لەوەی بڕوا بە دروشم و چەمکی فریودەری کوردایەتی نەکەن و بەرمەبنای ئەزموونەکانی ژیانی، کە بڕوای وایە ئەوەی هەتا ئێستا لە بارەی کوردایەتییەوە بیستوویەتی هەمووی درۆ بووە، بە ئاگایەوە بە منداڵان دەڵێت:_

**ڕەنگە زۆرتان بەرگوێ کەوێ**

**باسی ئێمە و کوردایەتی**

**باسی ئێمە و ئازایەتی**

**بەڵام نەکەن بڕوا بکەن**

**هەمووی درۆن درۆی پەتی**

پێ ناچێ پەشێو، بە ڕێکەوت و لە خۆوە، هەر لە وانەی یەکەم و سەرەتادا، نائومێدی خۆی لە کوردایەتی بۆ مندالآن دەربڕیبێت. دیارە ئەمە پەیوەندی بەو بە ناو کوردایەتییە فریودەرانە هەبووە، کە گەلی ئێمەی لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە پێ چەواشە کراوە. بۆیە نایەوێت مندالآنی دوارۆژیش بەر هەمان واقیع بکەونەوە. لێرەوەش ڕوون و ڕاشکاو پێیان دەڵێت، بڕوا نەکەن و ئەمانە هەمووی درۆی پەتین. بێگومان درۆی پەتیش، بە مانای ئەوەی درۆیەکی خۆرسك نەك هەڵبەستراو. درۆیەك نییە هەڵبەسترابێت و درابێتە پاڵ چەمکی کوردایەتی و کارەکتەرەکانی، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەمە ماهیەتی کوردایەتی بووە لە نێو ئێمەدا، کە بەدەر بووە لە کوردایەتییەکی ڕاستەقینە. هەڵبەتە، دوای نیو سەدە زیاتر لەم شیعرە و وەسفی پەشێو بۆ کوردایەتی، ئێستا لە هەموو کات زیاتر، خەڵکی ئێمە نائومێدترە لە شۆڕش و کوردایەتی و خەبات و بڕوایان وایە، شۆڕش دنیایەکی نادادپەروەرانەی دروست کرد. دروست وەك ئەو وتەیەی کە دەڵێت:_ ( شۆڕش زانا پلانی بۆ دا ئەنێت، ئازا جێبەجێی دەکات، ترسنۆك لە بەرەکەی دەخوات) بێگومان ئەگەر پەشێو مندالآن هوشیار بکاتەوە لەو مێژووەی کە کوردایەتییەکی درۆینەی تێدا بووە، ئەوا

دەبێ هۆكاری ئەو نائومێدیی و وەسفەش بۆ كوردایەتی بخاتە ڕوو. بۆیە ئەمجارەیان لە نامەی دووەمدا، هۆكارەكەی بۆ نەبوونی یەك هەڵوێستی و هاوگوتاری نەتەوەیی دەگەڕێنێتەوە. بەلاَم لە نامەی سێیەمدا، پەشێو ئەمجارەیان بە دیدگایەكی دیكە، مندالاَن بۆ كوردایەتییەكی پاك و ڕاستەقینە ساز و ئامادە دەكات و فێریان دەكات كە چۆن بڕوایان بە یەكگرتوویی نەتەوەیی هەبێت، كە زامن و فاكتی هەموو شۆڕش و سەركەوتن و گەیشتنە بە ئامانجێك. فێریان دەكات چۆن سنوورەكان كاڵ بكەنەوە. هەر وەك دەڵێت:_

**ئێوەن سبەی لە قامیشلی**

**لە دیار بەكری شێخ سەعیدا**

**لە سلێمانی بریندارا لە مهابادی قازی دا**

**بە یەك فەلسەفە پێ دەگەن**

**گشت تێ دەگەن**

**ئەوەی كورد بێ نەوەی نوێ بێ**

**دەبێ تێشووی ڕێی یەكێتی كوردی پێ بێ**

لەو نامەیەدا، پەشێو لە بارەی كوردستانی گەورە، سمبولەكانی شۆڕش ، یەكێتی نەتەوەیی، بۆ نەوەكانی دوا ڕۆژ دەدوێت و ئەو نەوە نوێیە هوشیار دەكاتەوە لەوەی كە دەبێ باوەڕیان بە یەكێتی نەتەوەیی، یەك سنوور و یەك شوناس و ناسنامە هەبێت و هەموو سنوورە دەستكردەكان بسڕنەوە. ئەمان دەبێت كارێك بكەن، كە نەوەی پێشووتر ڕەنگە باوەڕێكی ئەوتۆیان لە ڕابردوودا پێ نەبووبێت. نەوەی نوێ فێر دەكات، كە توێشووی هەموو سەركەوتنێك یەكگرتوویە. بەمەش ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەیان پێ دەدات كە هیچ

کاتێك دەستیان نەچێتە خوێنی یەکتری. لەوانەی چوارەمدا، پەشێو جارێکی دیکە جەخت لەو وتەیە دەکاتەوە، کە لە وانەی ڕابردوودا باسی کردووە، کە ئەویش ئەوەیە، کە ئێمە وێرای ڕووبارێك خوێن، سەدان ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان، چیمان درویێنەکرد؟ توانیمان چی بۆ منداڵانی نەوەی داهاتوو بکەین؟ ئایا ئێمە لەوەتەی هەیەن لە کار و کردەوەکانمان بێ فەلسەفە نین؟ درۆ لەگەڵ خۆمان ناکەین؟ لێرەوەش منداڵان ڕادەسپێرێت کە نەترسن و پرسیار لە گەورەکان و سەرکردەکانیان بکەن کە تا ئێستا چیتان کردووە؟ بۆیە پێیان دەڵێت:__

**مەترسن بپرسن بڵێن**

**لە سەفەری دوورگەی خوێنا**

**بۆمناڵان چیتان هێنا**

**پێمان بڵێن چیتان هێنا؟**

سەفەری دوورگەی خوێن، ئاماژەیە بۆ ئەو هەموو خوێن و قوربانیدان و شۆڕش و تێکۆشانەی کە ئێمە کردوومانە، کەچی تا ئێستا نەمانتوانیوە، ئەوە بۆ منداڵات بێنین کە گەرەکیانە. نەمانتوانیوە، نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆبۆ منداڵان بونیاد بنێین. دوورگەیەکمان لە خوێن دروست کرد، وەلێ چونکە بێ فەلسەفە و دنیابینی بووین، بۆیە نەمانتوانی شتێك بۆ منداڵەکانمان بێنین و ئەوانیش باجی هەڵەکانی ئێمە دەدەن. بۆیە لە نامەی پێنجەمدا، پەشێو ئومێدی بە منداڵان خۆیان هەیە، کە ئەوەی نەوەی کۆن نەیتوانی بیکات ئەوان بیکەن. لێرەوەش هێمنانە و بە ورە و ئومێدێکی زۆرەوە، هیوای دوا ڕۆژیان لە سەر دەچنێت و لە چاوی هەر یەکێکیان دا، زەردەشتێك کە

پەیامبەری ئایینی کۆنی کوردان بووە، دەبینێت. چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکات، شیری ئازادی و سەربەستی، بۆ مەمکی دایکانی کوردستان بگێڕنەوە. داوایان لێ دەکات، بتەکان وەك ئیبراهیم بشکێنن و ببنە پەیامبەرێك لەو کێوانە کە سەدان ساڵە، پەیامبەرێکیان تێدا نییە. لێرەوەش لەوانەی پێنجەمدا پێیان دەڵێت:_

**منالەکان**

**لە ئاگردانی چاوتاندا**

**من چاوەڕێی زەردەشتێکم**

**بێ جێ بەو بتانە لەق کا**

**من چاوەڕێی چەخماخەی ئاڤێستایەکم**

**بێ جەرگی تاریکی شەق کا**

پەشێو لە ڕێگەی ئەو نامەیەوە، وێرای ئەوەی ئومێدی زۆری پێیانە، هاوکات لە زەردەشت و ئاڤێستاش ئاگاداریان دەکاتەوە و لایەك لە مێژووی بزر و ڕاستەقینەی ئایینی و نەتەوەیی ئێمە، بۆ مندالان دەکاتەوە و ئەو تێگەیشتنەیان لا دروست دەکات، کە بپرسن ئەو بتانە کێن و کێ دروستی کردوون؟ ئەی ئاڤێستا و زەردەشت چین؟ چ پەیوەندییەکیان بە ئێمەی کوردەوە هەیە؟ بۆچی جگە لەوان، شاعیر کەسی تر وەك فریادرەس و ڕزگارکەر نابینێت؟ شاعیر بۆچی دەگەڕێتەوە سەر ئەو مێژووە ئایینی و کۆمەلایەتیی و نەتەوەییە؟ بێگومان هەموو ئەمانە، پەیوەندییان بەوەوە هەیە، کە شاعیر مندالان لە مێژووی دێرینی نەتەوەکەیان ئاگادار بکاتەوە. لەوانەی شەشەمدا، پەشێو بۆ مندالان، باس لە سەنگەر و قەوان و پێشمەرگە دەکات و خۆڕاگریی و قارەمانییەتی پێشمەرگە، وەك وانەیەك فێری مندالان

دەکات و ئاماژە بەوە دەدات، کە چۆن قەوان و سەنگەر، وەك دووانەیەك لە ژیانی پێشمەرگەکانی ئێمەدا، هەمیشە بە درێژایی ژیانییان بوونیان هەبووە، کاتێ دەڵێت_

**مناڵەکان**

**سەنگەر سەنگەر چیاکان گەڕام**

**گوێم لێبوو کۆمەڵێك قەوان**

**لە سەنگەرێکی چۆڵدا**

**لە پێشمەرگەی شەهید دەدوان**

شاعیرئەو پەیامە دەداتە منداڵان، کە ئەوە پێشمەرگە و قەوانەکانیانە، تا ئێستا ئێمەیان لە چڕنوکی دوژمنان پاراستووە، چۆن پێشمەرگە تا دوا فیشەك دەجەنگێت و کاتێ شەهیدیش دەبێت، ئەوا فیشەکدانەکەی دەبێتە گەواهیدەرو ڕاستی بەسەر قارەمانیەتییەکانی کە تەنانەت قەوانەکانیشی هێناوەتە دەنگ. واتا تەنها مرۆڤەکان گەواهی ئازایەتی پێشمەرگە نین، بەڵکو چەکی دەستەکەشی، باس لەو ئازایەتییە دەکەن. بێگومان بە درێژایی مێژووی ئێمە، ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە، ئەوا ئێستا نەتەوەیەك بە نێوی کورد نەدەمایەوە، ئەوە پێشمەرگە قارەمانەکانن، بە درێژایی شۆڕش و خەباتی شاخدا، ئێمەیان پاراستووە و لە سایەی خوێنی ئەوانەوەیە، ئێمە بە ئازادی دەژین، بەڵام ئەو پێشمەرگەیە، جیاوازە لە هەمان ئەو پێشمەرگانەی پەشێو لە شیعرەکانی براکوژیدا، ڕەخنەیان دەکات و شەرمەزاریان دەکات، کە چۆن دەستیان دەچێتە خوێنی براکەیان. لە وانەی حەوتەمدا، پەشێو باس لەو سنوورە دەستکردانە دەکات، کە وەك تەلبەند کوردستانیان لە یەکتری دابڕیوە و کاتێ کۆترێکی دیاربەکر

دەیەوێت سنوور ببەزێنێت، بە داخەوە تفی دەمی پیسی پۆستاڵ ڕەشێك دێت و نێو چاوانی سواخ دەدات. شاعیر بۆ منداڵان، ئاماژە بەوە دەدات کە بەداخەوە کورد ئەوەشی لێ قەدەغەیە، کە بە ئازادی سنووری نیشتمانەکەی ببڕێت، وەختێ یاساوەڵان و پۆستاڵ ڕەشەکان لە بری پەیامی ئازادی و ئاشتی و سەربەستی، دێن تف دەکەنە نێو چاوانی. ئەو ستەمە مێژوویی و نەتەوەییە بۆ منداڵان وەك پەیامێك لە ڕێگەی ئەو وانەیەوە دەردەخات و پەیامی یەکپارچەیی کوردستان و نیشتمانەکەیان پێ دەدات، کە کوردستان یەك نەتەوە و یەك پارچەیە و ئەوە دوژمنانن سنوورێکی دەستکردیان دروستکردووە. لە وانەی هەشتەمدا، پەشێو باس لە و ستەم و چەوسانەوە سیاسی و نەتەوەیە دەکات، کە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بە سەر منداڵی کوردیان داهێناوە. کە چۆن لە شارێکی دەوڵەمەند بە نەوت ، بە داخەوە منداڵانی کورد لە برسان دەمرن. بۆیە باس لەوە دەکات، کە لە نێزیك تاڤگەی نەوتاویی بابە گوڕگوڕ، منداڵی کورد لە برسان دەمرێت و دەڵێت:_

**نێزیك تاڤگەی سەرە و ژووری زێڕینی گڕ**

**گڵکۆیەکی بچکۆڵەم دی**

**لێی نووسرابوو**

**ئا لێرەدا منالێکی چاوگەشی کورد**

**لە برسان مرد**

پەشێو ڕەخنە لەو دەسەڵات و سیستەمە سیاسییە نا مرۆیی و نا مۆڕاڵییە دەگرێت، کە چۆن وێرای هەبوونی تاڤگەیەکی نەوتی لە کەرکوك، کە چی هێشتا منداڵی کورد، بە تاسەی نانێکەوە سەر

دەنێتەوە. بەمەش ئەو پەیامە دەداتە منداڵان کە چۆن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، لە بری ئەوەی ئەو سەرچاوە سرووشتییە بۆ خزمەت و ژیانێکی پێشکەوتوو مرۆیانەی گەلەکەیان بخەنە گەڕ، بە پێچەوانەوە لە پێناو خۆیان و دەسەڵاتە شۆفێنییەکەیان بە کاری دێنن. گرنگی ئەو نامەیەی پەشێو لەوەدایە، کە تاکو ئێستاش بە داخەوە لە سایەی دەسەڵاتی شۆفێنی عەرەبییەوە، منداڵانی کورد لە کەرکوك لە برسان دەمرن و ئەم شارە دەوڵەمەندە بە نەوت، زۆرجار وەك زبڵدانێکی گەورەی لێ دێت. ئەمە دیویێکی ئەو دەسەڵاتەیە، کە هەمیشە نەوتی وەك سەرچاوەی شەڕ و خوێن و بەردەوامیدان بە شەڕ بینیوە، لەو سەریشەوە منداڵان لە برسان دەمرن. لەوانەی نۆیەمدا، پەشێو باس لەوە دەکات کە وێڕای ئەوەی ئێمە ڕووبارێك خوێنمان ڕشتووە، مێژوویێکی درێژمان لە قوربانیدان و تێکۆشان هەیە، کەچی خەرمانەی ئەو قوربانیدانەمان دیار نییە، ئەوانەی بە تەنها گوڵە گەنمێکیان چاندووە، کێڵگەیەکیان دروێنە کردووە. کەچی ئێمە بارانی خوێن دەبارێنین، کاسە سەریان پێشکەش دەکەین، کەچی هێشتا وەرزی دروێنە و گوڵێکی ئەو کێڵگەیەی خوێنمان دیار نییە. شاعیر لێرەدا، بەراوردی خەبات و تێکۆشانی ئەوانیتر بە نەتەوەی کورد دەکات و لە پەراوێزیشەوە، ڕەخنە لەو هەڵومەرجە بابەتی و دەرەکییە دەگرێت، کە چۆن دەوڵەتێك بە نەتەوەیەکی بێ مافی وەك ئێمە ڕەوا نابینن. چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دوو ڕوویانە دەڕوانێتە دۆزی کورد، کەچی گەلێك نەتەوە هەن، نە لە ڕووی مێژوویی، نە لە ڕوویی سیاسیی و نەتەوەییەوە، بە قەد ئێمە قوربانیان نەداوە و تێکۆشانیان نەکردووە، کە چی بە چاندنی یەك

گوڵە گەنم، کێڵگەیەك دەدرونەوە. ئێمە لە بری کێڵگەی گەنم، کێڵگە و ڕووباری خوێن دەبەخشین، کەچی هیچ دەسکەوتێکیشمان دیار نییە. پێ دەچێ مەبەستی شاعیر لێرەدا، ڕەخنە گرتن بێت لە نەبوونی گوتاریی یەکگرتووی کورد و هاوسۆزیی و هاوپشتیوانی نەتەوەیی، بۆیە ئێمە هێشتا لەو واقیعە تاڵە دەژین، کە وەرزی درویێنەمان دیار نییە. لە وانەی دەیەمدا، پەشێو ڕەخنە لە دروشمی ڕووتی خرۆشاویی بێ کردار دەگرێت و ئەو پەیامە ئاراستەی منداڵان دەکات، کە دروشمەکان، ئەگەر تەرجەمەی زەمینەی واقیع نەکرێن و نەبنە کردار، هیچ لە ژیانی مرۆڤەکان ناگۆڕێت. بۆیە پێیان دەڵێت:_

**دە ملیۆن جار نووسیمان**

**بژی کرێکار**

**بژی چەوساوە**

**بەڵام هەموو نووسینەکان تەنیا جارێ**

**نەیانتوانی ببنە پاروو**

**تێرکەن زگی کرێکارێ**

کرێکار و چەوساوەکان، بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی، پێویستیان بە کردار و تێکۆشان و خەباتی چینایەتی و کرێکاری هەیە. ئەگەر ملیۆنان جاریش بنووسین بژی چەوساوە، هیچ گۆڕانکارییەك لە ژیانی ئەوان نایەنێتە ئاراوە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە پەشێو دیدگایەکی شۆڕشگێڕیی و چینایەتی و مرۆڤایەتی، بۆ ڕزگارکردنی چینی چەوساوە و هەژار هەیە. بێگومان نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت، کە ئەم وانەیە، لە سەرووبەندێك نووسراوە، کە گەلێك لە نەتەوەکان، بە تایبەتیش لە ئەفەریقیاو ئاسیادا، لە ژێر ستەم و

چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی دابوون و لە شۆڕش و تێکۆشان دابوون دژ بە سەرمایەداری. بۆیە ئەو دیدگا سیاسی و شۆڕشگێڕییەی لا دروست بووەوە لەوانەیەکدا مندالآن وەك نەوەی ئایندە، فێری ئەوە دەکات کە تەنها پشت بە دروشمی بێ کردار نەبەستن، بەڵکو بە واقیعی و لە زەمینەی کۆمەلآیەتییانەی ژیاندا، شۆڕش و خەبات بکەن. لە وانەی یانزەمدا، پەشێو سەرگوزشتەی خەونێکی خۆی بۆ مندالآن دەگێڕێتەوە، کە چۆن شەو لەخەونەکەیدا بەرە و بارەگای یوئێن چووەو ئالآی هەموو نەتەوەکانی بە بەرزیی و شەکاوەیی بینیوە، تەنها ئالآی کوردستان نەبێت. ئەمیش چونکە نێردەی ولآتێکی بێ ئالآ بووە، ئیدی هەمووان بە گاڵتە و قیژاندنەوە پێی دەڵێن ئەی بێ ئالآ بۆ دەرەوە، ئەی بێ ولآت بۆ دەرەوە. شاعیر ناڕاستەوخۆ، جارێکی دیکە لە پەراوێزی ئەو وانەیەدا، ڕەخنە لە بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی ولآتانی دنیا بە گشتی دەگرێت. کە چۆن بۆ خۆیان بە ڕەوای دەبینن ئالآ و ولآتیان هەبێت، بەلآم بۆ نەتەوەکەی شاعیر نا. هەر بۆیە لە بری ئەوەی پێشوازی لە بێ ئالآیەك بکەن، ئەوا دەریدەکەن و دەقیژێنن، ئەویش پێیان دەڵێت کە چووەوە ئەو چیرۆکە بۆ مندالآن دەگێڕێتەوە. واتا بە منداڵە بێ ئالآ و دەوڵەتی نیشتمانەکەم دەڵێم، ئەمەیە ماهیەتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، کە خۆی لە ژێر ماسکی بە ناو دروشمی مرۆڤایەتی حەشارداوە، کە چی بێ ئالآیەك دەردەکەن و ئامێزی سۆز و میهرەبانی بۆ ناگرنەوە. واتا چیرۆکی شەرمەزاریی و ڕیسوایی جیهانێك، کە لە ئاست بێ مافی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بێ دەنگە. لە وانەی دوانزەم و کۆتاییدا، پەشێو پاش ئەوەی لە ڕێگەی یانزە وانەی پێشووەوە،

منداڵان له یانزه پرس و بابه‌تی سیاسی و نه‌ته‌وه‌یی و كۆمه‌ڵایه‌تی و په‌روه‌رده‌یی ئاگادار ده‌كاته‌وه و ساز و ئاماده‌یان ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی هوشیار ببنه‌وه و به‌شێوه‌یه‌كی دیكه ژیان ببینن، له كۆتا وانه‌یدا منداڵان له‌وه ئاگادار ده‌كاته‌وه كه له به‌ر چرایه‌كی كز وانه‌كان بخوێنن نه بادا گه‌وره‌كان بیانبینن. بۆیه به منداڵان ده‌ڵێت:_

ئه‌گه‌ر شه‌وبوو

با چراكان كز بسووتێن

چاك ده‌زانم گه‌وره‌كانتان بتان بینن

داختان ده‌كه‌ن

وانه‌كانم ده‌سووتێنن

دێن دووباره

جه‌سته‌ی حه‌لاج ده‌ده‌نه‌وه له سێداره

ئه‌و نامانه، زۆر شتی نهێنی و تایبه‌تیان تێدایه، كه پێشتر گه‌وره‌كان په‌یان پێ نه‌بردووه، بۆیه كاتێ منداڵان ئه‌و نامانه ده‌خوێننه‌وه، ئه‌وا یاخی ده‌بن و به جۆرێكی دیكه ژیان و دنیا ده‌بینن و ده‌بنه مه‌ترسی بۆ سه‌ر گه‌وره‌كانیان، كه مه‌به‌ستیانه منداڵه‌كانیشیان له سه‌ر ستایلی ژیانی ئه‌وان بژین و گه‌وره ببن، به‌ڵام شاعیر جیهانێكی دیكه‌یان پێ ده‌ناسێنێت و به ڕاستییان ئاشنا ده‌كات و دواتریش له سۆنگه‌ی ئه‌و ڕاستی گوتنه‌وه، وه‌ك حه‌لاج له سێداره‌ی ده‌ده‌ن. وه‌ك ئه‌وه‌ی هه‌میشه ڕاستی و ڕاستی گوتن، باجی گه‌وره‌ی هه‌ندێ جار به سه‌ری مرۆڤیش ده‌وێت. په‌شێو له ڕێگه‌ی دوانزه وانه‌وه، دوانزه په‌یام ئاراسته‌ی منداڵان ده‌كات و له پرسه مێژوویی و نه‌ته‌وه‌ییه‌كان هوشیاریان ده‌كاته‌وه. له هه‌ر یه‌ك له‌و په‌یامانه‌ش، په‌شێو ئامانجێكی هه‌یه و

مەبەستییەتی منداڵان وەك نەوەی دوا ڕۆژ لە بارەی واقیعی نەتەوەکەیانەوە هوشیار بکاتەوە، بیاندوێنێت و پرسیاریان لێ بکات. دوانزە وانە، هەمیشە لە مەودای واتایی و فێرکارییانەی خۆیان ناکەون. ئێستاش پەیام و ناوەڕۆکی بەشێك لەو وانانە، بۆ منداڵانی کورد دەبێت. ئێستاش ئەو نامانەی پەشێو، ڕەهەندی واتاییانەی خۆیان ماوە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات، کە پەشێو بە قووڵی کۆمەڵگەکەی خۆی خوێندۆتەوە و دەزانێت منداڵانی کورد، چەند لە ماف و دنیای منداڵانەی خۆیان بێبەشن، وەك ئەوەی لە شیعرێکی دیکەیدا، خۆزگەی ئەوەیان بۆ دەخوازێت بووکە شووشەیان هەبێت. بە داخەوە ئێستاش منداڵانی کورد، بە دەست بەشێکی زۆر لەو نەهامەتی و بێ مافییە دەناڵێنن و ژیانێکی شایستە بە خۆیان نییە، بەڵکو هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکی دەژین. هەمیشە بێبەش بوونە و دەبن، لە سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی باوکانە. لێرەوەش وانەکانی پەشێو بۆ منداڵان، وانەی نەمرن و دەشێ بۆ هەموو سەردەم و قۆناغێك بشێن، بەو مانایەی ناوەڕۆکی بە شێك لەو وانانە، گوازرشت لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد دەکەن. وەك ئەوەی ئێستاش بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو سامانەی لە کەرکوك هەیە، کەچی منداڵانی کورد هێشتا لەژیانێکی نەبوونی و هەژارانە دەژین و لە مافەکانییان بێبەشن.

# وارشۆیەکی جیاواز

پاییزی ساڵی ڕابردوو، بە هەزاران کۆچبەری کورد لە سەرسنووری نێوان بیلاڕوسیاو پۆلۆنیا، بە هۆی ساردی و سەختی کەش و هەواوە، ڕووبەڕووی دۆخێکی دژواری مرۆیی بوونەوەو بە داخەوە گەلێکییان بە تایبەتیس منداڵ و پیرو پەککەوتەو نەخۆش، بەو هۆیەوە گیانیان لە دەستداو پۆلۆنیا ئامادە نەبوو سنوور بە ڕووی ئەو کۆچبەرانەدا بکاتەوە. کەچی دەرگای بە ڕووی ملیۆنان کۆچبەری ئۆکرانی کردەوە، کە ئەمەش جگە لە دوو ڕوویی مرۆیی و سیاسی و بە تاڵی دروشمی بە ناو مافی مرۆڤ لەو وڵاتانە نەبێت، هیچی تر نییە. پۆلۆنیا، لە جەنگی جیهانی دووەم وێران بوو، کەمپی ئاوشفیتز، کە نموونەی دڵڕەقی و کوشتن و خوێنی مرۆڤایەتییە، لەو وڵاتەیە. بۆیە دەبوو لە هەر وڵاتێکی دیکە زۆرتر مرۆڤدۆستر بووایە لە گەڵ ئاوارە و پەنابەران. پەشێوی شاعیر، کاتێ لە ساڵی ١٩٧٦دا سەردانی پایتەختی ئەو وڵاتە دەکات، شیعرێك بۆجوانی وارشۆ دەنووسێت و سەرسامی خۆی بەو شارە و خەڵکەکەی دەردەبڕێت، کە چۆن بە ئاسانی و مرۆییانە باوەشیان بۆ کردۆتەوە و لە ئامێزیان گرتووە. چۆن منداڵ و کچە چاوشینەکانی، وەك غەریبێك ڕێز لە مرۆڤێکی بێ ئاڵا و سەوداسەری وڵاتان دەنێن و ئەو هەستەی لا دروست دەکەن، کە ئەم شارە بە شاری خۆی بزانێت. بێگومان نابێ ئەوە لە بیر بکەین، کە وارشۆی ئەو کات، شاری سەردەمی سۆسیالستی و کەمپی سۆسیالستی بووە و جیاوازە لەگەڵ وارشۆی ئێستا، کە سەرمایەداریی هیچ بەهاو مانایەکی بۆ مرۆڤ

و مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوەو هەموو شتێك لە نیگای سەرمایەدارانەو بەرژەوەندیی و بازرگانی دەبینێت. کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بە سەر ئەو ولأتە و ولأتانی تریش هەبووە، کە سەردەمانێك لانە و پەنای کۆچبەران و پەناهەندەکان بووە. پەشێو لە شیعرەکەیدا دەڵێت:_

**کە من هاتم تەنیا هاتم**

**کەسێك بە پیرمەوە نەهات**

هەڵبەتە لەدەسپێکدا، شاعیر سەر بە شارێك دەکات، کە نامۆیە بەو و ئەویش بەو نامۆیە، بۆیە هیچ کەسێك لە خەڵکی ئەو شارە، وەك کولتوورێکی میواندۆستی کە دەچنە پێشوازی کەسانی غەریب و گەریدە، بە پیرییەوە نەهاتوون. ئەمە هەستێکی لای شاعیر دروست کردووە، کە نەتوانێت تیایدا بژی. ڕەنگە هەموومان، کاتێ بۆ یەکەم جار سەر بە شار و شوێنێکی جیاواز لە شار و خیڵکی خۆمان دەکەین، ئەو هەستەمان لادروست بێت، چونکە مرۆڤ و زمان و کولتوور و هەموو شتێك جیاوازە، بەڵام داهاتوو دەریدەخات کە ئاخۆ ئەو شوێنە، چەند دەبێتە پەنایەك بۆ کەسە غەریبەکە و لە باوەشی دەگرێت. پێ دەچێت بە هۆی ئەو جیاوازییانەوە بێت، هیچ کەسێك لای لە پەشێو نەکردبێتەوە و بە پیرییەوە نەهاتبێت و بەلایانەوە گرنگ نەبێت کە ئاخۆ ئەو کێیە و چی دەکات لە شارەکەیان؟ وەلێ کاتێ تیایدا دەمێنێتەوە، ئاوێتەی مرۆڤ و خاك و خۆڵەکەی دەبێت، بە پێچەوانەی هاتنیەوە هەمووان بە گەرمی بە ڕێی دەکەن، بەمەش ئەو وێنا کردنەی شاعیر لە دەسپێکی شیعرەکەی بۆ وارشۆی هەبووە، بە پێچەوانە دەکەوێتەوە و تێڕوانینێکی دیکەی بۆ ئەو شارە لادروست دەبێت. لێرەوەش کاتێ شارەکە جێدێڵێت، هەموو شتێك لە

ماڵئاواییکردنی دەوەستێت و بەڕێز و خۆشەویستییەوە بە ڕێی دەکەن. هەروەك دەڵێت:_

**کە چی کاتێ بە جێت دێڵم**

**مچکێڤیچت بە ڕێم دەکا**

**کیژۆڵە دڵچنەکانت بە ڕێم دەکەن**

**منداڵە خرپنەکانت بە ڕێم دەکەن**

**کۆشك و تەلاریی پاشایی و**

**بخووری کڵێساکانت بە ڕێم دەکەن**

پەشێو وەك مرۆڤێکی ئاوارەی کورد، دوای هاتن و مانەوەی لەو شارە، بە زوویی تێکەڵ بە خاك و خەڵکەکەی وارشۆ بووە، بۆیە هەمووان بە نیگەرانییەوە بە ڕێی دەکەن، هەر لە باڵەخانە و کوچە و کۆلانەکانەوە بگرە، تا بە مرۆڤەکان و شاعیرەکانیشی دەکات، ئەوانەی سومبلی ئەدەبی ئەو وڵاتەن. مرۆڤی کورد، بە سرووشت مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و دڵ و دەروون کراوەیە و بە ئاسانی شوێنی خۆی دەکاتەوە، بۆیە ئەو پەشێوەی لە کاتی هاتنی کەس لە پێشوازی نەبووە و گوێیان پێ نەداوە، لە کاتی ماڵئاواییکردنیدا، هەموو شتێك بۆی خەمگینە، لە پای ئەو لە باوەشگرتنەش، دوای ماڵئاواییکردنی لەو شارە، دەیەوێت ماچی ئەو شارە بکات، کە دەیان ساڵە شوێن چڕنوکی دەعبایەکی وەك هیتلەری پێوە دیارە. لێرەوەش شاعیر، لە پاڵ ئەو دیوە مرۆییەی لەو شارەدا بینیویەتی، ئاماژە بۆ مێژووی سیاسی ئەم وڵاتەش دەکات و سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم و ڕەفتارە نامرۆییەکانی هیتلەر بە بیر هەمووان دێنێتەوە، بۆیە بە تاسەوە دەیەوێت کوڵمەکانی ئەو شارە ماچ بکات. هەروەك خۆی دەڵێت:_

وارشۆ ئەی شاژنە قژ سەوزەکە
ئەمشە و دەڕۆم
بێنە ماچ کەم ئەو کوڵمەی دەیان بەهارە
جێی ڕنۆکی دەعبایەکی ترسنۆکی
وەك هیتلەری پێوە دیارە

شاعیر لە پەراوێزی بینینی ئەو شارەدا، مێژووی خوێناوی جەنگی جیهانی دووەم و کردەوەکانی هیتلەری بیردێنەوە، کە چی بە سەر مرۆڤایەتی و وارشۆی قژ سەوز داهێناوە و گومانیش لە مرۆڤبوونی هیتلەر دەکات و وەك دەعبایەك دەیبنێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت ئەو کارو کردەوانە بکات، ئەگەر ڕەهەندێکی مرۆییانەی هەبێت، بەڵام کاتێ دەبێتە دێو و درنج، کە هێمانە بۆ وێرانکاریی، ئیدی بەلایەوە ئاساییە هەموو شتێك بکات. پەشێو دەیەوێت پاداشتی ئەو گەرموگوڕییەی لە کاتێ بە ڕێ کردنیدا لەو شارە بینیویەتی، کوڵمەکانی ماچ بکات و جارێکی دیکە هیتلەری دەعبا بیری هەمووان بێنێتەوە. دواجار دەڵێم، ئەی پەشێوی شاعیری مەزن، ئێمە ئێستا لە بەردەم وارشۆیەکی دیکەی جیاواز داین، کە کچە قژ سەوز و شار و خەڵکەکەشی، بە داخەوە باکیان بەوە نییە، منداڵی کورد لە سەر سنوور دەمرێت یان نا، نەخۆش و پەککەوتە چیان لێ دێت. وارشۆی ئێستا، وارشۆی سەردەمی تۆ نییە، بەڵکو وارشۆی ڕاسیزم و تەلبەندێکە بە ڕووی ئاوارە و غەریبان. وارشۆیەکە، دوو ڕوویانە ڕەفتار دەکات، ئەوە نییە دەرگای بۆ ئۆکرانییەکان کراوەیە و بۆ کوردو ئەریتریی و ئەفغانی و سۆمالیش نا ؟!

# دڵڕەقێك لەودیو دەرگاوە

بێگومان زۆر لە شیعرەكانی پەشێو، بەوانەشی كە ڕەگەزی لیریكییان تێدا نییە، لەلایەن هونەرمەندانەوە كراونەتە گۆرانی. هەڵبەتە، شیعرێك كە دەكرێتە گۆرانی، لە مەودایەكی فراوانتر و لە سەر ئاستی هەستەكانی بینین و بیستن بەر مرۆڤ دەكەوێت و لە یادەوەری دەمێنێتەوە. لێرەوەش گەر سەرنج بدەین، ئەو شیعرانەی كراونەتە گۆرانی بۆ نموونە: وەك (من هەڵە بووم) كە بە دەنگە تایبەتی و ڕۆمانسییەكەی فواد ئەحمەد گوتراوە، لە یادەوەری دەمێننەوە كاڵ نابنەوە، بە پێچەوانەی كردەی خوێنەوە بە تەنها. بە گۆرانیكردنی شیعرەكانی پەشێو، جۆرێكی دیكەیان لە چێژ و جوانی بەو شیعرانە داوە، بە تایبەتیش كە شیعرەكان هەڵگریی دەلالەتی شیعرین و بە تەنها شیعریی لیریكی سادە و ساكار نین، بەڵكو هەر شیعرە و دەشێ چیرۆكێكی تایبەتی لە پشت بێت. لە بەردەرگا، یەكێكە لەو شیعرانەی لە شێوەی مەقامێك بە دەنگی هونەرمەندی نەمر هاوتا ئەسعەد گوتراوە. ئەم دەقە، یەكێكە لەو شیعرانەی بۆتە یادەوەریی نەوەی هەشتاكان. ئەم شیعرە، چیرۆكی دڵڕەقێك باس دەكات، كە چۆن لەودیو دەرگاوە، دڵڕەقانە و بێ باكانە، ئامادە نییە دەرگا لە دڵدارەكەی جارانی بكاتەوە و هیچ هەست و سۆز و خۆشەویستییەكی بۆ ناجوڵێت، كە چی بە پێچەوانەوە ئەو، بە هەدادان و خۆشەویستی و وەفاوە، وەڵامی ئەو دڵڕەقیە دەداتەوە. بە پێچەوانەی زۆربەی شیعرەكانی دیكەی، زمانی پەشێو لەو شیعرەدا، زمانێكی داواكاریی و

نەرم و هێور و نزایانەیە، زمانێکە جۆرێك لە داواکاریی لە کردنەوەی دەرگاکە بە خەمگینییەوە تێدایە، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا، هیچ وەڵامدانەوەیەك بوونی نییە، چونکە لەو دیو دەرگاکەوە دڵڕەقێك هەیە. شاعیر دەڵێت:_

**شەو ڕاشکا**

**ئەژنۆم شلْ بوو**

**مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپرووکا**

لە زەمەنی شیعرەکەوە، دەزانین کە شاعیر یاخود ئەوەی لە بەردەم دەرگاکەیە، لە کەیەوە لە پشت دەرگاکەیە، بە شەکەتی تێ پەڕبوونی شەو، دەزانین کە ماوەیەکی زۆرە لە بەردەرگا وەستاوە و ئەژنۆکانی شل بووە و بە تاسەوەیە ئەمی پشت دەرگا، دەرگای لێ بکاتەوە، کەچی بە داخەوە وەڵامی ناداتەوە. ئەمی بەردەرگا، باکی بە ماندووەتی خۆیی و ڕاکشانی شەو نییە، مانگ دەبینێت خەریکە هەڵدەپرووکێت، کەچی هێشتا ناتوانێت دەستبەرداری ئەو دەرگا داخراوە بێت و تا کۆتایی شیعرەکەش هەر دەمێنێتەوە. کە چی ئەمی دڵڕەق، بێ باکانە گوێ بەو نزاو پارانەوەیە نادات و هیچ سۆزێکی مرۆڤانەی بۆ ناجوڵێت. وەك ئەوەی زۆرجار ڕێبوارێك پەنا دەباتە بەر لانەو دەرگایەك و دەیەوێت کەمێك لە ماندووەتی خۆی بڕەوێنێتەوە و پشووێك بدات. بەڵام ئەمی دڵڕەق گەرچی ئاشنا و ناسراویشە بەوەی بەردەرگاکەوە، کە چی هێشتا دەرگاکە ناکاتەوە. بێگومان ئەگەر بیانووی ئەو دەرگا نەکردنەوەیە ئەوە بێت کە نایناسێت، ئەوا بە پێچەوانەوە شاعیر جەخت لە ئاشنایەتی خۆی، هاوکات ئەوە دەکاتەوە

که پێشتریش چەند جاری تر، لایداوەتە لای ئەو و دەرگای لێ کردۆتەوە، بۆیە ئەمجارەیان شاعیر دەڵێت:_

**دەرگەکەتم لێ بکەوە**

**هەر دڵدارەکەی جاران و**

**هەرکێڵگەکەی بەر دەرگەتم**

لێرەوە، شاعیر بۆ ئەوەی دڵنیاییەك بداتە ئەوی پشت دەرگا و تەمی نامۆیی خۆی بەو بڕەوێنێتەوە، ئەوەی بە بیردێنێتەوە، کە دڵدارەکەی جارانیەتی، واتا لە سەرووی ناسین و ئاشنابوونیشەوەیە، بەو مانایەی دڵدارەکەی، یانی خۆشەویستەکەی و بەمەش سنوورێك بۆ ئەو ناسینە ناهێڵێتەوە. ئەو جەختکردنەوەیە، بۆ ئەوەیە کە شاعیر ئەو هەستە لای ئەو دروست بکات، کە دەرگاکەی لێ بکاتەوە و وەك نامۆیەك و نە ناسراوێك نەیبینێت، کەچی هێشتا ئەم دڵڕەقە ئامادە نییە ئەو دەرگایە بکاتەوە. پەشێو لە پاڵ ئەو دڵدارییەی، نهێنییەکی دیکەی گەورەتر و ترسناکتر، کە ئاماژە بە یەکتر ناسینی نێوانییان دەکات و بە ڕەهایی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەمی پشت دەرگا ئەو دەناسێت، باس دەکات، لێرەوەش شتێکی دیکەی بە بیر دێنێتەوە و پێی دەڵێت:_

**من ئەو کەسەم**

**تا دوێنێ بوو لە نێو گەرووی ڕووناکیدا**

**دەتشاردمەوە**

بەمەش نەك هەر پێشتر دەرگای لێ کردۆتەوە، بەڵکو وەك کەسێکی یاساغ، بێ ترس و دوودڵی لە نێو گەرووی خۆی شاردوویەتییەوە بێ ئەوەی هیچ ترسێکی هەبێت. کەواتا بۆچی ئێستا دەرگاکە ناکاتەوە؟ چاوەڕوانی شاعیر لە بەر دەرگە ئەوەندە دەخایەنێت، کاتیش باوێشك

دەدات. واتا ئەوەندە ماندوو چاوەڕوان بووە. بێگومان لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی لادانی واتاییەوە، سیفەتی مرۆڤ بە کات وەك توخمێکی گەردوونی نا بەرجەستە دەدات، چونکە کات وەك مرۆڤ نییە، تا هەست و سۆز و باوێشك دانی هەبێت.لێرەوەش زەمەنی دەرەوەی نێو ناخ و بیرکردنەوەی شاعیر، ئاوێتەی زەمەنی نێو دەروونی شاعیر دەبێت و سەرەنجام هەردووکییان لە چاوەڕوانیدا ماندوو دەبن، بەڵام کۆڵنادەن، هەر چاوەڕوان دەبن، بەڵکو دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام چاوەڕوانییەکان بە هیچ ناگەن، دەرگاکە هەر ناکرێتەوە، وێرای ئەوەی دارو بەردیش هاتوونەتە تکا. لەم شیعرەدا، ئێمە لە بەردەم دڵڕەقێك داین، کە هیچ شتێك هەست و سۆزی بە ئاراستەی ئەوە ناجوڵێنێت دەرگا لەمی ناسراوی دوێنێی بکاتەوە، ئەمیش هەر لە چاوەڕوانی دەمێنێتەوە و ئامادە نییە پشتی ئەو دەرگایە جێبێڵێت. ئەم شیعرە، وەك شیعرێکی کراوە و تەواو نەکراو دەبینرێت، چونکە ئەم هەر لەو دیو دەرگایە و ئەمیش هەر ئامادە نییە دەرگاکە بکاتەوە، ئیدی نازانین لە داهاتوودا چی دەبێت و چی ڕوویداوە، مەگەر شاعیر خۆی نەبێت! هەر بۆیەشە ئەم شیعرە، جۆرێك لە بینای چیرۆك و گێڕانەوەی تێدایە و نازانین دوای ئەوەی دەرگاکە نەکرایەوە، ئیدی ئەو چی دەکات و هەرلەوێ دەمێنێتەوە یاخود دەڕوا؟ یانیش جارێکی دیکە بە نزاوە دێتەوە بەرقاپی خۆشەویستەکەی؟!

# نیگایەك و دوو ئاوابوون

خۆر، یەکێکە لە گەورەترین هەسارەکانی نێو ئەم گەردوونە و سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمییە. بێگومان هەموو بەیانییەك، خۆر هەڵدێت و ئێوارانیش ئاوا دەبێت. ئەم سووڕە فیزیکی و گەردوونییە، دەرەنجامی سووڕانەوەی زەوییە بە دەوری خۆیدا، پەروەردیگار بە شێوەیەك ئاسمان و زەویی و هەموو پێکهێنەرەکانی و توخمە زیندوو نازیندووەکانی دروستکردووە، کە بچووکترین کەموکورتی و بۆشایی تێ بکەوێت، ئیدی سیستەمی ژیان و گەردوون تێکدەچن. خۆر ئەگەر لەو مەدارەی تێیدایە دوورتر بووایە، زەوی دەبووە بەستەڵەك، ئەگەریش نزیکتر بووایە، گەرما هیچ شتێکی لە سەر زەوی نەدەهێشت، ئەمە وێرای ئەو سووتانەی بەردەوام هەیەتی. خۆر لای مرۆڤی کورد پیرۆزە و زۆرجار بە خۆر پەرست ناویان دەبەن. خۆر بەشێکە لە پێکهاتەی فسیۆلۆژی و جەستەیی مرۆڤی کورد و کاردەکاتە سەر ئاستی دەروونی و ڕەفتار و بیرکردنەوە و جوڵانەوەکانی، بە جۆرێك ئەستەمە بۆ ماوەیەکی درێژ بێ خۆر هەڵبکات. چیرۆکنووسی دیاری کورد (شێرزاد حەسەن) لە دیمانەیەکدا دەڵێت: من لە بەر خۆر هاتمەوە کوردستان، چونکە نەمدەتوانی بێ خۆر لە فینلەندا بژیم، کە بە چەندین مانگ خۆرم نەدەدیت، من ناتوانم بێ خۆر بژیم، بۆیە گەڕامەوە. ئێزیدییەکانیش، هەموو بەیانییەك دەڕواننە خۆر و نزاو نوێژ دەکەن. خۆر لە نیگای پەشێوی شاعیردا، بۆتە سەرچاوەی شیعرێکی کورت و جوان و دواتریش دەیبەستێتەوە بە تەمەنی خۆی

وەك مرۆڤ، بەو مانایەی خۆر و مرۆڤ هەردووكییان هەر ئاوا دەبن، بەڵام دوو ئاوابوونی جیاواز. پەشێو لە شیعرەكەیدا دەڵێت:_

**دانی ئێواران**

**سەرنج دەدەمە ئاوابوونی خۆر**

**دەزانم منیش زوو بێ یا درەنگ**

**دەبێ ئاوابم**

**بەڵام مخابن دەمی ئاوابوون**

**وەكو زەردەپەڕ سیحراوی نابم**

ساتەكانی ئاوابوونی خۆر، لە ساتە جوان و سەرنج ڕاكێشەكانە، لەو ساتانەن كە دیمەنێكی سیحراوی هەیە و وەك هەر دیمەنێكی دیكەی جوان، سەرنجی مرۆڤەكان ڕادەكێشێت، بەڵام بۆ پەشێوی شاعیر ئەو دیمەنە، مانایەكی دیكەی قووڵتری هەیە كە پەیوەندی بە ژیان و مردنەوە هەیە. بەو مانایەی وەك چۆن خۆر ئاوا دەبێت، ئەوا تەمەنی مرۆڤیش، بە پێی ئەو ڕۆژ و چركەیەی بۆی دیاریكراوە، ئاوا دەبێت، بەڵام جیاوازییەكەیان ئەوەیە، خۆر دیسانەوە هەڵدێتەوە، وەلێ خۆری تەمەنی مرۆڤ ئیدی هەڵنایەتەوە. بەمەش ئاوابوونی خۆر، كاتییە و هی مرۆڤ هەمیشەییە. لێرەوەش گەر ساتەكانی هاتنە دنیای مرۆڤ، بە ساتەكانی هەڵاتنی خۆر بزانین و مردنیشی بە ئاوابوونی خۆر لێك بدەینەوە، كەواتا تەمەنی مرۆڤ دەكەوێتەوە كوێوەی ئەم سووڕەوە؟ بێگومان نێوان ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون، بەو مانایەی ژیان و ئەزموونكردنی ژیان، لەو ساتانەوە دەست پێ دەكات و درێژ دەبێتەوە كە لەدایك دەبێت و لە زەمەنێكیشدا دەمرێت و بە مردنیشی، ئیدی ئاوابوونێكی هەتا هەتایی دێت، كە پێچەوانەی ئەو ئاوابوونەی خۆرە

كە ئێواران ئاوا دەبێت و بەیانیان سەر لە نوێ هەڵدێتەوە. پەشێو لەم کورتە شیعرەیدا، مرۆڤ لە بەردەم پرسی ژیان و بوون ڕادەگرێت، بەو مانایەی تەمەنی مرۆڤ کە کاتییە و هەر کۆتایی دێت، چۆن مرۆڤ دەتوانێت ئەزموونی بکات و بەشێوەیەك بژیت پەشیمانی داینەگرێت. سیحراوی نەبوونی شاعیر، بەو مانایەیە، گەرچی ڕۆژ لە سەروبەندی ئاوابووندا کز و بێ تووك دەردەکەوێت و تین و تاوی نامێنێت، بەڵام دەمی هەڵاتنەوەی، بە هەمان شێوەی جارانی دێتەوە و دەردەکەوێتەوە، بەڵام تەمەنی مرۆڤ کاتێ بەرە و پیریی و ئاوابوون دەچێت، ئیدی جارێکی تر مەحاڵە گەنج ببێتەوە و ئەو گۆڕانکارییانەی بە هۆی پیرییەوە بە سەر ژیان و تەمەنی داهاتوون، وەك سەردەمی گەنجی لێ بێتەوە، بۆیە ڕۆژ سیحراوی دەبێت، بەڵام شاعیر نا. بەمەش هەردوو ئاوابوونەکە دوو سووڕی ژیان و بوونن، وەلێ جیاوازیان ئەوەیە، ئەوەی مرۆڤ هەتا هەتایە، بەڵام ڕۆژ کاتییە و ڕۆژی دواتر دەردەکەوێتەوە. بە مردنی مرۆڤ، گەردوون و ژیان هیچیان لێ نایەت، بەڵام بە نەمانی ڕۆژ، وێران دەبن و ژیانی هەموو بوونەوەرێك نامێنێ. بەمەش بوونی خۆر گرنگترە لە بوونی مرۆڤ. سیحراویبوون لێرەدا، دەشێ مەبەست لە تەمەنی مرۆڤ خۆی بێت، بەو مانایەی کاتێ تەمەن هەڵدەکشێ و ئەدگارەکانی پیری دەردەکەون، ئاماژەکانی نەمان و کۆتایی ژیان دەردەکەون و مرۆڤ بەرەو لاوازی و کەنەفتی دەچێت، ڕۆژیش بە هەمان شێوە، لە سەروبەندی ئاوابوونیدا، زەرد و سیس و بێ تین و تاو دەردەکەوێت، بەڵام ئەمەی ڕۆژ پەیوەندی بە ساتەکانی خۆرئاوبوونەوە هەیە و بەیانی لەگەڵ داهاتنی ڕۆژێکی نوێدا، دیسانەوە ڕۆژ بە هەمان تین و تاوی تازە

دەردەکەوێتەوە. وەلێ مرۆڤ کاتێ پیر دەبێت و ڕووخسار و هەموو شتێکی دەگۆڕێت، ئیدی وەك ڕۆژ سیحراوی نابێت و خۆی نانوێنێت، پەشێو نیگای ئەوە دەکات، کە مرۆڤیش هێزێکی هێندە شاراوە و سیحراوی هەبووایە، بیتوانیایە لە لوتکەی پیریشدا، جارێکی دیکە گەنج بێتەوە و بە هەمان ئەدگارەکانی ئەو سەردەمە دەربکەوێتەوە، بەڵام ئەم ئاوابوونە، ئاوابوونێکی هەتا هەتایە و ئیدی مرۆڤ جارێکی دیکە لە سەر زەمینی ژیان دەرناکەوێت بەڵکو دەمرێت. پەشێو لەو شیعرەدا، ئاوابوونی خۆر و ئاوابوونی مرۆڤ لە یەك نیگا دەبینێت و ئاوێتەیان دەکات، لەویێوەش ئەو هەستەمان لادروست دەکات کە وەك سەفەرێکی کاتی بڕوانینە تەمەن و ژیان کە هەر ئاوا دەبن. وێنەی زوو یا درەنگ منیش ئاوا دەبم، ئاماژەیە بەوەی کە شاعیر، خۆی بۆ مردن یەکلاییکردۆتەوە و ئەم ڕووداوە، وەك ڕووداوێکی حەتمی کە مرۆڤ ناتوانێت لە بەرانبەریدا بووەستێتەوە، هەر ڕوودەدات لە ژیانی هەمووماندا، بۆیە بیرکردنەوە لە مەرگ و ئاوابوونی تەمەن، هیچ جۆرە ترس ودوودڵیەکی ناوێت، بگرە هەمووومان ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر ئاوا دەبین، بەڵام بەداخەوە جارێکی دیکە وەك خۆر لە نوێوە هەڵنایەینەوە، بەڵکو ئاوابوونەکەمان هەتا هەتایە.

## گەڕان بە دوای شادی مەحاڵدا

لەوەتەی مرۆڤ پێی ناوەتە سەر زەوی، هەمیشە عەودالّی گەڕانە بە دوای بەختەوەریدا و ئارەزوو دەکات ژیانێك بژیت، هەمیشە بەختەوەر و ئاسوودە بێت، بەلاّم سرووشتی خۆرسکانەی ژیان بە جۆرێکە، کە نە بەختەوەری هەمیشەیی، نە خەمگینی هەمیشەیی نییە، بەڵکو ژیان لە نێوان ئەو دووبەرداشە دایە و مرۆڤ دەهاڕن. مرۆڤەکان هەر یەکەیان بەختەوەری لە شتێك دەبینێت، هەیانە لە پێداویستییە مادديیەکانی ژیان و سەروەت و موڵکی دنیا، هەشیانە بەختەوەری ڕوحی بەلاوە گرنگترە و زۆر جار مرۆڤ هەموو پێداویستییەکی ژیانی هەیە، کەچی هەستیش بە بەختەوەری ناکات. بەختەوەری لە ژیان، پەیوەندی بە هەبوون و نەبوونەوە نییە، گەرچی پێداویستییەکانی ژیان، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دابینکردنی ژیان بۆ مرۆڤەکان دەبینن، بەلاّم ئەمە مانای وانییە، کە هەموو شتێکت هەبوو، ئیدی شاد و ئاسوودەی. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، پرسیار لە هەر تاکێکی باشوور بکەیت، خۆزگەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشووی ژیان دەخوازێت، وێرای نەبوونی و سادەیی و ساکاری ژیانیش، کەچی ئەمڕۆ بەو هەموو زەمینەسازیی ژیان و پێداویستییانەشەوە، کەچی بەختەوەر نین. بۆیە گەڕان بە دوای شادی و بەختەوەری هەمیشەیی لە ژیاندا مەحاڵە و شەڕکردنە لەگەڵ وەهم، چونکە سرووشتی ژیان بە جۆرێکە، کە لەو نێوەندەدا مرۆڤ بێت و بچیت و ئەزموونی ژیان بکات. پەشێو لە شیعری (شادی) دا، هوشیارانە درك بەوە دەکات، کە

شادی هەمیشەیی لە سەر زەوی دەستەبەر نابێت، بۆیە دەیەوێت بچێتە ئاسمان و لەوێ ئەو شادییە وەدەست بێنێت، بەڵام بێگومان بۆ خۆی نا، بەڵکو بۆ ئەو. بە بڕوای پەشێو، شادی سەر زەوی وەکو خۆرە، دەمێك دیارە و دەمێك نا، ئەمەش مانای وایە، کە هەرگیز شادییەکی هەمیشەیی لە سەر زەوی بوونی نابێت، لێرەوەش بۆ ئەوەی شادییەکی نەمر دەستەبەر بکات، دەیەوێت بچێتە ئاسمان، بۆیە دەڵێت:_

**شادی زەوی وەکو خۆرە**

**تاوێك دیارە تاوێك بزر**

پەشێو باسی شادی سەر زەوی بۆ مرۆڤەکان دەکات، کە هیچ کاتێك شادییەکی هەمیشەیی نییە، دەشێ لە هەر چرکەساتێکی ژیان دابێت، ئەو شادییە بگۆڕێت بە دڵتەنگی، لە بەر هەر هۆکارێکەوە بێت. بەمەش مرۆڤ هەست بە بەختەوەریی و دڵنەوایی ژیان ناکات و هەمیشە لە نێو ترس و دوودڵی ژیان دایە، بۆیە شاعیر دوای ئەوەی لە ماهیەتی شادی سەر زەوی دەگات و درك بە چۆنیەتی ئەو شادییە دەکات،دەزانێت شادییەکی ئەبەدی نییە و کاتییە، لە بەرانبەردا دەیەوێت بگات بە شادییەکی هەمیشەیی، کاتێ دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە ئەو شادییە لە سەر زەوی دەست ناکەوێت، ئیدی دەیەوێت سەر زەوی جێبێڵێت و بچێتە ئاسمان. تەنانەت باکی بەوە نییە ببێتە ڕێگریش، بە بێ ئەوەی سڵ لەو ڕێگرییەی بکاتەوە، وەلێ ڕێگریی لە پێناو شادکردنی ژیانی مرۆڤێك بێت، ئەو پەڕی شانازی نییە؟ بۆیە ئەمجارەیان دەڵێت:_

ئەلها دەکەم بچمە ئاسمان

تاکو لەویٚ ببمە ڕیٚگر

شادییەکت بۆ داگیر کەم

نە خەم بگاتە کەناری

نە ژاکان بەلایدا ڕەت بیٚ

شادییەك بیٚ

لە ئاسمانان هەر ئەستیٚرە

لە سەر زەویش هەر تۆ هەت بیٚ

ئەو شادییەی پەشیٚو بە دوایدا دەگەڕیٚت، شادییەکی هەمیشەییە، کە هیچ کاتیٚك وەك ئەوەی سەر زەوی و کاتی نییە. بەمەش مرۆڤ تا هەتایە، بەختەوەر و ئاسوودە دەبیٚت. پەشیٚو بۆ خۆی و لە پیٚناو ژیانی خۆی، گەریدەی دوای ئەو شادییە نییە، بەڵکو لە پیٚناو ئەودا. بڕواناکەم هیچ کام لە مرۆڤەکان، ئەوەندە بەخشندە و بدەر بن، کاتیٚ دەستیان بە شادییەکی هەمیشەیی دەگات، بیبەخشن و ئەوەندە نەرجسی نەبن، کەچی پەشیٚو دەچیٚتە ئاسمان، دەبیٚتە ڕیٚگر، شادییەك وەدەست دیٚنیٚت، هەموو ئەمانە دەکات بۆ خۆی نا بۆ ئەو. واتا بەرلەوەی شادی بۆ خۆی بوویٚت، بۆ ئەوی دەویٚت. ئەم شادییەش، شادییەکی هیٚندە تایبەتە، کە تەنها ئەستیٚرەکان لە ئاسمان و لە سەر زەویش هەر ئەو هەیەتی، چونکە شادییەکانی سەر زەوی هەمیشەیی نین، بەڵام ئەوانەی ئاسمان نەمرن. بەمەش تا هەتایە، ئەو هەست بە ئاسوودەیی و بەختەوەری لە ژیان دەکات و ئیدی باکی بە شادییەکانی سەر زەوی نییە ئاخۆ دەمیٚننەوە یاخود نا، چونکە ئەو دەستی لە شادی خۆی گیر بوووە، بەڵام بەخشندانەش ئەو شادییە دەبەخشیٚت.

## له نێوان بەهەشت و دۆزەخدا

بەهەشت و دۆزەخ، دوو لەو شوێنانەن، کە خودای پەروەردیگار، لە پای کردەوەکانی مرۆڤ و پاداشتی کارەکانی دروستی کردوون. هەریەك لەم شوێنانە، تا ئێستا بە شاراوەیی ماونەتەوە و ئەزموون نەکراون لای مرۆڤی زیندوو، وەلێ پەروەردیگار، وەسفی ئەو دوو شوێنە لە قورئانی پیرۆز دەکات بەوەی بەهەشت بۆ ئەو مرۆڤانەیە کە بڕوادارن و کاری باش دەکەن و لە سەر ڕێگە ڕاستەکەی ژیان دەڕۆن و دۆزەخیش جێی بێ بڕوایان و ئەو کەسانەیە، کە لادەر و خراپەکاری دەکەن و لە ڕێساو یاسای خوای گەورە و ئەو ڕێگەیەی بۆی دیاریکردوون دەردەچن و دواجار سزا دەدرێن و دەنێردرێنە نێو ئاگری دۆزەخ. هەر مرۆڤە و بە پێی کردەوەکانی خۆی لە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و بە پێی دەفتەری کردەوەکانی، پاداشت و سزای بە هەریەك لەم دوو شوێنە دەدرێتەوە. بەهەشت و دۆزەخ، وەك ئەو وەسفەی بۆیان کراوە، لە دوو شوێنی ئایدیالی دەچن، کە نموونەیان نییە لە سەر زەویی و پەیوەندییان بە ژیانی دوای مردن و زیندووبوونەوە هەیە. کەواتا مرۆڤ، جگە لەوەی لە قورئانی پیرۆز لە بارەی ئەو دوو شوێنەوە دەیزانێت، نە بینیونی، نە ئەزموونی کردوون. وەلێ پەشێوی شاعیر، زۆر بە ڕاشکاویی و ئاشنایەوە، باس لەوە دەکات کە بەهەشت و دۆزەخ بۆ ئەو نامۆ نین و هاوزەمان هەردووکیانی بینیوە. بەمەش ئەو دوو شوێنە، دوو شوێنی دیکەی جیاوازن، لەوەی بە بوونی سرووشتییانەی خۆیان دەناسرێنەوە. بەو مانایەی بەهەشت و دۆزەخی سەر زەوی

دەبێ چۆن بن؟ چۆن مرۆڤێك لە یەك كاتدا دەچێتە بەهەشت و دۆزەخیش؟ بێگومان دیارە ئەو بەهەشت و دۆزەخەی پەشێو باسی دەكات، دوو شوێنی دیكەی تایبەت و جیاوازن. پەشێو لەو كورتە شیعرەیدا، ئەم دوو شوێنە دەبەستێتەوە بە بوونی نیشتمانەكەی، لە ڕەهەندی كەسییانەی دایدەماڵێت و ڕەهەندێكی گشتی پێ دەدات. بەمەش بەهەشتێكی دیكە لە سەر زەوی هەیە كە ئەویش كوردستانە. شاعیر لەو شیعرەیدا دەڵێت:_

**بەهەشت و دۆزەخ بۆ من تازە نین**

**هاوكات و هاوجێ**

**ئەویشم دیوە ئەمیشم دیوە**

**نیشتمانی من لەوەتەی هەیە**

**بەهەشتە و دۆزەخ دەوری تەنیوە**

پەشێو لێرەدا، ئەزموونكردنی ژیان لەو دوو شوێنەدا، دەبەستێتەوە بە ژیانی گشتی نەتەوە و لەپەراوێزییەوە باس لەوە دەكات كە هەردوو شوێنەكەی بینیوە، ئەمیش لە سەرێكەوە بە هۆی جوانی سرووشتی كوردستان و چواندنی بە بەهەشت، لە سەرێكی دیكەشەوە وەسفكردنی نەیارانی كورد و ئەو هەلومەرجەی ئێمە تێیداینە بە دۆزەخ. نیشتمانی ئەو، لە جوانی و ڕازاوەیی و خۆشیدا وەك بەهەشت وایە، كاتێ مرۆڤ دەیەوێت وەسفی جوانی و خۆشی شوێنێك بكات، ئەوا دەیچوێنێ بە بەهەشت، بەڵام بە داخەوە ئەم بەهەشتە دۆزەخ دەوری تەنیوە. شاعیر لێرەدا، ناڕاستەوخۆ باس لەو پێگە جیۆسیاسی و جوگرافییە دەكات كە كوردستانی تیادایە. بێگومان كوردستان لە ڕووی هەڵكەوتەی جوگرافییەوە، بە داخەوە كەوتۆتە نێوان چوار وڵاتی

ئەژدیها و دۆزەخ ئاسا، کە هەمیشە خەونی لە نێوبردن و سوتماککردنی کوردستانیان بینیوە. ئەم زەبرە جوگرافی و تۆپۆگرافییە، کە دەرەنجامی پەیماننامەی لۆزانی نا مرۆیی بوو، کوردستانی بە سەر چوار وڵاتی دژ بە کورد دابەشکردوو مێژووی ئەم وڵاتانەش لە کوشت و بڕی گەلی کورددا دیارە. کەواتا ئەو وڵاتەی هاوشێوەی بەهەشتە، بەهۆی ئەم وڵاتە داگیرکەرانەوە، بەردەوام کراوەتە دۆزەخی شەڕ و کوشتن و خوێن. بەمەش شاعیر وەك مرۆڤێکی کورد لە یەك کاتدا، هەردوو شوێنی بەهەشت و دۆزەخی ناڕاستەقینەی لە ژیاندا بینیوە و ئەزموون کردووە. پەشێو لەو شیعرەیدا، لە پاڵ وەسفی جوانی سرووشتی کوردستان و ڕەهەندە ئستاتیکیەکەی، هاوکات دیوێکی مێژووییش دەخاتە بەرباس، کە ئەویش مێژووی داگیرکردن و لە نێوبردن و بە دۆزەخکردنی ئەو بەهەشتەیە کە ناوی کوردستانە. بەمەش ئەو لەیەك کاتدا، هەم بەهەشت، هەمیش دۆزەخەکەی بینیوە، کە ئەمەش کردەیەکی نەکردەیە و مرۆڤ ناتوانێت بچێتە بەهەشت و دۆزەخیش، وەلێ ئەگەر لە سەر مێژووی کورد بووەستین و ئاوڕێك لەو کارەسات و نەهامەتییانە بدەینەوە کە بە سەر ئێمە داهاتوون، مەگەر دۆزەخمان بە چاوی خۆمان نەبینیوە لە ژێر سایەی ستەم و داگیرکاری دوژمنان؟ کە بە داخەوە لە زۆرکاتدا وانە و پەندمان لێ وەرنەگرتوون!

# مرۆڤی کەڵبە لە دەم

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، وەك ڕووداوێکی تراژیدی و کارەساتێکی گەورە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا، ڕووداوێکی دڵتەزێن و برینێکی سارێژ نەبووە لە جەستەی نەتەوەیی ئێمەدا. لە چرکە ساتێکدا، زۆرتر لە پێنچ هەزار مرۆڤی بێ تاوان، بە گازی کیمیایی شەهید دەکرێن و جیهان و مرۆڤایەتیش، چاو و ویژدانییان لە ئاست ئەو کارەساتە کە هیچی لە هیرۆشیما کەمتر نییە دادەخەن و بە یەك وشەش سەرکۆنە و پرۆتستۆی ئەو ڕژێمە ناکەن، لە سۆنگەی ئەوەی نەوت و بازرگانییان پێ لە نەتەوەیەك بە بەهاتر بوو. ئەم کارەساتە، بە جۆرێك کاریگەری لە سەر هەست و نەست و دنیابینی شاعیرانی کورد دانا، کە لایان بووە هەوێنی نووسینی چەندین دەقی شیعری کە ڕەنگە هەرە دیارترینیان (لاوکی هەڵەبجە) ی ڕەفیق سابیر بێت، کە وەك مارشێك و سەمفۆنیایەکی خەمگین بە بیستی ئەو کارەساتەمان دێتەوە بەرچاو. هاوشێوەی شاعیرانی دیکە، پەشێویش لە کورتە شیعرێکدا کە هەر بە ناوی (هەڵەبجە) یە، باس لەو کارەساتە دەکات، وەلێ جیاوازی پەشێو ئەوەیە، کە پتر لە سەر بکەرانی ئەم تاوانە ڕادەوەستێت وەك دەرەنجامەکەی، چونکە هیچ کردەیەك بێ بکەرێك ڕوو نادات، بەمەش پەشێو دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە ئەگەر بەعس و سەددام و ئەو فڕۆکەوانە نەبوونایە کە هەڵەبجەیان کیمیابارانکرد، ئەوا ئەو کارەساتە ڕووی نەدەدا. ئەم شیعرەی پەشێو، شیعرێکی کورتی هەفت دێڕییە، بەڵام پەیام و ناوەڕۆکێکی گەورەی

سیاسی و مرۆیی هەیە. ئەم شیعرە، دەریدەخات کە مەرج نییە کارەساتی گەورە، شیعری گەورەی بۆ بنووسرێت، بەڵکو دەکرێ لە ڕێگەی چەند وێنەیەکی کورتی شیعرییەوە، بەرجەستەی گەورەترین نەهامەتی و کارەساتی نەتەوەیی بکرێت. پەشێو لەو شیعرەیدا، بڕوای وایە پەرجویەك ڕوویداوە و ئەو بە ناو مرۆڤانەی کە ئەو شارەیان خەڵتانی خوێن و بۆنی کیمیا کرد، قەت نابێ مرۆڤبن، بەڵکو جۆرێکی دیکەن لە ڕەگەزی مرۆڤ، کە ڕاستە هاوشێوەی مرۆڤە ئاساییەکانی دیکە ناویان مرۆڤە، وەلێ لە بری ددان، کەڵبەیان هەیە و بە دوو پێ دەڕۆن. شاعیر لەو شیعرەیدا دەڵێت:_

**پێم سەیر نییە کە لێرە و لەوێ**
**چاوم بە هەندێك بنیادەم کەوێ**
**لە جیاتی ددان کەڵبەیان هەبێت**
**لە باتی نینۆك ڕنۆکیان هەبێت**

هەڵبەتە، کەڵبە تەنها لە دەمی ئەو ئاژەڵە دڕندانە و گۆشتخۆرانە هەیە، کە بێ بەزەیانە پەلاماری نێچیرەکانیان دەدەن. کەڵبە لێرەدا، پتر هێمایە بۆ دڕندەیی لەوەی هێز و ئازایەتی، بۆیە ئەوەی هەڵەبجەی وا لێکرد، ڕاستە بنیادەم بوو، بەڵام بنیادەمێکی ئاسایی نەبوو، چونکە کەسێك لە بری ددان کەڵبەی هەبێت، مانای وایە یەکێك لە خاسیەتە مرۆییەکان و ئەدگارە فسیۆلۆژییەکانی مرۆڤی لە دەست داوە کە ئەویش ددانە. مرۆڤیش کە کەڵبەی هەبوو، کەواتا سڵ لەوە ناکاتەوە چی دەکات، چونکە دواجار ئەوە ئەوی مرۆڤ نییە ئەو کارە دەکات، بەڵکو ئەو دیوە ئاژەڵی ودڕندەیەیە کە لە ناخ و هەستی ئەودا وەك هێزێکی ئاژەڵانە خۆی حەشارداوە. پەشێو دەیەوێت پێمان بڵێت،

ئەوانەی ئەو شارەیان وا لێکرد، لە ڕەگەزی مرۆڤ نەبوون، بەڵکو ئەوان کەڵبەیان هەبوو، وەك مرۆڤ نینۆکییان نەبوو، بەڵکو چڕنۆکی پیس و تیژیان هەبوو، چونکە ئەگەر ئەو خەسڵەتەیان نەبووایە، چۆن مرۆڤ دەتوانێت و بوێری ئەوەی هەیە لە چرکەساتێکدا ئەو هەموو مرۆڤە بێ تاوانانە بکوژێت. بەمەش شاعیر بڕوای وایە، موعجیزەیەك ڕوویداوەو قەت ناشێ مرۆڤێك ئەو کارە بکات، بەڵام دوو چاو و دوو پێی هەبێت؟ هەر وەك دەڵێت:_

**ئەوەی پێم سەیرە وەك موعجیزەی خوا**

**هەڵەبجە خنكێن**

**دوو چاوی هەبێ و بە دوو پێ بڕوا**

ئێمە لێرەدا لە بەردەم مرۆڤێكین دوو پێی هەیە، دوو چاوی هەیە و دەڕوا، بەڵام ئایا هەر کەسێك ئەو ئەندامانەی لەشی هەبوون، مانای وایە مرۆڤە؟ یان مرۆڤبوون لە ڕەهەندی مرۆیی و ئەو هەست و سۆزە مرۆییە بەرجەستە دەبێت کە دەبێت مرۆڤ هەیبێت؟ پەشێو لە نێو هەموو مرۆڤەکاندا، ئەو مرۆڤە وەك دڕندەیەك دەبینێت و لە دەرەوەی مرۆڤبوون پۆلینی دەکات. کاتێ مرۆڤیش لەو ڕەهەندە مرۆییە داماڵدرا کە هەیەتی، ئیدی ئاساییە ببێتە دڕندە، کە بووە دڕندەش، هەموو کارێکی دڕندانە دەکات. پەشێو لەو شیعرەیدا، پتر وێنەی بکوژی ئەو کارەساتەمان پیشان دەدات، لە خودی کارەساتەکە خۆی، بەو مانایەی کە پەرچوویێکی لەو شێوەیە نەبووایە، مرۆڤێکی نامۆ و سەیری لەو جۆرە لە دەرەوەی ڕەگەزی مرۆڤ نەبووایە، هەڵەبجە وای لێ نەدەهات.

# هەمیشە بێدار

بڕواناکەم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هیچ گەل و نەتەوەیەك هێندەی ئێمە، ڕووبەڕووی ستەم و چەوسانەوە و لە نێوبردن بووبێتەوە. لاپەڕەکانی مێژوو، ئەگەر لە سەرێکەوە تۆماری ئەو کارەسات و نەهامەتییانە بێت کە بە سەر ئێمە داهاتوون، ئەوا لە سەرێکی دیکەوە ئاماژەی خۆڕاگریی و مانەوەی ئێمەن لە ژیاندا، وێرای هەموو هەوڵێکی لە نێوبردن و سڕینەوە. هەمیشە دەگوترێت ( چیاکان تاکە دۆستی کوردن) وەك پەناو پشتیوانێك لە کاتی بەرگریی و تەنگانەییدا، بەڵام ئەوە کورد خۆیەتی، پارێزگاریی لە بوون و مانەوە و شوناسی خۆی کردووە، هەر چەند ڕقی داگیرکەران توندتر بووبێت، ئەوەندەش ڕوحی بەرەنگاریی و مانەوە لە ناخ و هەستی مرۆڤی کورد دا، ڕەگی بە قووڵاییدا چووە. لە بیری هەموو کوردێك، هەموو کاتێك ئەگەری لە نێو بردن و سڕینەوە هەیە، هەمیشە هەستدار و زیت و بە ئاگا، ساز و ئامادە بووە بۆ ئەوەی بەرگری بکات و لە دژی دوژمنانی بووەستێتەوە. پەشێو لە شیعری (ناکەوین) جوان وەسفی ئەو بێدارییەی مرۆڤی کوردی کردووە و هاوشێوەی خەوی شوانێك کە تایبەتە وەسفی دەکات. لەو شیعرەدا، شاعیر ئێمە بە درەختێك دەچوێنێت، کە هەمیشە بە پێوەین و ناکەوین، یاخود دەخەوین، بەڵام لە خەویشدا، هەمیشە وەك بێدارێك بە ئاگاینە، بۆ ئەوەی لە پەنای ئەو خەوەدا زەفەرمان پێ نەبن. ئەگەر خەو، جۆرێك لە نائاگایی بێت و مرۆڤ تیایدا ئاگایی لە دەست دەدات، ئەوا ئەو خەوەی ئێمە جیاوازە

و جۆرێکە لە خەونی تێکەڵ لە نێوان خەوتن و بێداریدا، پەشێو لە شیعرەکەیدا دەڵێت:_

**ئێمە وەك درەختین**

**جار هەیە دەخەوین**

**دەخەوین و وەك شوانی دوای شەوین**

**بەڵام لە خەویشدا بە پێوەین**

**بە پێوەین و ناکەوین**

بێگومان هەموو درەختێك ئەگەری کەوتنی هەیە، جا بە بڕینەوە بێت یان سووتان، یان هەر ڕووداوێکی سرووشتی، بەڵام بۆچی پەشێو بڕوای وایە ئەو درەختە ناکەوێت؟ لە ڕاستیدا ئەو درەختە، ڕەمزێکە بۆ مرۆڤی کورد. درەخت لێرەدا، بە مانای کورد وەك نەتەوە دێت، بە تایبەتیش شاعیر لە دەسپێکی شیعرەکەیدا، بە جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ دەدوێت، واتا ئەوەی ناکەویت بە تەنها درەختێك نییە، بەڵکو دەشێ جەنگەڵساتنێك بێت. لەلایەکی دیکەوە وەك باسمان کرد درەخت دەکەوێت، لەو سۆنگەیەشەوە مرۆڤی کوردیش دەکەوێت، مەگەر کەس ئەوەندی ئێمە ڕووبەڕووی کوشتن و لە نێوبردن بۆتەوە؟ کەواتا مەبەست لەو نەکەوتنە چییە؟ بێگومان ئەمە یاسایەکی فیزیکییانەی ژیانە کە مرۆڤەکان دەمرن و لە دایك دەبن، بەمەش چەند مرۆڤی کورد لە نێو ببرێت، ئەوەندەش ئەوانی تر جێگەیان دەگرنەوە، لێرەوەش هەوڵی ئەوان بۆ سڕینەوە و لە نێوبردنی ئێمە بێ هوودەیە، چونکە ئێمە دواجار ناکەوین. چەندمان بکەوین، ئەوەندەی ترمان بە پێوە دەوەستن. ئێمە ئەگەر بشخەوین، ئەوا خەوەکەمان وەك خەوی شوانی دوای شەوینە، خەوی شوانەکان،

خەوێکی هەستیار و ئاگایانەیە و دەبێ هەمیشە لە نێوان خەو و بێداری دابن بۆ ئەوەی مێگەل لە پەلاماری گورگ بپارێزن. ئەگەر بە ئاگا نەبن، ئەوا  پەلاماری مێگەلەکانیان دەدرێت و لە دەرفەتێکدا لە نێو دەبرێن و دەسڕدرێنەوە.لەوسۆنگەیەشەوە، ئێمە ئەگەر بشخەوین، ئەوا خەوێکی تەواوەتی ناخەوین، بەڵکو چاوێکمان هەر لە سەر دوژمنەکانمانە و بە ئاگایەوە ڕەفتار دەکەین  بۆ ئەوەی ئەوانیش دەرفەت نەقۆزنەوە لە شەودا زەفەرمان پێ بەرن. ئەزموونی درێژی مێژووی ئێمە، ئەوەی سەلماندووە کە وێرای ئەو هەموو کوشتن و بڕینە، کەچی ئێمە هەر بە پێوە دەبین و دەمێنینەوە و هەرگیز ناکەوین. ئەگەر درەختێکمان ببڕنەوە و بکەوێت، جەنگەڵسانێك شین دەبێت، یەکێکمان بێ ئاگایانە خەو بیباتەوە، هەزارانی ترمان بێدارن. پەشێو لە ڕێگەی ئەو کورتە شیعرەوە، پەیامێك ئاراستەی نەیارانی کورد دەکات کە چەند داس و تەوری ئێوە بە تیغ و دەم تیژ بن، هەزار ئەوەندەش ڕەگ و قەدی ئەو دارەی دەیبڕنەوە لە  ئێوە بەهێزترن. بۆیە بیر لەوە مەکەنەوە کە ئیدی نەتەوەیەك دەسڕنەوە، کە ناوی کوردە، چونکە ئێمە هەر بە پێوەین و گەر بشخەوین، ئەوا دڵنیا بن خەوەکەمان وەك خەوی شوانی مێگەلەکانە، کە پەزەکەیان لە پەلاماری گورگ و دڕندەکانی دیکە دەپارێزن.

## وێنەی کرێکار لە شیعری کرێکارین

یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی سیستەمی سەرمایەداری، کە ئەمڕۆ وەك تاکە سیستەم دنیا ئاراستە دەکات ئەوەیە، کە مرۆڤ تەنها لە کارکردن و هێزی دەستی کار دەبینێتەوە. واتا شوناسی مرۆڤ لەوەدا کورت دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤە چەندە وەك ئامێرێك کار دەکات و دەجوڵێتەوە و بەرهەمی لە پێناو کۆمپانییا و دنیای سەرمایەداری هەیە. لەو سیستەمەدا، مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بژیت و بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت شوێنێك لە دنیاو ژیان بگرێت، ئەوا دەبێ بەردەوام کار بکات و بجوڵێتەوە. بۆیە بە لامانەوە سەیر نییە کاتێ دەبینینن تاکێکی خۆرئاوایی، لە دەستدانی کارەکەی، زۆر بەلاوە لە مەرگ و مردنی فیزیکییانەی خۆی سەختتر و بە ئازارترە. لێرەوەش گەر سەرنج بدەین دەبینین، هیچ بوارێك بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان نەماوتەوە و بەڵکو هەریەکەیان ڕۆبۆت ئاسا، بە پێی ئەو کار و کاتەی هەیەتی لە جوڵە و بەردەوامی دایە، کە لە ڕاستیدا شێوازێکی نوێی کۆیلایەتییە نەك کارکردن، چونکە هیچ کاتێك نابێ کارکردن بکرێتە هۆکارێك بۆ داماڵینی مرۆڤ لە هەموو ئەو هەست و چێژە ڕوحی و دەروونییانەی کە دەشێ لە میانەی پشوودانێکدا وەریبگرێت و بیبینێت. کارکردن لە پێناو ژیانە، کاتێ ژیان دەبێتە فاکتەرێك لە پێناو کارکردن و مرۆڤەکان ئەو بڕوایەیان لادروست دەبێت کە ئەگەر کار نەکەن هیچ نین، بێگومان ئەو کات ئێمە لە بەردەم مرۆڤێکداین کە تەنها وەك ئامێرێك لە خزمەت

ئەوانیترە. کارکردن بەشێکە لە سرووشتی ژیان و هەموو جوڵەیەکیش پەیوەندە بە کار کردنەوە، بەڵام کار بە مانای بە کۆیلەکردن و بە خاوەنکردنی مرۆڤ نا، بەڵکو وەك هۆیەك بۆ بونیادنان و داهێنان و هەموو نوێگەرییەك. لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەداریی وەك یەکێك لە قۆناغەکانی گەشەی ژیاریی و کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی ڕەوتی ژیان لە قۆناغەکانی پێشووترەوە، ئیدی چەوسانەوەی مرۆڤ و کورتکردنەوەی مرۆڤیش لە کارکردندا، دەبێتە سیمایەکی دیاریی ئەو سیستەمە. بۆیە سەرمایەداری جەوهەری مرۆڤ لە کارکردن دەبینێت و مرۆڤ تەنیٚ لە قازانج و هێز و دەسکەوتی زۆرتر دەبینێتەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە، کرێکاران و چینی چەوساوە، لەو چینەن کە مافیان لە پەراوێزی کارەوە پێشێل دەکرێت و هەندیٚ جار خۆیان وەك ئامێرێك دەبینن، کە ئەمەش سەرەتای بە نامۆبوونی مرۆڤ و گۆڕینیەتی لە بوونەوەرێکی مرۆیی و پڕ لە هەست و سۆز، بۆ بکەرێك کە تەنیٚ کار و کارکردن دەبنە پیشەی ژیانی. کرێکاران لەو توێژەن، کە لە چوارچێوەی چینی پرۆلیتاریاو چەوساوەدا، لەگەڵ هاتنی دنیای سەرمایەداری، وەك مرۆڤ مافیان پێشێل دەکرێت و لە پلەیەکی نزمی ژیان دەژین. ئەوان ناچارن لە پێناو ژیان و گوزەرانی خۆیاندا کار بکەن و هەندیٚ جار لە پەراوێزی ئەو کارکردنەشدا، هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك و بیٚ مافییەك قبول بکەن، تەنیٚ بۆ ئەوەی کارەکەیان کە سەرچاوەی بژێوی ژیانییانە لەدەست نەدەن. بۆیە کرێکاران لە هەر سووچێکی ئەو دنیایە بن، یەك خەم و یەك ستەم و بێدادیان هەیە. واتا خەم و خەونی کرێکاران، خەم و خەونێکی هاوبەشە، بێگومان کرێکاران نەبن، هیچ کارێکیش بوونی نابێت و هیچ

بەرهەمێکیش بوونی نابێت. وێنەی کرێکار لای ئێمە، وێنەی مرۆڤێکی بەشخوراو، ماندوو، بێ ماف و چەوساوەیە، ڕەنگە هەندێ جار لە پەراوێزی ئەو کارانەی دەیکات، بەر توانجی کۆمەلایەتیش بکەوێت، بەلاّم کرێکاران شکۆمەندن، بەرز و دیارن، چونکە سەربەرزییە مرۆڤ بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆی بژیت و کۆیلەی هیچ کەسێك نەبێت. پەشێو لە شیعری (کرێکارین) باسی دۆخی ژیانی کرێکاران لە ژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداری دەکات، کە چۆن مرۆڤ بە کالاْو ئامێر دەکات و تەنێ لە ڕوانگەی قازانج و سەرمایە دەیبینێت و بوونی پەیوەست بەو کاتژمێرەی کار دەکات کە دەیکات. ئەگەرچی هەموو پێشکەوتن و بیناکردن و بە بەرهەمکردنی کالاْو کەرستە سرووشتییەکان لە سەر دەستی ئەو چینە چەوساوەیە دەکرێن و دێنە بەرهەم، بەلاّم خۆیان لە بەرانبەر ئەو هەموو ڕەنج و ماندووبوونەدا، ژیانێکی شایستە و مرۆیانەی وەهایان نییە کە بارتەقای ماندووەتی خۆیان بێت، بەڵکو هەمیشە لە چینە نەدار و چەوساوە و بێ مافەکانن. ئەوان ژین و ژیان دەبەخشن لە پێناو ئەوەی بژین و کۆمەڵگە بێ هێز و بازووی ئەوان نە پێشدەکەوێت، نەدەبووژێتەوە. ئەو چینە، ڕۆڵێکی گەورە و بنەڕەتی لە گەشەی ژیاریی و زانستی و مرۆیی ژیان هەیە، هیچ کەرستە و ئامراز و پێداویستییەك بێ دەستی ئەوان بەرهەم نایەت. ئازار و ڕەنجی زۆر دەبینن و کەس درك بەو هێزە شاراوەیە ناکات، کە چۆن لە پەراوێزی کاتژمێرەکانی کاردا، کار دەکەن بۆ ئەوەی بازار بەو پێداویستییانە پڕ بکەنەوە کە ئێمە پێویستیمان پێیانە. بێگومان هەموو ئەم کارانەش،

بێ بەخشینی وزەی جەستەیی و ماندووبوونی جەستە و هێز و بازوو ناکرێن، هەر وەك پەشێو دەڵێت:_

**کرێکارین کرێکارین**

**پەروەردەی ئێش و ئازارین**

**کۆڵەکەی ژینین بەکارین**

وێرای ئەوەی کرێکاران ئارەق دەڕێژن و کۆلەکەی ژینن، بەلاَم هەموو ئەو ڕەنج و ماندووبوونەیان جگە لە ژیانێکی مەمرەو مەژە، هیچی تر نییە. تووشی سەرسوڕمان دەبن لەوەی کە بەرهەمی ئەو هەموو ڕەنج و ماندووبوونەی خۆیان، بۆ ئەوان نییە و دەچێتە خزمەت چینێکی مشەخۆری دیکە کە چینی سەرمایەدارییە. لە بەرانبەر کار و هێزی دەستی کرێکاراندا، پاداشتێکی ئەوتۆیان پێ نادرێت، بگرە زۆرجار لە سادەترین مافی ژیانیش بێ بەش دەبن و هەمیشە هەڕەشەی دەرکردن و لە سەر کارلادانیان لە سەرە و ناچارن لە پێناو قووتی ژیاندا، بە دەیان هەڵومەرجی سەخت و نامرۆییانەی ژیان ڕازی بن. تەنانەت کرێکارانێك هەن، ڕەنگە بە درێژایی ژیانیان، هەر لە کارگە و کۆمپانیا و شوێنێکی بازرگانی هەر کرێکار بن و تەمەنی خۆیان لە کاردا بەسەر بەرن، وەك سەرچاوەی دابینکردنی ژیانی کەسی و خێزانییان، بەتایبەتیش لە وڵاتە سەرمایەداریەکاندا. کاتێ تەمەن و هێزی فیزیکی و جەستەیی لەشیشیان توانای کارکردنی نامێنێت، ئیدی ڕەنگە بە مووچەیەکی کەم، یان بێ هیچ ماف و بەخششێك خانەنشین بکرێن، بۆیە هەموو ئەو ڕەنج و ماندووبوونەیان بە فیڕۆ دەڕوات، هەر وەك شاعیر دەڵێت:_

**بۆ کێ دەچێ ڕەنجی بازوو**

**جگە لە نان چەند لەتێك نان**

**ماکی ژیان**

**ئەمەش بۆچی؟**

پەشێو پرسیار دەکات، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە، بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر کرێکاران لە ژیانێکی سەخت و ناهەموار دابن، بێ ماف و چەوساوە بن، ڕەنجی بازوویان بۆ یەکێکی دیکە بڕوات، لە بەرانبەر ئەو هەموو ماندووبوونەدا، تەنها لەتێك نانیان دەست بکەوێت، دەبێ هۆکارێك هەبێت، بۆیە ئەمجارەیان هۆکارەکەی دیاری دەکات و و داوا لە کرێکاران دەکات کە بێ ڕاز و بێ قڕەقڕ نەبن و لە هەنبەر ژیانی سەخت و کولەمەرگی خۆیاندا، هەڵوێست و کرداریان هەبێت. بە بڕوای شاعیر، کرێکاران ڕازیان نییە بۆیە ڕەنجەکەیان بۆ چینی سەرمایەدار دەچێت. ڕاز لێرەدا، بە مانای قسە و هەڵوێست دێت، بە مانای هاتنەوە بە گژ جیاوازی چینایەتی و نا یەکسانی دێت، بەو مانایەی ئەگەر ئەو چینە هاو هەڵوێست و هاوبازوو هاودەنگ و بیر بن، دەتوانن گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیان بکەن. دەتوانن کۆتایی بەو چەوسانەوەو ستەمی کارەبێنن، کە لێیان دەکرێت، هەر وەك شاعیر دەڵێت:_

**تا بێینە گەڕ وەکو ئامراز**

**بێ قڕەقڕ نەمان بێ ڕاز**

**جگە لە ڕەنج جگە لە کار**

**بۆ گیرفانی سەرمایەدار**

دیاره سەرمایەداری، وەکو ئامراز مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و کرێکاران دەکات. بە لایانەوە ئاسایە مرۆڤ جگە لە ئامراز و کەرستەیەك کە هەمیشە وەك ئامێرێك کار دەکات، هیچی تر نەبێت. کاتێ مرۆڤیش لەو هەست و هوشیاریی و تێگەیشتنە چینایەتی و کۆمەڵایەتییە دادەبڕێت کە لە ژیان هەیەتی، ئیدی دەبێتە ئامێر و بزوێنەرێك و تەنێ کارکردن و سووڕانەوە دەبێتە ئامانجی سەرەکی و کۆتایی ژیانی. پەشێو دەیەوێت ئەو چینە هوشیار ببێتەوەو ڕازێکییان هەبێت و وەك ئامێریان لێ نەیەت، کە سەرەنجام ئەوەی تیا دەچێت، ئەوان خۆیانن و ئەوەشی قازانج دەکات بازرگان و خاوەن سەرمایەکانن. لە ڕاستیدا، بە کرداریی و لە زەمینەی واقیعیشدا ئەوە سەلمێنراوە، کە ئەگەر کرێکاران یەك دەنگ و هاو هەڵوێست و هاوبازوو بن، دەتوانن گۆڕانکاری گەورە بێننە ئاراوە. مەگەر شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر بە هێز و هەڵوێستی ئەوان بەرپا نەبوو؟ کە تیایدا کۆتایی بە دەسەڵاتێك هێنا کە چەوسانەوە و نادادپەروەریی لە سیما دیارەکانی بوو. هەمیشە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، هەستان و وەستانەوە بە گژ دەسەڵات و چینی ستەمکار، لە سەر دەست و پشتی چینی کرێکار و چەوساوە کراوە و دەکرێت، بەڵام بە مەرجێك، ئەویش ئەوەیە، پەشێو وتەنی ڕازێکییان هەبێت و بێ قڕە قڕ نەبن.

# ئالآیەکی پیرۆز

ئالآ، یەکێکە لەو سیمبولە نەتەوەییانەی، هاوشانی خاك و زمان و فەرهەنگ، شوناسی نەتەوە پێکدەهێنن و هەمیشە ڕەمزێکە بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی گەلان لە یەکتری. هیچ نەتەوەیەك نییە، بەوانەشی تا ئێستا ژێر دەست و چەوساوەن، خاوەنی ئالآیەکی دیاریکراوی خۆیان نەبن، کە گوزارشت لە شوناس و مێژوو، بوونیان دەکات. ئالآی هەر دەوڵەتێکیش، لە ڕووی ڕەنگ و ئەندازە و پێکهاتەوە لە یەکتری جیان، کە دواجار گوزارشت لە بوونی ئەو وڵاتە، لە نێو وڵاتانی تر دەکات. ئالآی کوردستان، یەکێکە لە جوانترین ئالآکان، کە لە چوار ڕەنگی سەرەکی پێکهاتووەو هێمایە بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، کە دوور لە خواستی خۆی بە سەر چوار وڵاتی نەیار دابەشکراوە. لە ژێر سایەی ئەو ئالآیە و بۆ ئەو ئالآیە، کورد ڕووبارێك خوێنی ڕشتووە، بۆ ئەوەی ئەو ئالآیە نەکەوێت و هەر بە شەکاوەیی بمێنێتەوە. هەر لە کۆماری مەهابادەوە بگرە، کە تیایدا بۆ یەکەم جار ئەو ئالآیە بە فەرمی هەڵدەکرێت تا بە ئێستا دەگات. لە شەڕی تاریك پەرست و تیرۆرستانی  ئیسلامی داعشدا، پێشمەرگەی بریندار و قارەمانی وا هەبوو، لە پاڵ برینداربیەکەی کە خوێنی لێ دەچۆڕا، خەمی ئەوەی بوو چۆن ئەو ئالآیە لە بەرزی بهێڵێتەوە و نەکەوێت. دەیان دیمەنی لەو شێوەیەم لەو شەڕەدا بینی. ئەگەر بۆ نەتەوەیەك، کە خاوەنی قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، ئالآ یەکجار پیرۆز بێت، ئەوا بۆ ئێمەی کورد، سەدان و هەزاران جار مایەی شکۆمەندی و

پیرۆزییە، چونکە تاکو ئێستاش نەیارانی کورد، بە ڕەوای نابینن ئەو ئالأیە لە سەر خاك و نیشتمانی خۆمان هەڵبکرێت. لە شیعری (ئالأ) دا، پەشێوی شاعیر ئالأ دەباتە ئاستێکی هێندە گەورە و پیرۆز، هاوشانی بڕواداریی و ئایینداری دەکات، بەو مانایەی وەك چۆن بڕوادارێك، بێ دوودڵی بڕوای بە ئایین و بنەماکانی ئایین هەیە، بەو شێوەیەش پەشێو بڕوای بە هەڵکردنی ئالأ هەیە و ئالأ شتێکی کەمتر نییە لەو بڕوادارییە ئایینییەی کە مرۆڤەکان هەیانە. وەك چۆن بڕوادارێك باوەڕی بە خودا و پەیامبەر هەیە، ئەویش بەو شێوەیە بڕوای بە هەڵکردنی ئالأ هەیە، بۆیە دەڵێت:_

دۆستەکانم باش بزانن

دوژمنانم باش بزانن

چەند باوەڕم بە زەردەشت و بە ئاڤێستاو بە خوا هەیە

هەزار هێندەش

باوەڕم بە هەڵکردنی ئالأ هەیە

شاعیر لە پاڵ ئەوەی بڕوای بە خودا و ئاڤێستا هەیە، هەزار هێندەش بە ئاشکراو نایشارێتەوە، کە بڕوای بە هەڵکردنی ئالأ هەیە. سیبمولە نەتەوەییەکان لای پەشێو، بۆ نموونە وەك ئالأ، هێندە گەورە و پیرۆزن، هاوتای ئەو باوەڕە ئایینییەیان دەکات، کە مرۆڤ بە ئاسانی دەستبەرداریان نابێت و مرۆڤی موسڵمان بە تایبەتی، هەرگیز دەستبەرداری ناسنامە ئایینییەکەی خۆی نابێت. ئالأش لای پەشێو هێندە پیرۆزە، بە بڕواوە دەڵێت هاوتای خودا و زەردەشت هەڵکردنی ئالأی بەلاوە گەورە و پیرۆزە.

## ڕوحێك هەمیشە لە كوردستان

بە درێژایی ئەو ساڵانەی پەشێو لە مەنفا و لە غەریبی بووە، پێ ناچێت تۆزقاڵێك خەیاڵ و ڕوحی لە كوردستان دابڕابێت و نیشتمانەكەی خۆی لە یاد كرد بێت. هەستی غەریبی، پاڵنەر و سەرچاوەی دەیان شیعری شاعیرن، كە بۆ كوردستان نووسیونی. تیایدا شاعیر گوزارشت لەو دابڕانە جوگرافییە دەكات، كە لە كوردستان دوورە، بەڵام بە جەستە و ڕوح، هەمیشە كوردستانی لە نێو دڵ و دەرووندایە. شاعیر هێندەی تاسەی بینینەوەی كوردستان دەكات، هێندە جوانییەكانی مەنفا نابنە جێی سەرنجی، بۆیە لە نێو جوانییەكانی ئەوێ، تاسەی ئەوە دەكات بگەڕێتەوە بێركۆت و دار و بەرد و قوڕی گوندەكەی بلێسێتەوە. شاعیر ڕوو لە هەر شوێن و جێگەیەك بكات، دواجار وڵاتێك لە نێو گیانی دایە، كە ناوی كوردستانە. بیری شاعیر هاوشێوەی میلی قیبلەنمایەك، هەمیشە ڕوو لە كوردستانە. وەك چۆن قیبلەنما، لە هەر شوێن و بە هەر ئاراستەیەك دایبنێین، دواجار میلی ڕووەو ئەو شوێنە دەسووڕێت كە كەعبەی پیرۆزە، بەو شێوەیەش بیری شاعیر ڕوو لە هەر شوێن و جێگەیەك بكات، لە هەر كات و ساتێك بێت، بە هەر ئاراستەیەك بێت، ئەوا میلی هەر بۆ ئەو شوێنە دەسووڕێنێت كە ناوی كوردستانە و خاك و نیشتمانی ئەوەو لێی دوورە. هەر وەك لە شیعری (قیبلەنما)دا، خەیاڵی خۆی بە میل و سەریشی بە قیبلەنمایەك دەچوێنێت و دەڵێت:_

**بیری من و قیبلەنما**

**وەکو یەکن**

**ڕوو دەکەمە هەر جێیەکی ئەم جیهانە**

**ڕووی میلی ئەو تەنیا بەرەو کوردستانە**

پەشێو لێرەدا، پەیوەندی خۆی و کوردستان، لە چوارچێوەیەکی پیرۆز دەبینێت، لە گەلێك لە شیعرەکانیدا، کوردستان دێنێتە ئاستی ئایین و سیمبولە پیرۆزەکان، لێرەوەش موسڵمانان بۆ ئەوەی نوێژەکەیان دروست و شوێنی خۆی بگرێت، دەبێ کاتێ نوێژ دەکەن، ڕوو لە قیبلە بکەن، ئەگەر لە شوێنێکیش بوون، دوودڵ بوون لەوەی نەزان ئاراستەی نوێژەکەیان دەبێ ڕوو لە کوێ بێت، ئەوا سوود لە قیبلەنما وەردەگرن و شوێنی قیبلەیان بۆ دیاری دەکات. لە نێو خەیاڵ و بیرکردنەوەی پەشێوی شاعیریشدا، هەمیشە قیبلەنمایەك هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە میلی ئەو ڕوو لە کوردستانە. شاعیر لە هەر سووچ و شوێنێکی ئەم دنیایە بێت، دوا جار ئەو تەنها کوردستان دەبینێت، بۆیە نیشتمانەکەی بە جۆرێك ئاوێتەی ناخ و هزری بووە، هاوشێوەی تارمایی و سێبەرێك لێی جیا نابێتەوە و دواجار بیری هەر دەچێتەوە کوردستان. پەشێو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، باس لەوە ناکات کە کەعبە بۆ موسڵمانان پیرۆزە و کوردستانیش بۆ ئەو، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، قیبلەنما دەکاتە هێمایی وابەستەیی خۆی بە کوردستان، بەمەش جیاوازییەك لە نێو قیبلەنمای خۆی و ئەوانیتر دەکات.

## قوتبی سپی و سەری سپی

لە بەشێکی شیعرەکانی پەشێودا، توخمەکانی بونیادی چیرۆك و ڕۆمان، لە شێوەی کارەکتەر و ڕووداو و شوێن بوونیان هەیە و لە نێو شیعرەکاندا، فۆڕمێکی چیرۆك ئامێز هەیە، کە لە ڕێی گێڕانەوەی ڕووداوێك بە شیعر، شیعرەکە دەباتە ئاستی داستان و چیرۆکێك. شیعری ( شەفەق لە زەردەپەڕ )دا، هاوشێوەی چیرۆکێکە کە تیایدا شاعیر ڕووداوێکی سەردەمی منداڵی خۆی لە گەڕەکەکەیان باس دەکات. چیرۆکی ئەم شیعرە، باس لە ناسینی کچە دراوسێیەك لە تەمەنی منداڵی، کە پێ دەچێت هەردووکیان هاوتەمەن بن دەکات. دەسپێکی ڕووداوەکە، بە ئاشقبوونی منداڵێ تا ڕادەی شێتبوون بە کچە دراوسێکەیان دەست پێ دەکات، دوای زەمەنێك لە یەکتر ناسین، ئەمجارەیان دادەبڕێن و کاتێ یەکتریش دەبیننەوە، لە پایزی تەمەن دانە و سەری هەردووکییان لە پای ئەو دابڕانە و هەڵکشانی تەمەن سپی بووە. لەم شیعرەدا، چیرۆکی ژیانی منداڵێك دەخوێنینەوە، کە چۆن شێتی کچە هاوسێیەك بووە و دنیای تەنها لە چاوی ئەودا بینیوە و ئەگەر ڕۆژێك نەیدیبایە، وای هەستکردووە، کە عەرشی ئاسمان بێ خودایە، هەروەك خۆی لە شیعرەکەدا دەڵێت:_

**بە منالی شێتی کچە هاوسێیەك بووم**

**ئەگەر ڕۆژێك نەمدیبایە**

**کفرم دەکرد**

**وامدەزانی عەرشی ئاسمان بێ خودایە**

دەسپێکی چیرۆکەکە، لە گەڕەکێك لە نێوان منداڵێك و کچە هاوسێیەك دەست پێ دەکات. مناڵەکە، بە جۆرێك هۆگری ئەو کچە دەبێت، کە ئەگەر ڕۆژێك نەیبینیبایە کفری دەکرد، دەکەوتە گومان، لە عەرشی خودا و یاخود گومان لەوەی لەگەڵ نەدیتنی ئەو، ئیدی خۆریش لە جێگەی خۆی هەڵنایەت. ئەم یەکترناسینە، بەردەوام دەبێت و سەردەکێشێت بۆ یاری و خەونی منداڵانە و چێکردنی خانۆچکە و خەیاڵ و گەمەی منداڵانە، ئاسوودە و بەختەوەرانە لە نێو ژیانی منداڵی خۆیاندا دەکەونە گەمە و خەونی ڕەنگاو ڕەنگ، هەروەك شاعیر دەڵێت:_

**سەری خۆمان هەڵدەگرت و**

**لە شوێنێکی چەپەك و پەنا**

**خانوچکەیەکمان چێدەکرد**

هەردووکیان بە منداڵی، خەیاڵی ئەوەیان کردووە، کە چۆن ماڵێك لە بن ساباتێك کۆیان دەکاتەوە، کە دەشێ ئەمە خەونی دوا ڕۆژی هەردووکیان بێت و بەو منداڵییەوە یاخی بن و مەبەستیان بێت، ماڵ و گەڕەکەکەیان جێبێڵن. هەر لە سەرەتاوە ئەو خەیاڵە دەکەن، بەڵام ئایا هەموو خەیاڵێك دەبێتە واقیع؟ مرۆڤ دەتوانێت ئەو خەونانەی لە ژیان هەیەتی بیانهێنێتە دی و لە واقیعدا بەرجەستەیان بکات؟ بێگومان نەخێر، چونکە چەرخی ژیان و ڕۆژگار، بە ویستی مرۆڤ ناسووڕێت، بۆیەشە قەدەرێك ئەو دوو کەسە لە یەکتری دەکات و هەریەکەیان ئاوارەی شوێن و جێگەیەك دەکات. لە ناوەڕاستی شیعرەکەدا، دوای ئاشنابوونی منداڵەکە بە کچە دراوسێکەی، ئیدی بە

هەر هۆكارێك بێت، لە یەكتری دادەبڕێن و ئەو دابڕانەش، مەودایەكی زەمەنی درێژ دەخایەنێت و لە پێناو دیتنەوەی شاران تەی دەكات:_

**بۆ ئەوكچە دراوسێیە سەرتاسەری دنیا گەڕام**

ئەو هۆگرییە، وا لە ئەو دەكات، كە وەك گەریدەیەك، هەرچی سووچی دنیا هەیە بگەڕێت. دەچێتە وێستگە و فڕگەكان و پەرستگە و مەیخانە و بەندەر و دەریاكان، كەچی هەموو ئەو گەڕانانە بێ ئەنجامن و ناتوانێت بیدۆزێتەوە، بۆیە دەگاتە ئەو بڕوایەی كە لە بیری بكات و گومانی هەبێت جارێكی دیكە، بە دیداری ئەو كچە هاوسێیە شاد بێتەوە، بۆیە دەڵێت:_

**زۆرجار دەهات لە بیری كەم**

بەڵام ئایا لە بیركردنی كەسێك، كە خۆشەویستەكەی لە پێناو دۆزینەوەی سەرتاسەری دنیا گەڕاوە هێندە ئاسانە؟ مرۆڤ دەتوانێت كەسێك لە بیر بكات، كە لە نێو دڵی دایە و هەموو ژیان و بوونی داگیركردووە؟ بە پێچەوانەوە هێزێكی شاراوە، ئەو كوڕە دەبەستێتەوە بە كچە هاوسێكەو لە چاوەڕوانی دەیهێڵێتەوە:

**زۆرجار دەهات لە بیری كەم**

**كەچی لە پڕ دەیتڕووسكاند**

**ژیلەمۆی بن خۆڵەكەوە**

دوای ئەوەی نائومێد دەبێت لە دۆزینەوەی، دەیەوێت ئەو كچە هاوسێیە لە یاد بكات و بە پەراوێزی بیرەوەرییەكانی بسپێرێت، كە چی لە پڕ وەك چۆن پۆڵووی ژێر خۆڵەمێشی ئاگرێك، بە فووێك و شنە بایەك دەگەشێتەوە و جارێكی تیر تین و تاوی دەگەڕێتەوە، بەو شێوەیەش ژیلەمۆی ئەو خۆشەویستییەی نێوان ئەوانیش دەبێتە

بزووێنەری هێشتنەوەی ئەو پەیوەندییە. بەمەش شاعیر لە نێوان لە بیرکردن و دۆزینەوەیدا، نائومێدانە لە چاوەڕوانی دەمێنێتەوە. ئەو چاوەڕوانییە بە پێی زەمەنی مێژووی نێو شیعرەکە بێت، زۆر دەخایەنێت، چونکە کاتێ ئەو منداڵە هەڵبەتە دوای گەورەبوونی، کچە هاوسێکە دەبینێتەوە، بسکی کچەکە سپی بووە، کە ئەمەش هێمایە بۆ بە سەرچوونی تەمەن و پیربوون، بەڵام دیسانەوە ئەو پیرییەش ناتوانێ لە بیری بباتەوە. شاعیر دوای ئەوەی هەموو دنیا دەگەڕێت و ئەو کچە هاوسێیە دێرینەی خۆی نادۆزێتەوە، ڕۆژێك لە پڕ لە شوێنێکی قوتبی باکووردا، بە ڕێکەوت دیداری یەکتری دەکەن . دیدارێك دوای زەمەنێکی درێژ لە دابڕان و پیربوونی هەردووکییان بە هۆی تەمەن و خەمەکانی ڕۆژگارەوە، دیدارێك کە لەوپەڕی نائومێدی لە بە یەکتر شادبوونەوەیان، دەبێتە ڕێکەوتێکی سەیر. ئیدی لە یەکەم نیگاوە، یەکتری دەناسنەوە و بە هەمان هەست و سۆزی سەردەمی پێشوو، ئاوێتەی یەکتری دەبنەوە، بەڵام دوای چی؟ دوای ئەوەی کە هیچ کامێکییان هەمان کوڕ و کچە دراوسێکەی پێشوو نین و ژیان و ڕۆژگار، سەری هەرووکییانی سپی کرووە. دەڵێن ڕێکەوت، زۆرجار ڕۆڵی سەرەکی لە ئاراستەکردنی ژیانی مرۆڤەکان هەیە و هەر بە ڕێکەوت زۆر کار و دەرفەت و سەفەر و ناسین دێتە پێش و دواتریش چارەنووسی ژیانی مرۆڤ بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبات، بەو شێوەیەش هەردووکییان، جارێکی دیکە بە یەکتری دەگەنەوە، بەڵام دوای چی؟ دوای ساڵانێکی درێژ لە قەهر و غەریبی و توانەوە بە دەم چاوەڕوانییەوە. شاعیر چیرۆکی دیتنەوەی هەردووکییان باس دەکات و دەڵێت:_

هەر ئەو شەوەی بۆ یەکەم جار

ستێرێکی چاونماویی قوتبی باکوور

بۆمان بووە قیبلەنمای یەکەم دیدار

بێگومان یەکەم دیداری ئەوان، دوای زەمەنێکی درێژ لە دابڕانی یەکتری، لە شەوێکی قوتبی باکوور دەبێت، بەلاّم ئاخۆ هەست و نەستی دوو خۆشەویست، چۆن بێت پاشان سالأنێك لە غەریبی و دووری یەکتری؟ ئەوان چۆن ئاوێتەی یەکتری دەبن؟ ئەمجارەیان شاعیر دەڵێت:_

موو بە موومان بوو بە زمان

دیتت چ زوو هەردوو باڵت لە من ئالأند

دیتت چ زوو سەری سپیم

سنگی تۆی کرد بە نیشتمان

ئەو منداڵەی شێتی کچە هاوسێکەی بوو، دوای ئەوەی ڕۆژگار لە یەکتریان دەکات، کاتێ کچە هاوسێکە دەبینێتەوە، سەری سپی بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تەمەن و ڕۆژگار، تاسەی دووریەتی لەو کچە هاوسێیە بە جۆرێك ژیان و تەمەنی ئەویان گۆڕیوە، کە بۆتە پیرەمێردێك و بە نێو سالأن داچووە، بەلاّم ئەم گۆڕانە مێژوویی و جەستەییانەی لە پەراوێزی بە سەرچوونی ڕۆژگار بە سەر ژیانی هەردووکییان داهاتووە، نە بۆتە هۆی ئەوەی ئەوانە یەکتری لە بیر بکەن، بۆیە بە یەك نیگاوە، جارێکی دیکە ئاوێتەی یەکتری دەبنەوە و بە دیداری یەکتری شاد دەبنەوە و جارێکی دیکە ئەو عشقە گڕ دەگرێتەوە و ژیلەمۆی ژێر خۆڵەکە دەبووژێتەوە. کاتێ ئەو کچە هاوسێیەش دەبینێتەوە، ئەوا لە ژووانی ئەودا هەمان ئەو کچەیە، کە

پێشووتر و بە منداڵی بینیویەتی، کە ئەمەش کرۆکی عشقی ڕاستەقینەیە، کە زەمەن و ڕۆژگار ناتوانن لە بیر مەعشوقی بەرنەوە. بەو مانایەی عاشقەکان، لە نێو مانگ و ساڵ و خەمەکانی ڕۆژگار پیر دەبن، وەلێ لە نێو دڵ و چاوی یەکتریدا، هەر بەو ساتانە دەمێننەوە کە لە یەکەم نیگاوە عاشقی یەکتر بوونە و یەکتریان ناسیوە. لێرەوەش کاتێ ئەو کوڕە بە سەری سپییەوە کچەکە دەبینێتەوە، هەست ناکات گەردێك گۆڕابێت، بۆیە بە دڵنیایەکی زۆرەوە دەڵێت:_

**جوودایی من و هاوسێکەم**

**درۆیە، مۆتەیە، خەوە**

**ڕوو هەمان ڕوو**

**دەنگ هەمان دەنگ**

**بۆنت هەمان بۆنی ئەوە**

هەڵبەتە، پیری مرۆڤ دەگۆڕێت، سیماو ڕووخساری چرچ و لۆچاوی دەکات. بە تێپەڕینی ڕۆژگار، هەست و ئەندامە فسیۆلۆژییەکانی جەستەی مرۆڤ گۆڕانیان بە سەر دادێت. لە پیریدا، هیچ شتێك وەکو گەنجییەتی نامێنێتەوە، بەلاّم چونکە عاشقەکان بە جۆرێك لە نێو ژیان و بوون و دڵ و دەروونی یەکتریدا ڕەگ دادەکوتن، کە هیچ شتێك نەیانگۆڕێت، بەو شێوەیەش لە دیدی ئەو منداڵەدا، کچە هاوسێکە هەر وەکو خۆیەتی. وەك ئەوەی ئینگلیزەکان دەڵێن :_(خۆشەویستی ڕاستەقینە هەرگیز کۆتایی نایەت، ئەگەر کۆتایی هات، مانای وایە ڕاستەقینە نەبووە ).

# مۆزەی کەڵبە و ڕنۆك

گەلانی دنیا، بۆ ئەوەی پاشماوە و کەرستە و شوێنەوارە دێرین و مێژووییەکانی خۆیان لە نەمان بپارێزن، هاوکات بە ئەوانیتریان بناسێنن، دێن هەر شتێکی دیرۆکی و شوێنەواری گرنگ هەیە، لە مۆزەخانەدا هەڵیدەگرن. ئەو شوێنەی هەم ئاماژەیەکی مێژوویی، هەمیش کولتووریی و مرۆیی و ئاسەواریی هەیە. مۆزەخانەکان، گوزارشت لە ڕۆژگارێکی مێژوویی کۆنی ژیانی مرۆڤەکان و سرووشت و کەرستەو دروستکراوەکان دەکەن، کە تیایدا سەرەتاکانی شێوەی ژیان و ژیانکردن و پەیوەندی لەگەڵ سرووشت و دەوروبەر دەردەخەن. بێگومان مرۆڤە سەرەتاییەکان، کە وەك ئێستا ژیان پێشکەوتوو نەبووە، هەوڵیانداوە بە کەرستەی سادە و دروستکراو، کارەکانی ژیانی خۆیان ڕایی بکەن و دەستەوەستان نەوەستن. ئیدی ئەو کەرستانە، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان و گەشەی کۆمەڵایەتی و ژیاریی نەتەوەکان، بە سەر چوون و نەماون، مەگەر پارچەیەك، کە دەلالەت لەو قۆناغە بکات. مۆزەخانەکان، گرنگی و بەهایەکی هونەریی یەکجار گەورەیان هەیە و کەرستەکانی ناوی، لە شتە هەرە گران بەهاکانن، کە نرخ و بەهاکانییان، تەنانەت بە هیچ شتێك پێوانە ناکرێت. بۆیە دەبینین مامەڵەکردن بە کەرستە و پاشماوە شوێنەوارییەکان، وەك تاوان سەیر دەکرێت و سزای لەسەرە، چونکە ئەو پاشماوانە، گوزارشت لە مێژوو، بەهای فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە دەکات. چەند ساڵێك لەمەوبەر، کاتێ خۆپیشاندانێکی گەورە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا

بەرپا بوو، حکومەتی ئەو وڵاتە، بەر لە هەموو شوێنێك مشووری مۆزەخانەی لۆڤەری خوارد، چونکە شتە مێژوویی و ئاسەوارییەکان، گەر لە نێو چوون و بزبوون، جارێکی دیکە نادۆزرێنەوە. وڵاتان بە بایەخەوە دەڕواننە مۆزەخانە و ساڵانە گەشتیارەکان ڕووی تێ دەکەن. مەرج نییە مۆزەخانە هەر تەنها ئاماژەیەکی کولتووریی بگەیەنێت، زۆر جار دەبنە شوێنی نیشاندانی پاشماوەی کارەسات و ڕووداوە سیاسی و تراژیدییەکان. ئێستاش ساڵانە خەڵکێکی زۆر بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ سەردەمی مێژووی خوێناوی هیتلەر و ئەو کارەساتەی بە سەر جولەکەکان لە جینۆسایدکردن هات، سەردانی پاشماوەی کەمپی ئاوشفیتز لە پۆڵۆنیا دەکەن و کوورە و پاشماوەی ئەو شەمەندەفەر و وێستگانە دەبینن، کە جولەکەکانی تیادا دەتوێنرانەوە و دەکرانە سابوون. یاخود زۆر جار، مۆزەخانە کەرستەو پاشماوەی شۆڕشگێڕێك، سیمبولێکی نەتەوەیی، ئازادیخوازێکی  تێدا نمایش دەکرێت. لە نێو ئێمەدا، ئەگەر مۆزەخانەیەك بکەینەوە دەبێ چی تێدا هەڵبگرین بۆ ئەوەی پیشانی ئەوانیتری بدەین، جگە لە مێژوویێك خوێن و ستەم و چەوسانەوە نەبێت. دوژمنانی کورد، وەك چۆن هەوڵی لە نێوبردنی کەسیەتی و جوگرافیاو مێژووی ئێمەیان داوە، بەو شێوەیەش هەوڵی سڕینەوەی فەرهەنگ و کولتوور و شوێنەوار و پاشماوە دێرینەکانی ئێمەشیان داوە، بەداخەوە مێژووی ئێمە، هەمیشە لە پاڵ قوربانیدان و خەبات و تێکۆشان، هاوکات مێژوویێکیش بووە، لە خوێن و چەوسانەوە و لە نێوبردن، بۆیە لە مۆزەخانەدا، دەبێ لایەك بۆ ئەو چڕنۆك و کەڵبانە تەرخان بکەین، کە هەمیشە لە جەستەی نەتەوەیی ئێمە گیروجیڕکراون. پەشێو لە شیعری (مۆزێ)دا، باسی

مۆزەخانەیەکی جیاوازمان بۆ دەکات. مۆزەخانەیەك کە لە بری ئەوەی شوێنی هەڵگرتنی کەرستە و پاشماوەی دێرین بێت، بە پێچەوانەوە جێگەی نیشاندانی قەمە و کەڵبە و ڕنۆکە، وەك هێمایەك بۆ ئەو ستەمەی بە درێژایی مێژوو لە ئێمە کراوە، هاوکات ئاماژەیەکیش بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی، کە بە داخەوە ئەوەندەی مێژووی خوێن و کوشتنە، مێژووی داهێنان و جوانی نییە. لەو شیعرەدا، شاعیر مێژووی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە بۆ دوو قۆناغ کە ئەوانیش چاخی بەر و دوای مێژووە. لێرەدا، مەبەست لە چاخی بەر لە دیرۆك ئەو چاخەیە، کە هێشتا مرۆڤایەتی لە قۆناغی سەرەتایی دەژیا و پێشکەوتنەکانی سەردەم، نەبووبوونە مایەی نەهامەتی و مرۆڤ بەو ئەندازەیە دڕندە و ترسناك نەبوو، کە ببێتە بکەری هەڵگیرسانی دەیەها شەر، کە بە هۆیەوە خوێنی مرۆڤی تێدا بڕژێت، بەڵکو ژیانێکی سادەی نێو سرووشت و دواکەوتوو، بەڵام پاك و ساکار دەژیا. چاخی بەر لە دیرۆك، ئەو چاخەیە کە هێشتا هیچ ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی ڕوووینەداوە. ئەو چاخەیە کە هێشتا مرۆڤ نەبۆتە دڕندەیەك و دەستی نەچۆتە نێو خوێنی هاوشوناسەکەی. ئەو چاخەیە، کە هێشتا شەڕ و کوشتارو ئەتۆم و تیرۆر و ڕەگەزپەرستی و فاشییەت و ڕەنگەکان لە یەکتری جیا نەکراونەتەوە و مرۆڤەکان پۆلێن نەکراون. پەشێو لە مۆزەخانەکەیدا، هۆڵێکی تایبەت و گەورە بۆ ئەو چاخەی بەرلە دیرۆك تەرخان دەکات، بەڵام هیچی نییە تا تیایدا هەڵگرێت، هەر وەك لە شیعرەکەی باسی دەکات و ناوی هیچ کەرستەیەکی نێو ئەو هۆڵە ناهێنێت، جیاواز لە هۆڵەکانی دیکەی

دوای سەرهەڵدانی دیرۆك، كە ناپڕژێتە سەر ئەوەی تەنها هۆڵێكی بۆ دابین بكات. پەشێو لە شیعرەكەیدا دەڵێت:_

**لە كوردستانی دوا ڕۆژدا**

**گەورەترین مۆزێی دنیا دروست دەكەم**

**بۆ هەرچاخێك هۆڵێكی زل**

**هۆڵی یەكەم ناوی لێ دەنێم**

**هۆڵی چاخی بەر لە دیرۆك**

**هۆڵەكانی تر هەموویان**

**هۆڵی سونگی و كەڵبە و ڕنۆك**

هەڵبەتە، دیاریكردنی كوردستان وەك وڵاتی شاعیر بۆ دروستكردنی ئەو مۆزەیە، دەلالەتە لەوەی كە كورد وەك نەتەوەیەك، چەند ڕووبەڕووی كارەسات و نەهامەتی بۆتەوە و چۆن جێی ڕنۆكی دوژمنانی بە جەستەیەوە دیارە. ئەو مۆزێیە، نیشانەیە بۆ مێژووی سیاسی و نەتەوەیی ئێمە، كە مێژووی ڕابردووی خوێنینی ئێمە نیشان دەدات، بەڵام دیوێكی ئەو مۆزێیە، دیوێكی جیهانی و مرۆڤایەتییە و پەیوەندی بە قۆناغەكانی بەر و دوای سەرهەڵدانی دیرۆك هەیە. بەو مانایەی تا قۆناغی بەر لە دیرۆك ، مرۆڤایەتی هەڵگری مێژووی كەڵبە و ڕنۆك نەبووە، بۆیە هۆڵی یەكەم تەنها ناوی هەیە و شاعیر ئاماژەی بۆ كەرستە و كەلوپەلەكانی نێوی نەكردووە، چونكە شتێك نییە وەك شوێنەوار تیایدا هەڵبگیرێت، هۆڵەكە تەنها ناوێكی مێژوویی هەیە، بەڵام كۆی هۆڵەكانی دیكە، تەرخان دەكرێن بۆ سونگی و كەڵبە و ڕنۆك، كە ئەمەش قۆناغی دوای دیرۆكە، كە مرۆڤایەتی زیاتر گەشە

دەکات و لە پەراوێزی ئەو گەشەکردنەشەوە، گۆڕانکاری بە سەر کۆمەڵ دادێت و بە داخەوە شەڕو خوێن دەبنە سیمای دیاری ئەو قۆناغە، کە ئەوەندە زۆرە دەبێ هەموو هۆڵەکانی دیکەی بۆ تەرخان بکەیت. ڕووبەرێکی گەورەش لەو ستەم و خوێنە، بەر ئێمە وەك کورد دەکەوێت، هەر ئەمەشە هۆکاری ئەوەی کە پەشێو کوردستانی داهاتوو، بۆ شوێنی ئەو مۆزێیە لە بری هەر شوێنێکی دیکەی جیهان دیاری بکات. مێژووی مرۆڤایەتی، لە دوای گەشەسەندن و گواستنەوەی لە چاخی بەردین و بەر لە مێژووەوە بۆ چاخی نوێ، مێژووی هەزاران ڕووداوی سیاسی و کۆمەلأیەتییە. مێژوویێکە تیایدا مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی کارەسات و نەهامەتی بە ئێستاشەوە دەبێتەوە، مێژووی چەوسانەوە و بێ مافی گەلان و ستەم و بێدادی سیاسییە. ئەم مێژووە هێندە گەورەیە، دەبێ هەموو هۆڵەکانی مۆزەخانەی بۆ تەرخان بکرێت. پەشێو لە شیعرەکەیدا، کەرستە و شوێنەوارێکی دێرین، لەو هۆلأنە هەڵناگرێت، پاشماوە و شوێنەواری جێی پێ مرۆڤایەتی لە قۆناغی دوای دیرۆك لەو هەموو هۆلأنە هەڵناگرێت، بە پێچەوانەوە هۆڵەکان تەرخان دەکات، بۆ کەڵبە و قەمە، وەك ئاماژەیەك بۆ کوشتن و شەڕ و لە نێوبردنی مرۆڤ، بە هەر پاساوێکەوە بێت. کوردستان لە دوا ڕۆژدا، دەبێتە شوێنی گەورەترین مۆزەی دنیا، وەلێ مۆزەخانەیەك لە بری ئەوەی ئاماژەیەکی شوێنەواریی و دیرۆکی هەبێت، ئەوا ئاماژەیەکی سیاسی و خوێن و چەوسانەوەی بە تایبەتیش بەرانبەر نەتەوەی کورد دەبێت. کە ئێستاش کەڵبە و ڕنۆك دەوریان داوەو دوژمنان ناهێڵن هەناسەیەکی ئازاد لە سەر خاك و نیشتمانی خۆی هەڵمژێت.

# شیعر و دوودڵی

بێگومان مرۆڤ لە سەرەتای دەرکەوتن و دروستبوونییەوە، بە شێوەیەکی سادە و ساکار، ژیانی لە دوو توێی سرووشت و نێو ئەشکەوتەکان بە سەر بردووە. سەرچاوە مێژووییەکان، گەلێکییان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مرۆڤ سەرەتا زمانی دەربڕین و گوزارشتکردنی نەبووە، بەڵکو لە ڕێی جوڵەی جەستە و ئاماژەکانەوە، گوزارشتی لە پەیوەندیی خۆی کردووە، بە تایبەتیش لە ڕێگەی هەڵکۆڵین و تاشینی وێنە لە سەر بەرد و لە نێو سرووشتدا. بە گەشەکردنی زیاتری ژیان و دۆززینەوەی بوارەکانی دیکەی ژیان، بە تایبەتیش کشتوکاڵ و دروستکردنی گوند و شوێنی نیشتەجێبوون، ئیدی زمان وەك پێداویستییەکی هزری و ئەڵقەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دەردەکەوێت. بەمەش زمانی گوزارشتکردنی مرۆڤ لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە، لە زمانێکی ئاماژەیی و وێنە دار و بێ دەنگەوە، دەبێتە زمانی نووسین و دەربڕین. واتا مرۆڤ سەرەتا زمانی نەبووە، دواتر زمان وەك پێداویستییەك دروست دەبێت. هەڵبەتە کە زمانیش نەبوو، واتا دەربڕین نابێت، کە دەربڕینیش نەبوو، ئیدی هەموو خەیاڵ و تەئویلەکانی نێوهزری مرۆڤ، وەك وێناکردنێکی خەیاڵییانە دەمێننەوە و ناتوانرێت بکرێنە کەرستەی نووسین و دەربڕین. بەمەش ئەدەب و مێژووی نووسینی ژانرە ئەدەبییەکان، دەکەونە دوای مێژووی زانین و دۆزینەوەی زمان  بە تایبەتیش شیعر، کە هونەرێکی کۆنە و سەرەتا لە داستان و ئەدەبی زارەکییەوە دەست پێ دەکات تا

دەگاتە هونەرێك بە نێوی شیعر.  شاعیران لە ئەزموونی شیعرییانەی خۆیاندا، هەمیشە خۆیان لەو پرسیارە دەبوێرن شیعر چییە؟ ئایا شیعر پێناسەیەکی کۆنکریتی هەیە؟ گریمان ئەگەر چیرۆك و ڕۆمان، بچنە خانەی هونەرەکانی گێڕانەوە و لە ژانرەکانی داستان و حیکایەت، بە فۆڕمێکی هونەرییانەی نوێ پێناسە بکرێن، ئایا شیعریش  پێناسە دەکرێت؟ بە تایبەتیش کە شیعر، هونەری ئەندێشە و خەیاڵکردن و  تەنانەت لە سەرووی واقیعشەوە دەبینرێت. بۆچی شیعر پێناسە ناکرێت؟ پرسیارێکە تا ئێستا بە بڕوای من، وەڵامێکی کۆنکریتی و یەکلاکەرەوەی نییە. بۆیە یەکێك لەو پرسیارانەی بە درێژایی مێژوو، وەڵامێکی لۆژیکی و بابەتی و ماناداری نییە ئەوەیە، کە شیعر چییە؟ هەموو ئەو پێناسانەی بۆ شیعریش بە تایبەتی لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا  دەکرێن، پێناسەی کرچ و کاڵ و نا هونەری و نا بابەتین و تەنها گوزارشتکردنێکی سادەیە لە شیعر و دنیای گەورەی شیعر، چونکە زۆر جار شیعر وەها وێنا دەکرێت، کە لە دەرەوەی هەموو جۆرە پێناسەکردنێك بێت، بەو مانایەی کردەیەکە لە دەرەوەی لێکدانەوەی هزریی و هەستەکی شاعیران خۆشیان. بگرە بەشێك لە شاعیران، وەك سەرچاوەی هێزێکی شاراوە دەڕواننە شیعر و بڕوایان وایە شیعر لە دەرەوەی ویست و بیرکردنەوەی ئەوانە و کات و ساتی شیعر نووسین نادیار و پەنهانە. پەشێو لە شیعری (شیعر)دا، شیعر وەك شۆخێکی ڕاڕاو دوو دڵ دەبینێت. وەك چۆن شۆخێك کاتێ ژووانی هەیە، ترس و دوو دڵی دایدەگرێت و دەکەوێتە بارێکی دەروونی ئاڵۆزەوە و بە جۆرێك لە ترس و شەرم دەچێتە ژووانی عاشقەکەی و ڕەنگە نەشچێت، بەم شێوەیەش شیعر شۆخێکە کاتێ

ژووانی لەگەڵ شاعیر هەیە، یان ناچێتە ژووان، یان بە دەگمەن دەچێت و کەسیش ناتوانێت زۆری لێ بکات و ناچاری بکات، هەر وەك شاعیر دەڵێت:_

**تا دێ شیعرم خۆشتر دەوێت**

**چونکە شیعر وەك شۆخێکی دوو دڵ وایە**

**هەموو ڕۆژێ**

**جێ و کاتی ژووان نیشان دەکەین**

**بە دەگمەن دێ یا هەر نایە**

لێرەدا، شاعیر ناڕاستەوخۆ باوەڕبەوە دێنێت کە شیعر ئیلهامە و لە هێزێکی نادیارەوە دێت و شاعیر ناتوانێت بە بەرنامە و بیرکردنەوەی پێش وەختە شیعر بنووسێت، تا ئیلهامی بۆ نێت. بەمەش شیعر نووسین کردەیەکە، لە دەرەوەی ویست و خواستی شاعیر و بەرزەفت ناکرێت. ناتوانێت بە زۆر ناچاری هاتنی بکات، ئەگەر خۆی هاوشێوەی عاشقێك خواستی چوونە ژووانی نەبێت. ڕەنگە هەر ئەم ڕوانینەش بێت بۆ شیعر، کە پەشێو ساڵانێکە دوورکەوتۆتەوە لە شیعر نووسین و پتر هەڵوێستە شیعر دەنووسێت، چونکە کاتێ سەرچاوەی شیعر لە هێزێکی نادیارەوە دێت، بێگومان ئەگەر ئەو هێزە نەبێت، شیعریش نابێت، کەواتا بۆ ئەوەی شاعیر شیعر بنووسێت، دەبێ سرووشێکی بۆ بێت، دەنا خۆی وەك مرۆڤ هیچ هێز و دەسەڵاتێکی بە سەر ئەو شۆخە دوو دڵەوە نییە.

## له نێوان مردن و پیریدا

له زۆربەی شیعرەکانی پەشێودا، هەست بە هیچ جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیەك لە بەرانبەر مردن ناکەین و بەڵکو وەك ڕووداوێکی حەتمی لە ژیاندا، کە هەر ڕوودەدات دەیبینێت. ئەمە ئەگەر پەیوەندی بە سرووشتی مردن لە ژیانی مرۆڤەکان هەبێت بەو پێیەی هەمووومان دەمرین، ئەوا ڕەنگە بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە قەدەری ئێمەوە وەك نەتەوە هەبێت، کە هەمیشە مردن و ململانێ لە نێوان مەرگ و ژیاندا، لە سیما دیارەکانی ژیانی ئێمەن. ئێمەی کورد، چونکە هەمیشە لە نێو فەزایەکی پڕ لە ترس و مەرگ ژیاوین، ئیدی مردن بۆتە ڕووداوێکی تا ڕادەیەك ئاسایی لامان، ئەمە بەو مانایە نییە کە مەرگدۆستین، بەڵکو بەو مانایەی هەمیشە مرۆڤی کورد، ژیانی لە نێوان چاوەڕوانییەکانی مردن و کوشتندا بە ڕێ کردووە. پەشێو ترسێکی گەورەی لە پیربوون هەیە و لە شیعرەکانی نزا دەکات ئەو کاتانە مردن بێت، کە هێشتا سەربەرز و هەر بە پێوەیە. بێگومان پیربوون، یەکێکە لە سەختترین و پڕ ئازارترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و چەند هەنگاوێکی بۆ مردن ماوە، ئەگەر ژیان دەرفەتی پێ بدات. پیربوون، گۆڕانکارییەکی گەورە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی و هزری مرۆڤەکان، بە ئاراستەیەکی نەرێنی دروست دەکات. ئەم پرۆسەیە کە درێژخایەنە و دەیان ساڵ دەخایەنێت، لە کۆتایەکەیدا بە جۆرێك مرۆڤ پەککەوتەو بێ هێز و تین دەکات، کە خۆزگەی دەخواست بە گەنجی ژیانی لێ بسەنرابایەوە، بەڵام پیر

نەبووایە. مرۆڤ لە پیریدا، هەموو توانستەکانی خۆی لەدەست دەدات، بە جۆرێك ناسك و بێ ناز دەبێتەوە، وەك منداڵێك ئارەزووی باوەشێکی گەرم و پڕ لە میهر دەکات. ڕووخساری لۆچاوی دەبێت و چاو و گوێکانی کەم بیناو کەم بیست دەبن و ووزەو تینی جەستەیی نامێنێت. ئەو کاتانەشی بیر لە گەنجیەتی خۆی دەکاتەوە و بەراورد بە ژیانی ئێستای دەکات، ئەوەندەی تر دەچێتەوە نێو قووڵایی خەمەکانی و وێنەی مرۆڤێکی دێتە بەرچاو، کە دوێنێ چۆن بووەو ئەمڕۆش چۆنە. بڕواناکەم، هیچ مرۆڤێك هەبێت ترسی لە پیربوون نەبێت. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بە داخەوە زۆر ئیدیۆم لە بارەی پیربوونەوە هەن وەك ئەوەی دەگوترێت:_( خۆزگە بە تەنها مردن هەبووایە و پیربوون نەبووایە ) یاخود ( پیریی و سەد عەیب ) یان ( پیری ئاخیر شەڕ ) یاخود (مرۆڤ کە پیربوو، دەبێتە گاڵتەجاری منداڵان ) لێرەوەش یەکێك لەو نزایانەی بەردەوام مرۆڤی کورد دەیکات ئەوەیە، کە خودا زەلیلی نەکات و خۆی وتەنی لە سەر هێز و تاقەتی خۆی بمرێت. ئەو ترسە لە مردن، دەرەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لەو تەمەنەدا بەسەر ژیانی مرۆڤ بە تایبەتیش لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێمە دادێن، کە پیرەکان شوێن و لانەیەکی شایستە بە ژیان شك نابەن تا دوا ڕۆژەکانی ژیانیان تیادا بەرنە سەر و بە داخەوە گەلێکییان فڕێ دەدرێنە سەر شەقام، کە چەندین منداڵ و نەوەیان هەیە، کەچی دوا ساتەکانی ژیانیان لە بری ئەوەی لە ماڵێکی گەرم و لە ئامێزێکی پڕ میهرەبانی منداڵەکانیان بەرنە سەر، بە داخەوە دەنێردرێنە خانەی بە ساڵاچووان و لەوێ بە بێ نازی و بە بێ کەسی سەر دەنێنەوە. بۆیە

پیری هەمیشە مایەی ئازار و ترسە بۆ مرۆڤەکان. پەشێو لە شیعرێکدا دەڵێت:_

**مردن مادام تۆ هەر دێی**

**ڕۆژێکی ئاوا وەرە**

**خۆم بۆلات بەڕێوە بم**

**ڕۆژێکی ئاوا وەرە**

**گڕم دانەمرکابێ**

**سەربەرزو بە پێوە بم**

ئەگەرچی پەشێو لە دەربڕینی خۆم بۆ لات بەڕێوە بم، مەبەستی ئەوەیە مردنێك بمرێت سەربەرزانە و شکۆمەندانە، مردنێك کارێکی لە ژیان نەکردبێت بە هۆیەوە ویژدانی ئاسوودە نەبێت ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا، مانای وایە خۆی بە پیر مەرگەوە دەچێت و ترسی لە مەرگ نییە گەر ڕۆژێك یەخەی بگرێت کە هێشتا گڕو تین و تاوی ماوە. لە شیعرێکی دیکەیدا، بە پێچەوانەی نەبوونی هیچ ترسێك لە مردن، ترسێکی زۆری لە پیربوون هەیە ودەڵێت:_

**من قەت دەستکاری بەژنی خۆم ناکەم**

**هەتا ئەو ڕۆژەی سەر دەنێمەوە**

**نەمام بووم زریان نەیچەمانمەوە**

**خوایە بە پیری نەچەمێمەوە**

لەو کۆپلە شیعرییەدا، پەشێو وەك مرۆڤێك هاوشێوەی هەر مرۆڤێکی دیکە، ترسێکی گەورەی لە پیربوون هەیە و ئەو ترسەش لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەیە، کە لە پیری بە سەر تەمەن و ژیانی مرۆڤ دادێن. شاعیر نزا دەکات کە بە گەنجیەتی هیچ زریانێك نەیچەماندۆتەوە،

ئەوا بە پیریش نەچەمێتەوە. بێگومان مرۆڤ ناتوانێت دەستکاری تەمەنی خۆی بکات، بەڵکو مەبەستی شاعیر لێرەدا ئەوەیە، هەر لەو سەنگەرەی بیروباوەڕە ماوەتەوە، کە ئەویش سەنگەری هەژاران و نیشتمان پەروەران و مرۆڤدۆستییە. پەشێو لە شیعرێکی دیکەیدا، ناڕاستەوخۆ ترس لە پیربوون نیشان دەدات و ئارەزوو دەکات خودا بە جۆرێك مرۆڤی دروستکردایە، کە لەگەڵ پیربوونی دیسانەوە هاوشێوەی پنجێك گیا، جارێکی تر سەوز ببایەوە. وەك چۆن گیا، بەهاران سەوز دەبێت و کە هاوین و پایز دێت، زەرد و سیس هەڵدەگەڕێت، بەو شێوەیەش ئەو گۆڕانکارییە سرووشتییە لە ژیانی مرۆڤ هەبووایە، وەك ئەوەی لە شیعرەکەیدا دەڵێت:_

**چما منیش پنجێك گیا نیم؟**

**ئەدی بۆچیساڵە و ساڵە و بەهارە و بەهار**

**سەوزایەکەم دادەمرکێ و**

**زێتر دەکشێم بەرەو کەنار**

لێرەدا شاعیر، ژیانی مرۆڤەکان بە پنجێك گیا و ژیانیش بە دەشتێك و کێڵگەیەك دەچوێنێت، بەڵام نە مرۆڤ و نە ژیانی، تا سەر بەردەوام نابن و لە وێستگەیەك دەوەستن و کۆتایان دێت، بەڵام بەر لەو وەستانە، هێدی هێدی بەرە و کەنار دەکشێ، کە ئاماژەیە بۆ هەڵکشانی تەمەن و پیربوون و شۆڕبوونەوە بەرەو مەرگ. شاعیر بە جۆرێك لە گلەیی و تاسەوە باس لەوە دەکات کە بۆچی وەك گیایەکە، ساڵ دوای ساڵ سەوزتر نانوێنێت و هەر دادەکشێت؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ بەوە دێنێت، کە ئیدی سرووشتی ژیان بەو شێوەیە و ناگۆڕێت، بۆیە هەر چۆنێك بێت، بڕوا بەو قەدەرە دێنێت. گەر سەرنج لە ناوەڕۆکی

شیعرەکەش بدەین، دەبینین پەشێو تەنها پرسیار دەکات و وەڵام ناداتەوە، چونکە یەقینە لەوەی کە پرسیارێکی لەو شێوەیە بێ وەڵامە.
پەشێو بێ باکانەیە لە مردن ، چونکە دەزانێت مردنێك بە سەربەرزییەوە بێت چەند جێی شانازییە، بەڵام هەمیشە ترسێکی شاراوەی لە پیری هەیە. دیسان لە وێنەیەکی دیکەی شیعریدا، ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە پیربوون دەدات و نزا دەکات مرۆڤ هەر لاو بووایە و دەڵێت:_

**ئەگەر دیسان خوا لاویمان بداتەوە**

**وەك خەڵاتێکی ئاسمانی**

لاویەتی، لە جوانترین و پڕ چاڵاکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە کە هێمای چوست و چالاکی ژیان دەگەیەنێت و دەسپێکی بونیادنانی ژیان و ئاییندەشیەتی، بۆیە زۆرجار مرۆڤ تاسەی ئەوە دەخوازێت، کە هەر لاو بیت و پیر نەبێت، بەڵام ئەمە جگە لە مەحاڵێك هیچی ترە؟ پەشێو ئەو قۆناغە بە خەڵاتێکی ئاسمانی کە لەلایەن خوداوە دەبەخشرێت دەبینێت. دەشزانێت جگە لە خودا، کەس ئەو هێزەی نییە جارێکی تر مرۆڤ گەنج بکاتەوە، هاوکات ئەوەش دەزانێت کە مرۆڤەکان تەنها یەکجار لاوی دەبینن، بۆیە بە ئەگەرەوە داوا دەکات ئەگەر خودا لاوی پێ بداتەوە. بێگومان کە پیربووین، هەرگیز ناتوانین جارێکی دیکە لاو ببینەوە، ئەمە سرووشتی فیزیکیانەی ژیانی مرۆڤە، کە لە ساوایی و منداڵییەوە دەست پێ دەکات و بە گەنجی تێدەپەڕێت و لە پیریدا دەگاتە لوتکە و بە مردن کۆتایی دێت. لەو تەمەنەدا، مرۆڤ بزۆز و سەرکێشە، ڕەنگە زۆر کردار و ڕەفتاری ئەرێنی و نەرێنی لە ژیان بنوێنێت و بکات، کە ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغەی ژیانیەتی. بۆ

ئەم کارانەش لاویەتی دەکرێتە پاساو، وەك ئەوەی زۆر جار دەگوترێت سەرڕەرۆ و بزێوە. تا سەردەمێك دادێت، مرۆڤ بیر لەو کاتانەی ژیانی دەکاتەوە و جۆرێك لە پەشیمانی دایدەگرێت و بە تەنز و توانجەوە باسی ڕەفتارەکانی خۆی دەکات، بەو مانایەی هۆشی ئەو کاتی چۆن بووە. لە قۆناغی لاویەتیدا، مرۆڤەکان توانایەکی بەهێز و گەورەی جەستەییان هەیە، بۆیە هەمیشە پیرەکان تاسەی گەڕانەوە بۆ گەنجی دایاندەگرێت و بە خەفەت و نائومێدییەوە، ئاوڕ لە ژیانی گەنجییان دەدەنەوە و خۆزگەی ئەوە دەخوازن، هەرگیز پیر نەبوونایە. وەك ئەوەی پەشێوی شاعیریش، خۆزگەی ئەوە دەخوازێت جارێکی تر ببایەوە بە لاو ، وەك ئەوەی کە دەڵێت:_

**هەزار خۆزگە**

**دیسان لاوی ئارایشتی دەداینەوە**

**وەك خەڵاتێکی ئاسمانی**

**هەزار بریا**

**دیسان تژی دەبووینەوە**

**لە کڵپە و گڕ شێتی و جوانی**

کڵپە و گڕ شێتی و جوانی، ئاماژەی دیارن بۆ ئەو کردەوانەی مرۆڤ لەو قۆناغەدا دەیکات، کە وەك وتمان زۆرجار بە سەرڕەرۆ و سەر شێت و بزێو ناوی دەبەن و بە توانجەوە باسی دەکەن، بێ ئاگا لەوەی کە ئەمە سرووشتی دەروونییانەی مرۆڤە لەو قۆناغەدا، هزر و بیرکردنەوەی گەنج ئاراستە دەکات و هێشتا لایەنی هزریی و تێگەیشتنی، فۆرمۆڵە نەبووە، کە ئەو قۆناغەی ژیانیش تێپەڕی، ئیدی هۆش و بیری مرۆڤیش گەشە دەکەن و هەرگیز ئەو بیرگردنەوانەی نییە، کە لە

گەنجیەتیدا هەیەتی، بەلاَم تاسەی پەشێو لێرەدا بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو قۆناغە، لە سۆنگەی ترس لە مردن نییە، لە سۆنگەی ئەوەش نییە، حەز بکات عومری نوحی هەبێ و ئەوەندە بژی، کە ئەو لە شیعرەکانیدا بێ باکانە دەڕوانێتە مردن، بەڵکو لە سۆنگەی ترس لە پیربوونە، کە مرۆڤ گۆڕانکاری گەورە بە سەر ژیانی دادێت و نە توانای هزریی و جەستەیی، نە هێز و توانا، نە بڕیار و فەرمانەکانی، ئیدی شوێن و جێگەیەکیان نامێنێتەوە. مرۆڤەکان کە پیر دەبن، هەمیشە بەراوردی ژیانی ڕابردوو ئێستایان دەکەن. پیربوون بە جۆرێك مرۆڤ لاواز و نائومێد دەکات، کە گەلێك جار دڵ و هەستی پیرەکان، وەك منداڵیان لێ دێت و دەبێ هەستیان ڕابگیرێت. شاعیر نایەوێت تەنانەت لە ئاوێنەش، وێنەی پیریەتی ببینێت و ڕقی لەو ئاوێنەش دەبێتەوە، کە هەمیشە بێ هیچ ڕتووش و ڕازاندنەوەیەك وێنەی مرۆڤەکان وەکو خۆی پیشان دەدات. ترس لە پیری لە دنیابینی شاعیردا، دەگاتە ئەو ئاستەی لە ئاوێنەش نەیبینێت، وەك ئەوەی دەڵێت:_

**چییە هاوڕێم**

**چیت پێ دەڵێ ئەو ئاوێنە زمانشڕو**

**دڵتۆقێنە**

**ئەگەر باسی پیری دەکا**

**دەمکوتی کە باوەڕ مەکە بە وڕێنە**

شاعیر دەیەوێت ڕاستییەکی هەبوو، نکۆڵی لێنەکراو کە پیرییە، بە وڕێنە لێکبداتەوە، بەو مانایەی ئەوەی هەیە ڕاستی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە قسەی ئیرتیجالی، کە لە نائاگایەوە دەگوترێت. ئەم ترسە لە ئاوێنەوە نایەت، کە تا بڕوا بەوە نەکەین کە دەیلێت، بەڵکو لەو

ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بوونی هەیە، ئیدی ئێمە بڕوا بکەین یان نا، ئەمە واقیعە، نە ڕەت دەکرێتەوە نە نکۆڵیشی لێ دەکرێت. دەبێ هەمووومان بەر لە مردن، بە ئەزموونی پیریدا ڕەت ببین و نەهامەتی و خەمەکانی ئەو تەمەن و قۆناغی ژیان ببینین. پیری نەك تەنها بۆ مرۆڤەکان، بەڵکو بۆ گیانەوەرانیش کاتێ پیردەبن، توانا و هێز و گڕوتینیان نامێنێت. دەگوترێت هەڵۆ کە زانی پیر بووە و ئیدی توانای ڕاوی نەماوە خۆی دەکوژێت. بۆیە پیرییەتی قۆناغێکە، زۆرجار لە مردن بە ئازارتر دەبینرێت و وێنا دەکرێت، لەو سۆنگەیەشەوەیە دەبینین مرۆڤەکان، هەمیشە ئەو نزایە دەکەن کە زەلیل و ڕەزیل نەبن، ئازاری پیریەتی نەچێژن، وەك ئەوەی پەشێوی شاعیریش ترسی ئەوەی هەیە پیری بیچەمێنێتەوە، لە کاتێکدا زریان بەو هەموو هێز و گڕەی خۆی نەیچەماندۆتەوە. پیریبوون مایەی ترس و نائومێدی و خەمێکی قووڵە، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمەدا، لەو زەمەنەشدا، کەهەمووشتێك بەهای هەیەو ڕێز لێگیراوە مرۆڤ نەبێت، چ جای ئەوەی ئەو مرۆڤە پیربووبێت!

# سەرێکی نەوی لە بەردەم دایکدا

دایکانی هیچ نەتەوەیەك وەك دایکانی کورد، نەهامەتی و چەرمەسەریی زۆریان لە ژیان نەبینیوە. هەمیشە جەرگ سوتاوو، چاو بە فرمێسك و بەردەوام ڕۆڵەکانیان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستاندا بەخشیوە. بگرە دایکی وەها هەبووە (وەك دایکە عایشە) لە یەك کات و لە یەك سەنگەر و بە یەك چرکە، سێ کوڕی قارەمانی لە شەڕی تیرۆرستانی داعشدا شەهیدبوون، کەچی دەیگوت سێ کوڕی تریشم ماون، ئەوانیش بە قوربانی خاکی کوردستان بن. دایکانی کورد، شان بە شانی باوکانی کورد، لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ڕۆڵێکی گرنگ و هاوکاریان بینیوە، لە پاڵپشتی خەبات و تێکۆشان و سەرکەوتنی شۆڕشدا، بۆیە ژنانی کورد بە گشتی، نموونەی خۆڕاگریی و هێز و وەرەن لە ژیاندا. وێنەی دایکانی کورد بە گشتی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، لە پاڵ وێنەی ژنێکی ئازا و چاو نەترس، هاوکات هێمای قوربانیدان و خەم ناسۆری بوونە، لە سۆنگەی ئەو مێژووە سیاسییەی ئێمە هەمانە، بۆیە پێگە و وێنەیەکی پیرۆز و بەرزیان لە شیعر و ئەدەبیات بە گشتی هەیە. کە بە شکۆ و بەرزییەوە ناویان دەهێنرێت. پەشێویش لە شیعری (دایك) دا، ژنانی کورد لە سەرووی هەموو ژنانی جیهانەوە دەبینێت و بڕوای وایە ئەوان لە ڕووی خۆڕاگریی و نائومێدی و ستەمی ژیانەوە، هاوشێوەی هیچ ژنێکی دنیا نینەو کاتێ بەراوردیان دەکەین، دەبینین ژنی کورد هاوشانی پیاو، بە درێژایی مێژووی سیاسی نەتەوەیی ئێمە، لە ژێر

ستەم و چەوسانەوەی سیاسی دابوونە و هەمیشە جەرگ سووتاو و چاو بە فرمێسك بوونە. بۆیە دەبێت بە شانازییەوە لە بەر پێیانەوە خۆ بچەمێنین و  شانازی بەوە بکەین، کە دایکانی ئێمە لەو شێوەین، چونکە دایکبوون لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی  ئێمەدا، نەك هەر سەخت و دژوارە، بەڵکو مایەی لەدەستدانی بەردەوامی ڕۆڵەکانیشیانە، کە هەمیشە گیانی خۆیان لە پێناو ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەیان بەخت کردووە . بۆیە شایەنی ئەوەن، بۆیان بنوشتێینەوە، وەك ئەوەی پەشێو لە شیعری (دایك)دا دەڵێت:_

**بۆ جەمیلە سەردادەخەم**

**بۆ ژاندراك و تریشکۆفە سەردادەخەم**

**بەڵام ژنێك لە خاکی پڕ مەرگی مندا**

**پێ لە جەرگی خۆی بنێت و ببێ بە داك**

**لە بەر پێیدا کڕنۆش دەبەم**

**ناوچاوانم دەسووم لە خاك**

دایکایەتی بە درێژایی مێژوو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هێندە سەخت بووە، بە جۆرێك بە ئێستاشەوە وەك ئەوە وایە ژنێك پێ بە جەرگی خۆیەوە بنێت، چونکە دەزانن و دڵنیان  کە سەرەنجام چارەنووسی ئەو هەستی دایکایەتییە، جگە لە خەم و ژان و لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان هیچی تر نییە. بۆیە شاعیر دایکایەتی بە تاقیکردنەوەیەکی گەورەو مێژوویی و پڕ لە ئازار وێنا دەکات، کە تاقیکردنەوەیەکە هاوشێوەی مێژوو، ئەزموونی خەبات و هەستی ژنێتی هیچ ژنێکی جیهان نییە. ئەگەر لە مێژووی وڵاتان، تەنها تریشکۆفە و جەمیلەیەك هەبن، ئەوا لە مێژووی ئێمەدا، هەموو دایکێك نموونەی ئەو دوو ژنەن، بگرە لە

ئاستی ئەوان بالاتریشن، چونکە پەشێوی شاعیر بە جۆرێك بۆیان دە چەمێتەوە، کە نێو چەوانی دەسوێ لە خاك. لە سایەی دایکانی ئێمەوەیە، کە ڕۆڵەکانیان، کە بە ئازارترین ڕووداوە لە ژیانییان، دەبەخشن تەنانەت بە ئێستاشەوە. من کاتێ سەرقاڵی نووسینی ئەو وتارە و سەرنجدان لەو شیعرەی پەشێو بووم، کە چەند بە گەورەیەوە لە دایکانی کورد دەڕوانێت، هەمان ئەو ڕۆژە، چوار پێشمەرگەی قارەمان، بە دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، لە چیای قەرەچووغ ، لە پێناو بەرگریی لە خاکی کوردستان شەهید بوون. ئەمە مانای وایە تا مێژووی ئێمە بمێنێت، دایکانی کورد بە داخەوە هەر دەبێ جەرگ سووتاو و فرمێسك لە چاو بن. خواستێك و واقیعێکی سیاسی کە لە دەرەوەی خەون و ئامانجی ئێمەیە، بەڵکو بە داخەوە واقیعێکە دوژمنان بە سەریاندا سەپاندووین. دەنا نە کورد هێندە مەرگدۆست و گەلێکی شەڕخوازە، نە دایکانی کوردیش ئارەزووی ئەوە دەکەن بەردەوام ڕۆڵەکانیان لە دەست بدەن و جەرگ سووتاو بن، کە مەرگەساتترین و پڕ ئازارترین ڕووداوە لە ژیانی ئەواندا، بەڵام کاتێ دوژمنان لە ڕقی دوژمنانەی خۆیان ناکەون و بەردەوام مەبەستیانە کورد لە نێو بەرن، ئەوا بەرگریکردن لە خاك و پیرۆزییەکانی نیشتمان، ئەو واقیعە دێنێتە پێش ، کە دایکان ڕۆڵەکانییان ببەخشن. ئەگەر خوێنی ڕۆڵەی ئەوان نەبێت، کێ دەتوانێت بە ئازادی و سەربەستی و شکۆمەندانە لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان بژیت؟

# کەرێکی قسەکەر

دێوەرەو کەر، یەکێکی دیکەیە لە شیعرە سادە و جوان و پڕ ماناکانی پەشێو، کە چیرۆکی نێوان کەرێك و خاوەنەکەی، لە گەشتێکی درێژدا باس دەکات. کاتێ ڕێگرەکان دێنە سەر ڕێیان و دەیانەوێت خاوەنی کەرەکە ڕووتبکەنەوە. لە کۆندا، بە تایبەتیش لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە زۆر جار باپیرەم بۆی گێڕاومەتەوە، کاتێ کاروانچییەکان بارەکانییان لە نێوان گوندەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات ئاڵوگۆڕ دەکردوو شمەك و کەلوپەلیان دەهێنا و دەگۆڕییەوە بۆنموونە وەك ( گەنم بە چا و شەکر ) ڕێگرەکان دەهاتنە سەر ڕێی کاروانچییەکان و هەرچی باروکەلوپەل هەبوو، لێیان دەستاندن و بەڕەلایان دەکردن. لە شیعری (دێوەرە و کەر)دا، شاعیر ئاماژە بەو ڕووداوە مێژووییانە دەکات، بەڵام لە پەراوێزی ئەو ڕووداوەوە ئەو پەیوەندییەی نێوان گیانەوەرێك بە خاوەنەکەی دەبەستێتەوە نیشان دەدات. پەشێو دەیەوێت ڕەخنە لە ئەقڵی نا ئاژەڵدۆستییانەی مرۆڤ بگرێت، کە تەنێ لە ڕوانگەیەکی ئاژەڵییانە و بەرژەوەندییانە دەڕواننە گیانەوەران و وا دەزانن کە زمان و ئاوەزیان نەبوو، ئیدی هەست بە ئازار ناکەن. بۆیە لە پەراوێزی دێوەرە و کەرەکە، شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن مرۆڤ بەرژەوەندییانە و هەلپەرستانە، دوور لە هەموو هەست و سۆزێکی مرۆییانە بەرانبەر بە ئاژەڵ هەڵسوکەوت دەکات، بە تایبەتیش کەر، کە ملیۆنان ساڵە لە خزمەت مرۆڤدایە. مرۆڤەکان، تا ئەو کاتەی کاریان بە کەرەکانیانە، ئاخوڕی

گەرم و ئالیکی باشیان دەدەنێ، بەڵام کاتێ لە کار دەکەون و دەچنە نێو تەمەنەوە، بەڕەلایان دەکەن و بە سەرماو گەرما، لە دەشت و دۆڵ و شاخەکاندا تەنها دەمێننەوە، تا لە شەوێکدا گورگ زەفەریان پێ دەبات و دەیانخوات. لە دەسپێکی شیعرەکەیدا شاعیر دەڵێت:_

**دێوەرەیەك بە سواری کەر**

**ڕێیەکی دووری گرتەبەر**

**نەیهێڵا کەر بدا بێنێ**

**تا ڕێیان کەوتە بژوێنێ**

دێوەرەکە، گوێ بەوە نادات کە کەری ماندوو، پێویستی بە حەسانەوەیە یان نا، بۆیە نایەڵێت پشووێك بدات. لێرەدا هەر تەنها خاوەنداریەتی مرۆڤ بۆ گیانەوەران بە گشتی پیشان نادات، بەڵکو نەبوونی ئەو ئەقڵە ئاژەڵدۆستییەش ڕەخنە دەکات کە مرۆڤ هەیەتی. بەو مانایەی باڵادەستی خۆی، بە سەر بەستەزمانێکی وەك کەر پیشان دەدات و بەلایەوە گرنگ نییە ماندووە، دەیەوێت پشووێکی کورت بدات، تەنها ئەوەی مەبەستە بارەکەی بگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە دەیەوێت. بۆیە لە بارکردن و ڕێکردنی کەرەکەی بەردەوام دەبێت، تا لە شوێنێکی سەوز و بژوێندا لا دەدەن.

**کەر کە دیتی لەو ناوە**

**گیاوگۆڵ سەری پێکەوە ناوە**

**بەزەڕە زەڕو غارە غار**

**ئەم ناوەی گشت کردە بەهار**

شاعیر لێرەدا، ڕەهەندی کەربوونی ئەو کەرەی زۆر بە جوانی وەسف کردووە، بەو مانایەی کاتێ گوێدرێژ دەگاتە گیاوگۆڵ و لەوەڕی سەوز و

خۆش، ئیدی ئەگەر وەرز بەهاریش نەبێت، ئەوا لای ئەو وەك بەهاری لێ دێت. هەر چەندە گیانەوەران بێگومان ئاوەزیان نییە تا درك بە وەرزەکان بکەن، بەڵام لێرەدا، وێنە شیعرییەکە دەربڕینێکی ئیدیۆمییە، بەو مانایەی دەگوترێت بۆ کەر هەموو کات هەر بەهارە. کەرەکە دەست بە لەوەڕ دەکات و دێوەرەش پشووێکی کورت دەدات، لە پڕ گوێی لە دەنگە دەنگێگ دەبێت وگومان دەکات ئەوانە ڕێگر بن، بۆیە ترسێکی زۆر دایدەگرێت و ڕوو لە کەرەکەی دەکات ودەیدوێنێ و پێی دەڵێت:_

**لە پڕ خاوەن کەری زۆرزان**

**هەستی کرد وا لەودیو تەلان**

**هەراو هۆریا ودەنگە دەنگە**

**ئیتر زانی کاری لەنگە**

**گوتی کەرەگیان گوێ بگرە**

**ئەودەنگەدەنگی ڕێگرە**

**هەتا زووە با بارت کەم**

**لە ڕێگران ڕزگارت کەم**

دێوەرەکە، کاتێ هەست بەو ترسە دەکات، ئیدی لە خەمی ئەوە دانییە کەرەکەی ڕزگار بکات و وەك ئاژەڵدۆستێك دەربکەوێت، بەڵکو لە خەمی بارەکەی دایە و گرنگ نییە کەرەکە چی لێ دێت، ئەوە گرنگە بارەکەی ڕزگار بکات، لە کاتێکدا ئەگەر کەرەکە نەبووایە ئەو بارەش نەدەبوو، چونکە بە پشتی ئەو هاتووە. بەمەش شاعیر دیسانەوە، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیانەوەران بە گشتی پیشان دەدات و ڕەخنە لەو ئەقڵیەتە نا ئاژەڵدۆستییە دەگرێت کە هەیانە. ئەگەر بارەکە

نەبووایە، دێوەرەکە باکی بەوە نەبوو کەرەکەی گورگ دەیخوات، جێدەمێنێ یاخود نا. کەرەش لە وەڵامی ئەو ترسەی دێوەرەکەدا، دەداتە قاقای پێکەنین و وەك ئەوەی گاڵتەی بەو ترس و گومانە بێت و بە توانج و شۆخییەوە گەمە بە خاوەنەکەی دەکات، کە چۆن هێندە ترسنۆکە، لە کاتێکدا بۆ ئەو زاڵمە. کەرەکە وەك ئەو نە دەترسێت، نەخۆشی لە بژوێن دەکات، بەڵکو بە گاڵتە پێکردنەوە دێتە قسە. شاعیر لێرەدا و لە سەرەتای شیعرەکەش، بە هۆی لادانی واتاییەوە سیفەتی مرۆڤ بە کەر دەدات کە ئەویش قسەکردنە، نەك هەر ئەمە تەنانەت جۆرێك لە هوشیاریی و درککردنیش بە کەرەکە دەدات و هەموو ئەمانەش وا دەکەن کەرەکە وەڵامێکی زۆر لۆژیکی و پڕ مانای دێوەرەکە بداتەوە پێی بڵێت، چەوسانەوە و ستەم، دیلی و ڕەنجەڕۆیی، بێ دادیی و ستەمکاری، لە هەر شوێن و جێگەیەك بن، بەرانبەر مرۆڤ یان گیانەوەران بێت، تەنها یەك ڕەنگی هەیە، ئەویش چەوسانەوەیە. مادام کەرەکە بۆ بارکردنە، ئەو بارکردنەش بۆ مرۆڤە و مرۆڤیش بوونەوەرێکی دڵڕەق و بێ ویژدانە لە ئاست ئاژەڵ، ئیدی گرنگ نییە ئەو کەرە کەری هەرکێ بێت، کەسێکی بە دەسەڵات یان بێ دەسەڵات، جەردە و ڕێگر یان مرۆڤێکی ئاسایی، لێرە بێت یان لە هەر سووچێکی ئەم دنیایە بێت. لێرەوەش کەرەکە کە وەك گوتمان جۆرێك لە خەسڵەتی مرۆڤی پێ دراوە و لەگەڵ دێوەرەکە گفتوگۆ دەکات و ڕاز و نیازیان دەگۆڕنەوە، دەزانێت ڕێگرەکە کاری بەو نییە، بەڵکو دێوەرەکە ڕووت دەکاتەوە و مەبەستی بارەکەیە نەك کەرەکە، بۆیە بە جۆرە گاڵتەکردنێکەوە وەڵامی ئەو داوایەی هاوسەفەرەکەی دەداتەوە و دەڵێت:_

**کەر دایە قاقای پێکەنین**

**گوتی قوربان هاوڕێی شیرین**

**بارەکەی من لە خۆت بارکە**

**هەتا زووە خۆت ڕزگار کە**

**کە من کەر بم بارە بەربم**

**کورتان لە پشت هەش بە سەر بم**

**فەرقی چییە دەرد هەر دەردە**

**کەری تۆ بم یان هی جەردە**

مادامەکێ، ئازار و تێ هەڵدان و ماندووەتی و سەفەری کەرەکە، هەر هەبێت، ئیدی ئەو کەرە کەری ئەو بێت یان هی هەر کەسێکی دیکە، دواجار ئەو هەر هەش بەسەر و بارەبەرە، ئیدی کەری کوێخا، یان گەدا بێت. پەشێو لەو شیعرەی، وێرای ئەوەی ڕەخنە لە ئەقڵ و مامەڵەی مرۆڤ بەرانبەر بە کەر وەك ئاژەڵێك دەگرێت، هاوکات دەیەوێت ئەوەش بگەیەنێت کە چەوسانەوە، ستەم و ژێر دەستی، لەلایەن هەر کەس و شوێنێکەوە بێت هەریەکە، ئەمە وێرای ئەوەی ناڕاستەوخۆ لە پێگەی مرۆڤ دەدات، کە چۆن دەسەڵاتی بەسەر کەرێکی بەستەزمانەوە هەیە و ڕێگە نادات بە ئازادی خۆی لە کوێ مەبەستی بوو بلەوەڕێت، کەچی هەمان ئەو مرۆڤە، کاتێ هەست بە ترسی هاوشوناسەکەی دەکات، دەشۆکێت و ترس و دوودڵی دایدەگرێت و نازانێت چۆن خۆی لەدەستی ڕێگران ڕزگار بکات. کە ئەمەش دیسانەوە ڕەخنەگرتنە لە شوناسی پیاوبوون، بەوەی کە هەندێکیان چەند ترسنۆکن بۆ مرۆڤ و چەند ئازاو پاڵەوانیشن بۆ گیانەوەران.

# هەمووان لەگەڵ پەشێودا

لە سەردەمی ڕژێمی فاشی بەعس و پێشووتریش، کە عێراق ببووە زیندانێکی گەورە بۆ ئازادیخوازان، بە هەزاران تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ لە نێو زیندانەکانی ئەو ڕژێمەدا، لە سێدارە دەدران. بەرلە کوشتنیان، بە جۆرەها شێوەی هۆڤیانە و لە ڕێگەی جۆرەها ئەزموونی ئەشکەنجەوە، کە مرۆڤایەتی تیادا شەرمەزار دەبوو، ئەشکەنجە دەدران. بەشێك لەو ئازادیخوازانە، سەربەرزانە خۆیان ڕادەگرت و هیچ دانپیانانێکیان لە سەر هاوسەنگەر و هاوڕێکخستنەکانیان نەدەکرد. بەشێکی زۆریشیان، دەدۆڕان و دواجار بە شەرم و سەر نزمییەوە لە زیندان ئازاد دەبوون ، وەلێ لە بەرانبەر ئەو ئازادبوونەدا، تا هەتایە شوناسی کۆمەڵایەتی و خێزانی و کەسی خۆیان لە دەست دەداو بوێری ئەوەیان نەبوو، تا مردن بە شکۆمەندی و سەربەرزییەوە بژین. بێگومان ئێمە لێرەدا لە بارەی پاکانە و پاکانەکردن، زیندان و ئەشکەنجەکانی نێوی نادوێین، کە پارساڵ لە نامیلکە شیعری ( شاعیر دەمرێت شیعر نا ) لە پەراوێزی شیعرە مێژووییەکەی موزەفەر نەواب، بە ناوی (پاکانە) بە وردی دواوین و قسەمان لە سەر پاکانە کردووە، تەنێ مەبەستمانە ئیستێك لە ئاست شیعری (پێ لێنان) ی پەشێو بکەین، کاتێ داوا لە کەسی نێو شیعرەکە دەکەن، دان بەوە دابنێت و ئیعتراف بکات کێی لەگەڵ دایە، ناوی ئەندامانی شانەکەی بدرکێنێت. پەشێو لەو شیعرەیدا، سرووشتی بەرگریی و یاخیبوون ، بە سرووشت دەکات و ئەوە هەر تەنها مرۆڤێك نییە بە تەنها، تا بە ئاسانی ناوی بێنێت،

بەڵکو هەرچی مرۆڤ و بوونەوەر و توخمی سرووشت هەیە لەگەڵ ئەون، ئیدی ئەو ناوی کێ بڵێت؟ مەگەر یەك و دووانن؟ مەگەر ناوی ملیۆن کەس کە ئەندامن لە شانەیەك دەهێنرێت و بە ئاسانی دەگوترێت؟ لەدەسپێکی شیعرەکەیدا شاعیر دەڵێت:_

**کێت لەگەڵدایە تەرەس**

**کێت لە گەڵدایە سەگباب**

پەشێو بە زمانی جەلادەکانی نێو زیندان دەدوێت. زۆرجار وێنە و دەستەواژەی توندوو زبر لە بەشێکی شیعرەکانی پەشێو دەبینین، بەلاَم ئەمە زمانی بکەری نێو شیعرەکانە و ئەوان بەو شێوەیە دەدوێن و ئەوە زمانی خۆرسکی ئەوانە. ئەمە پەشێو نییە بە مرۆڤ دەڵێت تەرەس و گەواد ، ئەمە جەلادەکانی نێو زیندانن بەو زمانە بازاڕییە، مرۆڤ ناچار دەکەن دان بەوەدابنێت کە ئەوان مەبەستییانە، بگرە زمانی لەوەتوندتروو بێ مۆڕاڵتریش لەوەیان هەبوو. لە وەلاَمی ئەو زمانەی ئەواندا، بکەری نێو زیندانەکە بە زمانێکی مۆڕاڵی و شکۆ و ڕێزەوە، وەلاَمیان دەداتەوە و وێرای ئەو ئازار و ئەشکەنجەی دەیدەن، کەچی ئەو بە جەناب بانگیان دەکات و داوا دەکات لێی نەدەن. بۆیە زیندانییەکە  وەلاَمیان دەداتەوە و پێیان دەڵێت:_

**ئێستا دانی پیا دەنێم**

**بەسە لێم مەدە جەناب**

جەناب لێرەدا، بە مانای شکۆمەندی و ڕێز نییە کە ئەوان هەیانە، چونکە کەسێك زمانەکەی تەرەس و گەوادی تێدا بێت، شیاوی ئەوە نییە بە جەناب بانگ بکرێت، کە پتر هێمای ڕێزە، نەك گەورەیی، بەلاَم ئەم بۆچی پێیان دەڵێت جەناب؟ لێرەدا زمان دەبێتە ئامرازی

جیاکردنەوەی ئەو دوو توخمە لە مرۆڤ کە یەکێکیان جەلادی نێو زیندان و ئەویتریش قوربانییەکەن. قوربانییەکە ئاکار و زمانی ڕێگەی ئەوەی پێ نادات بە زمانی ئەوان بدوێت، بۆیە دەیەوێت بە زمانی خۆی تەریقیان بکاتەوە و ناڕاستەوخۆ پێیان بڵێت، ئێوە کوا مرۆڤن و چیتان لە مرۆڤ دەچێت، کەسێك چێژ لە ئازار و ئەشکەنجەدانی هاوڕەگەزەکەی وەربگرێت، شیاوی ئەوەیە پێی بگوترێت جەناب؟ پاشان ئێوە داوای دان پیانان لە کێ دەکەن، لە کاتێکدا ملیۆنان کەس ئەندامی شانەکەی ئەون و لەگەڵ ئەودان، بۆیە کاتێ پێیان دەڵێت بووەستن پێتان دەڵێم کێم لەگەڵە، وا هەست دەکەن ئەو ناوی هەموو ئەوانە دەدرکێنێت کە مەبەستیانە، تاکولە ڕێگەی ئەوەوە ئەوانیش بگرن ، بەلاّم بە پێچەوانەوە، شاعیر بە جۆرێك وەلاّمیان دەداتەوە، کە گوزارشت لە خۆڕاگریی و بەرەنگاربوونەوەی زیاتر دەکات و پێیان دەڵێت کەی توانیتان ئەو هەموو کەسە بگرن، ئەو کاتیش دەتوانم ناوی ئەوانتان پێ بڵێم کە ئەندامی شانەکەمن، هەر وەك دەڵێت:_

**ئاوی چەم و ڕووباران**

**داری شیو و کەناران**

**دڕندەی دەشت و شاخان**

**فڕندەی ڕەزو باخان**

**تەمی دۆڵ کوچکی بەستان**

**بای گەرمێن بەفری کوێستان**

**ملیۆنان دیلی زیندان**

**زیندانی شاروگوندان**

**ئەندامی شانەکەمن**

هەموو دەنگێکی ئازادیخواز، ئەگەر لە شانەی ئەو و لە نەتەوەی ئەویش نەبێت، ئەوا ئەندامی شانەکەی ئەون. بەمەش شاعیر دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە ستەم و چەوسانەوە لە هەر سووچێکی ئەم دنیایە بێت، هەمان جەلاد و قوربانی هەن، بۆیە دەبێت بە گژ ستەم دابچینەوە. ئەو بە تەنها نییە، یاخود چوار پێنج کەسێکی لەگەڵ دانییە، تا بە ئاسانی ناویان بدات، بەڵکو هەرچی توخمی سرووشت و مرۆڤی ئازادیخوازو دەنگی کپکراوی نێو زیندانەکانن، ئەندامی شانەکەی ئەون. کەواتا چۆن دەتوانێت ناوی ئەو هەموو کەسانە بدات؟ نەخێر سەرەنجام ئەوان نائومێد دەبن و بکەری نێو زیندانەکەش دەبێتە هێمای ئازادیی و خۆڕاگریی نەتەوەیەك بە مرۆڤ و سرووشت و هەموو پێکهێنەرەکانییەوە. بێگومان لە مێژووی سیاسی و شۆڕشگێڕیی ئێمەدا، کەم نەبوون ئەو خۆڕاگر و قارەمانانەی وێرای جۆرەها ئەشکەنجە و ئازاری هۆڤیانەی نێو زیندان، کەچی نەبەزین و بە گژ جەلادەکانی زیندان هاتنەوە و بە سەربەرزییەوە ئەو تاقیکردنەوەیان تێپەڕاند و بە داخەوە هەزارانیشیان لە سۆنگەی ئەو خۆڕاگرییەوە لە سێدارە دران، بەڵام ئەوان تا هەتایە، ناو و مێژوویان بە نەمری و جوانی و سەربەرزی مایەوە و لەدڵی هاوسەنگەر و هاوبیرەکانییان، هەمیشە زیندوون و نەمردوون.

# هێزی فرمێسکی ژن

بێگومان هیچ مرۆڤێك نییه به جۆرێك له جۆرەكان و بۆ ساتێك له ژیانیدا، به هۆی ڕووداو و كارەساتێكی دڵتەزێنەوە نەگریا بێت. گریان بەشێكە لە سرووشتی سایكۆلۆژی و بایۆلۆژییانەی هەموو مرۆڤێك و مرۆڤیش بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە و پێكهاتەیەكە لە هەست و سۆز و ئاوەز و ماكەكان، بۆیە زۆر ئاسایە بگری. ئەگەرچی لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، گریانی پیاو وەك جۆرێك لە شوورەی كۆمەڵایەتی دەبینرێت، بەو مانایەی ئاساییە ژن بگریت، بە لاَم دەبێ پیاو خۆڕاگر بێت، بۆ ئەوەی ماهییەتی پیاوبوونی خۆی بۆ هەمووان دەربخات و بسەلمێنێت. گریان هەر تەنها خاڵی كردنەوەی كەف و كوڵێكی ناخی نییە، بەڵكو ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە ڕوحی و كەسی و دەروونییەیە، كە مرۆڤ هەیەتی و لە بەریەككەوتن دابووە لە گەڵ ڕووداوێك یان كارەساتێك. دیارە لێرەدا مەبەستمان ئەو گریانە نییە، كە بە هۆی دڵخۆشی و سەركەوتنەوە دەبینرێت و ڕوودەدات، چونكە بە بڕوای من، هەموو ڕەهەند و دەلالەتەكانی گریان، لەو كەشە غەمگینییە دایە كە مرۆڤ تێی دەكەوێت و هەرگیزاو هەرگیز، گریانی سەركەوتن و خۆشی، بەراورد ناكرێت بە گریانی دڵتەنگی و هەبوونی خەمێكی گەورە و قووڵ. گریان لە كەیەوە دروست بووە؟ یەكەم مرۆڤ كە گریاوە كێ بووە ؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، كە ڕەنگە تا ئێستاش بێ وەلاَم مابنەوە. دیاریكردنی مێژوویێك بۆ گریان، ساغكردنەوەی مێژوویی و بگرە سرووتیشی دەوێت، چونكە گریان وابەستەی هەر یەك لەو

ڕووانەی ژیانە. ڕەنگە لەو کاتەی مرۆڤ درکی کردووە و هوشیار بۆتەوە، کارەسات و ڕووداوەکان کاریان لێ کردووە، ئیدی گریانی هاتووە. دەگوترێت ئادەم دوای ئەوەی سێوەکەی خواردوو هەڵەی کرد، ئەوەندە داوای پارانەوەی لەخوا کردوو گریا، تا نوقمی فرمێسکەکانی بوو، خودای گەورەش لێی بووری، بەو مەرجەی دەبێ بچنە سەر زەوی و بەهەشت جێبێڵن. بێگومان هەمیشە جیاوازی لە نێوان گریانی ژن و پیاو دەکرێت، ڕەگەزی مێ، بە سرووشت ڕۆمانسیتر و هەست ناسکترن، بۆیە زوو زوودەگرین. گریان بەهێزترین چەکی دەستی ژنە و هیچ کەسێك لە بەرانبەر فرمێسکەکانی خۆی ڕاناگرێت، جا ئەگەر ئەو گریانە ڕاستەقینە، یاخود فریودەرانەش بیت و جۆرێك لە ناز و مەکر و سیناریۆ بێت. پیاوان، هەمیشە دەکەونە ژێر کاریگەریەتی فرمێسکی ژنان و زۆر جار ئەو فرمێسکانە، پەناو هێزی ڕزگارکردنی ژنە، لە لێ دان و تووڕەیی پیاو. ئەمە وێرای ئەوەی گریانی ژن، گریانێکی ناخەکییە و دەشێ بۆ هەموو شتێك و لە بەرانبەر هەموو ڕووداوێك و دڵتەنگییەك، بگرین و بە گریان خەفەتی پەنگخواردووی ناخی خۆیان دامرکێننەوە و هەست بە ئاسوودەیی بکەن. هەر چۆنێك بێت، فرمێسکی ژن، دەتوانێت بە جۆرێك تێگەیشتن و هەست و نەستی پیاو بگۆڕێت، کە ڕوانگە و بیرکردنەوەی لە بەرانبەر کردەوەیەك و تووڕەیەك و بڕیارێك، بگۆڕێت و پاشگەزی بکاتەوە. لە شیعری (بڕیار)دا، فرمێسکی ژن، هەستێك لای پەشێو دروست دەکات، کە پاشگەزی بکاتەوە لە هەموو ئەو بڕیارانەی داویەتی و ئەو هەڵوێستانەی نواندوویەتی، کاتێ بڕیار دەدات، ئیدی واز لە خۆشەویستی ئەو بێنێت، بە تەنها فرمێسکێکی ئەو بەسە بۆ ئەوەی

شاعیر لەو بڕیارە پاشگەز بکاتەوە. لە دەسپێکی شیعرەکەدا، شاعیر دەڵێت:_

**بڕیار بوو پێشێل بکەم دڵداریت**

**بپچڕێنم ژێی سۆزی یادگاریت**

**تا تێکەڵ گیانی یەزدان نەبمەوە**

**بۆ نێو پەرستگەی چاوت نەچمەوە**

**بڕیار بوو کەوا ئاگرێکی خۆش**

**پەیامەکانت گشت بگرێتە کۆش**

شاعیر، بڕیاری ئەوەی داوە بۆ هەتایە، تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت و گیانی تێکەڵی خاك دەبێتەوە، ئەو لە بیر خۆی بباتەوە و دڵداریەکەی پێشێل بکات. هەموو ئەو ژێیانەی وەك تەلی بچووك سۆز و یادگارییەکانی بە ئەو دەبەستنەوە بپچڕێنێت. جارێکی دیکە نەچێتەوە نێو پەرستگەی چاوی. هەموو ئەو پەیامانەش کە لە شێوەی نامە و ڕاز و نیازی نێو ژووانە نهێنییەکان، کە لە نێوانییان هەبووە، لە ڕێگەی ئاگرێکی بە نێڵە و بلێسەدار بسووتێنێت. ئەمانە لە سەرەتادا بڕیاری شاعیر بوونە. هەڵبەتە بیر و ڕازێکیش نابێتە بڕیار. ئەگەر پێشتر بیری لێ نەکرابێتەوە و گەڵاڵە نەکرابێت، بۆیە شاعیر لە سەرەتاوە خۆی یەکلاییکردۆتەوە، کە ئیدی دڵداری ئەو پێشێل بکات، بەڵام ئەمانە تەنها بڕیاربوونەو نەبوونەتە کردار و لە زەمینەی واقیعدا تاقینەکراونەتەوە. وەك ئەوەی مرۆڤ بڕیار دەدات کە کارێك بکات، بەڵام هێشتا نەیکردووە. شاعیریش لە خەیاڵی خۆیدا، بڕیاری ئەوەی داوە، کە پشت بکاتە ئەو خۆشەویستییەوە کاتێ دەچێتە ژووانی ئەو، ئەمەی پێ بڵێت، بەڵام کاتێ ڕووبەڕووی نیگای ئەو دەبێتەوە، کاتێ

ئەو دەگریت و شاعیریش فرمێسکەکانی دەبینێت، ئیدی سەدو هەشتا پلە تێگەیشتنی دەگۆڕێت و پاشگەز دەبێتەوە، لەو بڕیارانەی کەوا نیازی وابووە بیانکاتە کردار. بۆیە بێ ئەوەی توانا و هێزی ئەوەی هەبێت ئەوەی بڕیاری لێ داوە جێبەجێیان بکات، بە پێچەوانەوە لە بەردەم فرمێسکی ئەو، بە چۆك دادێت و پاشگەز دەبێتەوە و ناتوانێت دەستبەرداری بێت. ئەم پەڕۆشییەی ئەو، ئەم نزاو پاڕانەوەیە، تەنها لە ڕێگەی یەك فرمێسکەوە گوزارشتی لێ دەکرێت. لەو سۆنگەیەشەوە کاتێ شاعیر فرمێسکی ئەو دەبینێت، هەستێکی دیکەی بۆ دروست دەبێت، بۆیە پێی دەڵێت:_

**بەڵام تنۆکە فرمێسکی ئەمجارەت**

**وای کرد گۆرانی بڵێمەوە بۆت**

**لە جاران پتر بەندەی جوانیت بم**

**شاعیری بزەی کامەرانیت بم**

لێرەدا، کاریگەریەتی فرمێسکی ژن، لە سەر هەست و نەستی پیاو دەردەکەوێت، کە چۆن لە ڕێگەی چەکی سەرەکی دەستی کە گریانەکەیەتی، نەیارەکەی دەبەزێنێت و دیلی و دەستەمۆی خۆی دەکات کە نەتوانێت لە بەرانبەریدا هیچ بڕیار و کردەیەکی دیکە بکات. بەمەش گریان دەبێتە ئەڵقەی گرێدانەوی دوو خۆشەویست بە یەکتری، کە بڕیار بووە یەکێکیان تاك لایەنە دەستبەرداری ئەو خۆشەویستییە بێت.

## بەر لە کۆتایی:

هەر کاتێك دەمویست کۆتایی بە نووسینی ئەو کتێبە بێنم، کە لە ئێوارەیەکی پاییزیدا دەگەڕامەوە سەر شیعرەکانی پەشێو، ئیدی دیسانەوە شیعرێکی دیکەی کەمەندکێشی دەکردم، بە جۆرێك کە دەتوانم بڵێم چیرۆکی نێوان من و شیعرەکانی پەشێو کۆتایی نەدەهات. من خواستی ئەوەم هەبوو، ئەو کتێبە هێندە گەورە بووایە، شیاو بە گەورەیی ئەم شاعیرە، وەلێ بەداخەوە لە نێو ئێمەی کوردی باشووردا، چونکە خوێنەری بابەت و کتێبی درێژ نەماوە، ئیدی جۆرێك لە خوێنەری سادە و ڕاگوزەر و بیر نەکەرەوە دروست بووە، کە تەنێ هەڵوەستە دەکات و قووڵ نابێتەوە لە نووسین. ئەگەرچی خوێنەرێك شوناسی (خوێنەربوون) ی هەڵگرتبێت بە مانا خوێنەریەکەی، ئەوا لە کورت و درێژیی و گەورەیی قەبارە و لاپەڕەکانی کتێبێك ناپرسێت، بەڵکو دواجار خوێنەنەوەکە لای ئەو ئامانجە. بە داخەوە ئەمە ڕاستییەکە کە باسم کرد و کارەسات لەوە دایە، خۆ بە نووسەر و شاعیر و ڕۆماننووس زانانیش، حەوسەڵەی خوێنەوەی بابەتی درێژیان نەماوە و ئێستا بوونەتە نووسەری نێو فەیسبووك و کۆمێنتچی و پێوەری شیعری داهێنەرانە و جوان، کۆمێنتەکانی فەیسبووکە نەك ڕەخنە و توێژینەوە. ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو هۆکارانەی وایکرد کە بابەتەکانی ئەم کتێبە، کورت و پوخت بن. پەشێو هەر تەنها هێمای شاعیرێکی دیار و کوردستانییانە نییە لای من، بەڵکو یادەوەریی ڕۆژگارێکی پڕ لە نائومێدی و دڵشکان و

ناکامیشه، که هەر کاتێك شیعرەکانی دەخوێنمەوە، که زۆربەیانم له بەرە، خەیاڵم دەمباتەوە ئەو ڕۆژگارەی وێرای ئەوەی هەژار و نەدار، دڵشکاو و بێ دەرەتان، عاشقێکی ناکام بووم، بەڵام چێژیشم له ژیان وەردەگرت، به پێچەوانەی ئێستا که هەموو شتێکم هەیە، بەختەوەری و ئاسوودەیی ڕوحی نەبێت. پەیوەندی نێوان من و ئەو شاعیرە، پەیوەندی زەمەن و قۆناغێکە و هەر تەنها له پەیوەندی خوێنەر و شیعرەکانی شاعیرێك کورت نابێتەوە، وەك ئەوەی لای خوێنەرەکانی دیکەی هەر شاعیرێك دەبینرێت، که دوای خوێندنەوەی شیعرەکانییان، ئەو پەیوەندییەش نامێنێت. پەشێو له ئێستادا، به هۆی چوونه نێو تەمەن و پیرییەوە، ئەو توانا و گڕو تینه شیعرییەی جارانی نەماوە. هەندێك جار هەڵوێست و دروشم و تووڕەبوونی شیعرییانه دەنووسێت، بەڵام میراتی شیعری ئەو به تەنها، بەسه بۆ ئەوەی ناو و شوناسی ئەم شاعیرە به نەمری بهێڵێتەوە و هەر کاتێك مەبەستمان بوو، بگەڕێینەوە سەر شیعرەکانی، به تایبەتیش زۆران له شیعره سیاسییەکانی، که هێشتا له پەیام و ناوەڕۆکی خۆیان نەکەوتوون. مەگەر ئێستاش منداڵانی کەرکوك له برسان و بێ خزمەتگوزاری نامرن؟ ئەمه لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، خوێنەران و نووسەرانێکی زۆر، بڕوایان وایه که پەشێو له ڕووی شیعرییەوە تەواو بووە و ئەوەشی که دەینووسێت، هەڵوێسته شیعر و دروشمی سیاسی و خرۆشاوی جەماوەری سادەن، که ناچنه خانەی شیعرەوە. بێگومان نکۆڵی لەوە ناکرێت که پەشێوی ئێستا، له ڕووی کانیاوی شیعرییەوە پەشێوی جاران نییه و نەماوە، بەڵام گرنگه ئەوە بزانین که ئەوە هەر تەنها شیعر نییه، پێگەیەکی مێژوویی، ئەدەبی و جەماوەری دیاری به

پەشێو داوە، مەگەر لە ئەدەبی کوردیدا سەدان شاعیرمان نین؟ کەواتا بۆچی وەك پەشێو نابنە هەڵگری ناوێکی مێژووی گەورە و دیار؟ بۆچی وەك ئەو ناسراو و خۆشەویست نابن؟ پەشێو وەك لە پێشەکی کتێبەکەش ئاماژەم پێکردووە، هەر تەنها شاعیر نییە، بەڵکو ئاکاری شاعیرانە و مرۆڤانەشی هەیە. لە کاتێکدا شاعیرانێك دەبنە بووقی دەسەڵات، لە کاتێکدا شاعیرانێك بۆ پارە و پۆست، پلەو پایە، هەر ڕۆژە خۆیان و شیعرەکانییان بە حزبێکی دیکە لە پێناو پۆست و پارەی زیاتر دەفرۆشن، لە کاتێکدا شاعیرانێك لە شیعرەکانیاندا، هەژاردۆست و باسی ڕەنجی کرێکار دەکەن کەچی ئەرستۆکراتانە دەژین و ڕەنگە نێو ماڵ و خانوو مۆبیلیاتەکانییان بای سەدان گەلا بێت، لە کاتێکدا شاعیرانێك لە شیعردا ئەوپەڕی ژندۆست و ڕۆمانسیانەن کەچی لە ژیانی خێزانی و کۆمەلأیەتی و هاوسەریەتییان کەسێکی دۆڕاو و مێشك داخراو پەتریاکن، لە کاتێکدا شاعیرانێك دنەی لایەنێك لە شەڕی براکوژی بە شیعرەکانیان دەدەن،لە کاتێکدا شاعیرانێك هەڵپەی چوونە نێو فیستیڤاڵەکانییانە و شەڕیانە لەسەر ئەوەی کێ لە تەنشت بەرپرسێك دابنیشێت، ئا لەو کاتانەدا، پەشێو هەر پەشێوە و هیچ زۆنگاوێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیی و کۆمەلأیەتی و ئابووری بۆگەنی ناکات. ئەو هەر شاعیرە پەرێز پاکەکە و بە هەڵوێستەکەیە، کە نە ئایدۆلۆژیا، نە سیاسەت، نە حزبایەتی تەلخ و ناشرینی ناکەن. بۆیە خوێنەرانی شیعری پەشێو، بە تەنها خوێنەرانی شیعرەکانی نین، بەڵکو خوێنەر و جەماوەری هەڵوێست و هەست و پێگەی نەتەوایەتی ئەو شاعیرەشن. ئەو نەیتوانی جارێکی دیکە، بۆ هەمیشە بگەڕێتەوە کوردستان و ئەو نیشتمانە ڕاستەقینەیە ببینێت، کە دەیان ساڵ بوو لە

شیعرەکانیدا خەونی پێوە دەبینی، بۆیە بۆ هەمیشە لە غەریبی مایەوە و ئەوێی کردە دوا هەواری ژیانی، وەلێ دڵنیام نابێتە دوا هەواری گۆڕەکەشی، چونکە ڕوحی ئەو شاعیرە، لە کوردستانەوە دروست بووەو هەر باوەشیش بەو خاکە دەکاتەوە. پەشێو، شاعیرێکی جواننووس و بە هەڵوێست و نەتەوەیی سەردەمی خۆی بوو، کە چەندین نەوەی شیعریی، لە ژێر ساباتی شیعری ئەودا، لە سەرەتای ئەزموونییانەوە، بە هەمان هەناسە و زمان و وێنەی شیعری ئەو دەیاننووسی. ئەوە گرنگ نییە ئێستا پەشێو شیعر دەنووسێت یان نا، باوەڕی بە پەیامی شیعری ماوە یاخود نا، ئەوە گرنگە لە مێژووی شیعری کوردیدا، شاعیرێك هەبووە بە ناوی پەشێو، کە ناو و دەنگێکی دیاری شیعری نەتەوەیی بووە. شاعیرێك بە ئێستاشەوە لەلایەن خەڵك و جەماوەرەوە، ڕێزلێگیراو، بە شکۆو خۆشەویستە، بە هۆی هەڵوێست و شیعرەکانییەوە، بێگومان بۆمنیش زیاتر لەوان خۆشەویسترە، چونکە ڕۆژگارێکم دێنێتەوە یاد، ئێستا ملیۆن جارخۆزگە دەخوازم تێنەپەڕیبایە، بەلاَم کوا زەمەن بەزەیی بە من و شاعیریش دائێتەوە و لەگەڵمان میهرەبان و نەگۆڕ و خاوەن بەڵێن بوو!

سەرنج:

ئەو شیعرانەی لەم کتێبەدا، وەك نموونەی ڕاڤەکردن وەرگیراون، لە هەر دوو دیوانی پەشێو ( پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە ) و ( هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ) چاپی سێیەم _ ساڵی ٢٠٠٨ وەرگیراون.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:_**

★ زمان و شێوەزارەکان/ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.

★ سێبەری وشە/ کۆمەڵە وتار.

★ ڕوانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ شاعیرێك لە نێوان مەرگ و ژیاندا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ گەران بەدوای جیهانێکی دیکەدا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ لە غوربەتی شوێنەوە بۆ غوربەتی ڕوح/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ لەو دیو پەیڤەکانەوە/ لێکۆلینەوەی ئەدەبی.

★ پەیڤەکان دەدوێن/ خوێندنەوە و ڕانانی کتێب.

★ پەروەردەی ڕواندز لە دە ساڵەی تەمەنیدا/ ناساندن.

★ لە سێبەری کتێبدا/ خوێندنەوە و ڕانانی کتێب.

★ کۆرۆنا / کورتە وتار.

★ چالاکییەکانی پەروەردەی ڕواندز.

★ دیدی باو/ لێکۆڵینەوەی شیعریی.

★ لە پێناوی پەروەردەدا/ وتاری پەروەردەیی.

★ شاعیر دەمرێت شیعر نا/ لە بارەی شیعری پاکانەی موزەفەر نەواب.

★ لە ژێر ساباتی شیعری پەشێودا/ خوێندنەوەی شیعرەکانی پەشێو.

*

**سەدیق سەعید ڕواندزی: لە ساڵی ١٩٧٢ لە شارۆچکەی ڕواندز لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە ڕواندز تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٣ _ ١٩٩٤ ، بەشی کوردی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە. لە یەکەم گرووپی قوتابیان بووە، کە دوای کردنەوەی بەشی کوردی بۆ یەکەم جار لە دوای ڕاپەڕین، لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر، لەوبەشە وەرگیراوە. ئێستا لە ڕواندز دادەنیشێت و وەك مامۆستایەکی قۆناغی بنەڕەتی، لە گوندێکی دۆڵی ئاکۆیان، وانە بە قوتابییە چاوگەشەکان دەڵێتەوە.**